خوێندنەوەی
کیسائي
ئەبو حارس و دووری

خزمەتكاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری وەرگێڕان

شێخ نظام الدين يونس عزيز

سلسلة في القراءات القرآنية وعلوم القرآن

الدُّرَرُ الحِسَانُ

في القراءات العشر للقرآن

قـــراءة الكسائي

براوييه أبي الحارث والدوري
من طريق الشاطبية

تقديم

د. عبد الرحمن يوسف الجمل
الشيخ : سعيد صالح زعيمة
الشيخ : جمال إبراهيم القرش

إعداد
خادم القرآن الكريم الدكتور:
أحمد ضيف الله أبوسمهدانة
الجامع للقراءات العشر الصغرى والكبرى
والأربع الشواذ
عضو مشيخة المقارئ الفلسطينية

خوێندنەوەی
کیسائي
ئەبو حارس و دووری

خزمەتکاری قورئانی پیرۆز

د. احمد ضيف اللّه عمر أبو سمهدانه

سەرپەشتیاری وەرگێران

شيخ نظام الدين يونس عزيز

ژمارەی سپاردن

لە هۆبەی سپاردنی کتێب

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

776 لە 2024/7/8

عێراق - هولێر

ليستی سەرپەرشتیاری تەرجەمەكردنی پەرتووك

شێخ هيبت فخري القاضي — **سەرپەرشتیاری زانستی**

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك و گەورەو چوار شاذەكە

خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئیسلامی

يونس عثمان محمد أمين — **پێداچوونەوەی زانستی**

ڕێگە پێدراو لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە زمانی عەرەبی

د. إسماعيل عبد الرحمن عبد الله — **پێداچوونەوەی زمانەوانی**

قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

دكتۆرا لە زمانی ئینگلیزی و زمانەوانی – وەرگێری سوێندخواردوو

ئەندازیار زاهر مزاحم الشريده — **سەرپەرشتیاری چاپ**


قوتابی لە قیرائاتی عەشرەی بچووك

ماستەر لە ئەندازیاری كۆمپیوتەر

مامۆستا صفوان صالح أحمد — **وەرگێڕ**

مامۆستای خوێندنی ئیسلامی

ماستەر لە زانستی ئیسلامی


بسم الله الرحمن الرحيم

قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيْنَٰهُمُ ٱلْكِتَٰبَ يَتْلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ
أُوْلَٰٓئِكَ يُؤْمِنُونَ بِهِۦۗ وَمَن يَكْفُرْ بِهِۦ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ
ٱلْخَٰسِرُونَ ١٢١ ﴾ البقرة: ١٢١

لە عوسمانی کوڕی عەفانەوە (ﷺ) ئەفەرموێ: پێغەمبەری خوا فەرمویەتی:

(خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

(چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆیان فێری قورئان خوێندن ئەکەن و خەلکیش فێر دەکەن)

پێش کەشە بە:

هەمو کەسێك کە مافی هەیە بەسەرمەوە

دایك و باوکم و مامۆستاکانم و شەیخەکانم

هەر کەسیٚ پیتێکی فێرکردوم لە قورئانی پیرۆز

بۆ خەلکی قورئان خوێن ئەوانەی شوێنە بەرزەکان و پلە پیرۆزەکانیان بە دەست هێناوە

بۆ ئەوانەی کە قورئان دەخوێنن وفرمێسکی قورئان حوێندنەکە لە قورگیانە

ئەحمەد

بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان
پێشەکی بە پێنوسی د. عبدالرحمن الجمل

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ئەوەی کە ڕێگای پیرۆزی ئیسلامی نیشان داوین، وچاکەی ئەوەی لەگەڵ کردوین کە باوەڕی پیٚ بەخشیوین، وئێمەی تایبەت مەند کردووە بە ناردنی قورئانی پیرۆز، ڕاسترین و چاکترین کتێبە لە جوانی و بە هێزیدا و چیرۆکەکانی دووبارە ئەبێتەوە، قورئانی پیرۆز ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە، هیدایەت بەخش و ڕەحمەتەو مزگێنیشە بۆ موسلمانان و چاکترین ڕێگاو ڕێبازە، درودو ڕەحمەت بۆ سەر ئەو نێردراوەی کە ڕەحمەت و بەرەکەتە بۆ هەمووو جیهان، گەورەو خۆشەویستمان موحەمەد (ﷺ)، ومیهرەبانی بڕژێ بەسەر خانەوادەو ئەصحاب و شوێن کەوتوانی و ئەوانەی شوێنیان کەوتوون بە چاکە تا ڕۆژی دوایی.

بە دڵنیایەوە خودای مەزن فەرمانی کردووە بە ڕووکردنە قورئانی مەزن بە خوێندنەوەو لەبەر کردن و تێگەیشتن و بیرلێکردنەوەو کارپێکردنی لە زۆر ئایەت لە قورئانی پیرۆز، یەکێك لەو ئایەتانە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَتۡلُونَ كِتَٰبَ ٱللَّهِ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ سِرّٗا وَعَلَانِيَةٗ يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ ٢٩ ﴾ فاطر: ٢٩

وهەروها پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ) ئامۆژگاری کردووین کە خۆمان فێری قورئانی پیرۆز بکەین و کەسانی تریش فێر بکەین، هەر وەك ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)

پەروەردگاری پاك و بێگەرد خەڵکانێکی ئامادەکردووە لە هەموو کات و سەردەمێکدا، هاوکاری کردوون بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، تاوەکو بەڵێنی پەروەردگار بێتە دی لە پاراستنی پەرتوکەکەی. ﴿ إِنَّا نَحۡنُ نَزَّلۡنَا ٱلذِّكۡرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ٩ ﴾الحجر: ٩

ژیانی خۆیانیان تایبەت کردووە بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، وەریان گرتووە، هەروەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) وەری گرتوەو کەسانی دوای خۆی فێرکردووە،

موسلمانانیش لە هەمووو سەردەمێکدا قورئانیان خوێندووە بە خوێندنێکی پاراو وجوان هەر وەك چۆن دابەزیووە، پاشان پێمان گەشتووە بە پاك و بێگەردی دوور لە هەموو هەڵەو کەم و کورتیەك، بە سەنەدێکی نەپچڕاو دەست بە دەست تاوەکو دەگات بە پێغەمبەری خۆشەویستمان(ﷺ).

بە شێوەیەکی گشتی ولأتمان بە تایبەتی گرنگیەکی زۆری داوە بە قورئانی پیرۆز، بە شێوەیەك کە بە هەزارەها ئەزبەرکاری (حافز) قورئانیان تێدا هەڵکەوتووەو لە هەردوو ڕەگەز بە دەیەها هەزار قورئانخوێنیان تێدا هەلکەوتووە، سوپاس بۆ ئەو خودایەی خاوەنی هەمووو فەزل و چاکەیەکە، وسوپاس بۆ ئەو چاکەو میهرەبانیەی لەگەڵ ئێمە کردویەتی، خەریك بوون بە قورئان باشترە لەوەی کە خەڵکی لە مولك و سامان کۆیدەکەنەوە. سوپاس بۆ خودای گەورە، خەڵکی پێش بڕکێ دەکەن بۆ خزمەت کردنی قورئانی پیرۆز، بەمەبەستی دەست کەوتنی خێرو پاداشت.

یەکێك لەوانە برای خۆشەویست دکتۆر ئەحمەد ضەیف الله سەمهدانە، دەستی کردووە بە ئامادەکردنی زنجیرەیەك لە کتێبی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز، تا بیخاتە ژێر دەستی قوتابیانی زانستەکانی قورئانی پیرۆز، ناوی ناوە (الدرر الحسان) لە دە خوێندنەوەکانی قورئان ، تا بەشی هەبێت لەگەڵ هەمووو ئەو کەسانەی کە گرنگی بە قورئانی پیرۆز دەدەن و خەریکی ئەم کارەن، ئاسان کردنی فێربونی قیڕائاتی قورئانی پیرۆز و شارەزاکردنی کەسانی تر، من سەیری ئەم کارەم کرد بۆم دەرکەوت کە ماندوبونێکی زۆر پیرۆزی تێدا بەکار هێناوە، دە خوێندنەوەکانی قورئانی لە خۆ گرتووە بە شێوەیەکی ئاسایی و ئاسان بۆ فێرخوازانی، بە وردبینی و جوان وەرگرتنی.

سەرەتا دەستی کردووە بە باس کردنی بنچینەکانی خوێندنەوەی قاریئەکە، ئەوەی کە مەبەستە لە باسەکەدا، دواتر دەستی کردوە بەوەی کە جیاوازەو پێچەوانەی قیڕائەتی (حەفصە)و (فەرش)[1].و بنچینەکانیەتی، پیت پیت و وشە وشە، پاشان لە بەشی سێهەم دەستی کردووە بە باس کردنی وشەکانی (فەرش) کە پێچەوانەی خوێندنەوەی

[1] فەرش: زاراوەیەکی زانستی قیڕائاتی قورئانە، کە ئاماژەدەکات بەو ووشانەی کە لە خوێندنەوەیاندا جیاوازی هەیە لە نێوان قاریئەکاندا. (وەرگێڕ)

(حهفصه). پهرتوكهكه گشتگیره بهوهی كه جیاوازی قاریئهكه له خۆ دهگرێت و فێرخواز شته وونبوهكانی خۆی تێدا دهدۆزێتهوه.

داواكارم له پهروهردگار ئهم بهرههمه سودی ههبێت بۆ ههمووو خهڵك به شێوهیهكی گشتی و خهڵكی تایبهتمهند به قورئانی پیرۆز به تایبهتی، وپاداشتی برای بهڕێزمان كاك ئهحمهد بداتهوه كه ههستاوه بهم كاره چاكه به باشترین شێوه وئهمهشی بۆ بكاته چاكهیهكی نهبڕاوه بهو زانستهی كه خهڵكی سودی لێببینیٚ، وداواكارم خودای مهزن هێزو چالاكییهكی پیٚ ببهخشێت بۆ خزمهت كردنی پهرتوكی پهروهردگارو بلاٚوكردنهوهی زانستهكانی قورئان تا بچێته ژێر ئهم فهرمودهی پێغهمبهر(ﷺ) كه ئهفهرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

پهروهردگار ئهم كارهمان لیٚ وهربگرهو له ڕیزی چاكهكانماندا تۆماری بكه، چونكه بهڕاستی تۆ پهروهردگاریگی زۆر بیسهرو زانایت، تهوبهو پهشیمانیمان لیٚ وهربگرهو بێگومان تۆ پهروهردگاریگی زۆر تهوبه وهرگرو میهرهبان و دلۆڤانی، خودایه بمانگێڕه له ئهصحابی قورئانی پیرۆزو نزیك له خۆتت به تایبهت، خودایه دلێكی پاك و مهبهستێكی بیٚ گهردمان پیٚ ببهخشه له گوفتارو كردهوهدا، خودایه كۆتایی تهمهنمان پر خێر بكهی.

درودو ڕهحمهت بۆ سهر پێشهواو خۆشهویست و پێغهمبهرمان (محمد)(ﷺ) وبۆ سهر خانهوادهو یارانی به گشتی.

عبدالرحمن ی كوڕی یوسف الجمل[1]

---

(1) دكتۆر: عبدالرحمن یوسف احمد الجمل، پێشهوای قورئانخوێنانی فهلهستین، له دایك بووی 1961ز، دانیشتووی نهسیرات له ناوهڕاستی كهرتی غهزه، مامۆستای بهژداربو له تهفسیر و زانستهكانی قورئان و خوێندنهوهكانی قورئان له كۆلێژی بنهماكانی ئاین له زانكۆی ئیسلامی له غهزه، كاری كردووه وهك مامۆستای یاریدهدهر له كۆلێژی بنهماكانی ئاین، دواتر بۆته عهمیدی كۆلێژی ناوبراو، ئێستا كار دهكا وهك سهرۆكی دهزگای قورئانی پیرۆز و سونه له كهرتی غهزه و سهرۆكی فهرمانگهی قیڕائاتی سهنهدهكانی قورئانه، بهڕێز دكتۆر عبدالرحمن الجمل پێشینهی چاكهو ماڤ بهسهرمانهوه ههیه له دوای پهروهردگاری مهزن له بلاوكردنهوهی زانستهكانی قورئانی پیرۆزو جوان خوێندنهوهی له غهزه، چهند پهرتوكێكی بلاٚو كراوهی ههیه له قیڕائاتی قورئان و سهنهدهكانی وهرگرتوهو ڕێگه پێدراوه له لایهن كۆمهلێك بهڕێزو مامۆستای گهورهوه، لهوانهی مامۆستاو شێخی گهوره بهڕێز د. حلمی عبدالرؤوف محمد عبدالقوی.

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی به‌ پێنووسی شێخ: سه‌عید زه‌عیمه

سوپاس بۆ په‌روه‌ردگاری جیهانیان، ڕه‌حمه‌ت وسه‌لام برژێ به‌سه‌ر چاترینی په‌یامبه‌ران و پێشه‌وای بڕواداران، ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ كتێبێكی به‌سه‌ر دابه‌زیوه‌ هیچ خواری و كه‌م و كورتی تێدا نیه‌، نه‌ له‌پێش و نه‌ له‌ دواوه‌.

سه‌یری ئه‌م زنجیره‌ پیرۆزه‌م كرد كه‌ ناونراوه‌ به‌ گه‌وهه‌ره‌كانی قیراِئاتی قورئان (الدرر الحسان) له‌ ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی قورئان، كه‌ دكتۆر ئه‌حمه‌د ضه‌یف الله‌ باوكی سه‌مهه‌دانه‌، بینیم پڕه‌ له‌ زانیاری ورد له‌ ناوه‌ڕۆكدا.

منیش داواكارم له‌ یه‌زدان كه‌ سودی هه‌بێ بۆ ئاینی ئیسلام و موسڵمانان به‌وه‌ی كه‌ داڕێژراوه‌و نوسراوه‌ته‌وه‌ له‌م زنجیره‌ پیرۆزه‌دا .

دووباره‌ سوپاس بۆ په‌روه‌ردگاری جیهانیان

نوسینی شێخ:
سعید صالح زعیمة[1]

---

[1] شێخی پزیشك: سه‌عید صالح مصطفی زعیمه‌، زانایه‌كی لێكۆڵه‌رو كاربه‌جێیه‌، یه‌كێكه‌ له‌ زانایانی خوێندنه‌وه‌كانی قورئان له‌ ئه‌سكه‌نده‌ریه‌، پزیشكی جه‌ڕاحه‌ له‌ ئه‌زهه‌ر، له‌ دایك بوی1957ز، ده‌رچوی په‌یمانگای سه‌موحه‌یه‌، بۆ قیراِئاتی قورئانی بڕوانامه‌ی بالای وه‌رگرتوه‌ له‌ ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی بچوك و گه‌وره‌، شیكردنه‌وه‌و ڕوونكردنه‌وه‌ی هه‌یه‌ له‌سه‌ر ده‌قه‌كانی شێخ و زاناكان وه‌ك شاطبی و ئیبن جه‌زری و جه‌مزوری، قورئانی پیرۆزی به‌ته‌واوی خوێندۆته‌وه‌ به‌ ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی بچوك و گه‌وره‌ به‌سه‌ر زانا شێخ موحه‌ممه‌د عبدالحمید عبدالله‌ خلیل ، خاوه‌نی به‌رزترین پالپشته‌ له‌ جیهاندا له‌ خوێندنه‌وه‌ی ده‌ قیراِئاته‌ گه‌وره‌كه‌، وشێخ سه‌عید قورئانی خوێندۆته‌وه‌ به‌سه‌ر زۆر شێخ دا كه‌ باس ده‌كرێن نزیكه‌ی چل پیاو و ئافره‌ت ده‌بن، هه‌مووی ڕێپێدانیان وه‌رگرتوه‌، بۆ نمونه‌ كه‌سێكه‌ به‌ناوی عبدالفتاح مه‌دكور، وهه‌روها شێخ سه‌منودی،و شێخ عه‌لی نحاس،و شێخ عه‌لی رحال،و دایكی سه‌عد، ومۆڵه‌تی له‌ خوێندنه‌وه‌ی ده‌ی بچوكی پێداوم به‌ناوی مامۆستا تناظر النجولی، زۆر كتێبی هه‌یه‌ له‌ زانستی خوێندنه‌وه‌كانداو جگه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌كانیش،

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان
پێشه‌كی شێخ: جه‌مال القرش

سوپاس بۆ خودای تاك و ته‌نیا، درودو ڕه‌حمه‌ت بۆ سه‌ر گیانی ئه‌و كه‌سه‌ی كه هیچ پێغه‌مبه‌رێك له دوای ئه‌و نایه‌ت.

ئه‌م په‌رتووكه‌م بینی كه ناونراوه به (الدرر الحسان) له ده خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، له نوسینی شێخی ڕێزدار دكتۆر/ ئه‌حمه‌د ضه‌یف الله باوكی سه‌مهه‌دانه ، بینیم كتێبێكی چاكه له داڕشتن، شتێكی جوانی پێش كه‌ش كردوه، سود به‌خشه له بابه‌ته‌كانیدا، ئاسانه له‌سه‌ر زانست خوازان، تكاكارم له په‌روه‌ردگار سودی بگێنێت له هه‌موو كات و ساتێكدا، چونكه ته‌نها ئه‌و پشتیوان و به‌هێزه له‌سه‌ر هه‌موو شتێكدا.

(والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته)

ووته‌ی شێخ:

جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم القرش (1)

هه‌ول و كۆشش و ماندوبونێكی زۆری ئه‌نجام داوه له بڵاوكردنه‌وه‌ی زانستی قیڕائات، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش زانستێكی به‌رفراوانی هه‌یه له زانستی نه‌حوو صه‌رف و ته‌فسیر و زانسته شه‌رعیه‌كاندا.

(1) شێخ: جه‌مال ی كوڕی ئیبراهیم ی كوڕی موحه‌ممه‌د القرش، له دایك بوی 1963ز، چه‌ن ڕێگه پێدراوێكی به‌ده‌ست هێناوه له خوێندن و خوێندنه‌وه‌دا، بڕوانامه‌ی زانكۆیی هه‌یه له كۆلێژی ئاداب و په‌روه‌رده به‌شی زمانی عه‌ره‌بی ساڵی1987ی زاینی، سه‌رپه‌رشتیار بووه له به‌شی قورئانی پیرۆزو زانسته‌كانی له بنكه‌ی یه‌كه‌م بۆ په‌ره‌پێدانی په‌روه‌رده‌یی له ڕیاز، به‌ژداری له زۆر خول كردووه وه‌ك لێهاتویی و سه‌رپه‌رشتیاری كارا، كاری ڕاوێژكاری كردوه‌و سه‌رۆكی به‌شی سه‌رپه‌رشتیاری په‌روه‌رده‌یی بووه له به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی گشتی خانمانی پێشو له ولاَتی سعودیا، وه‌هه‌روه‌ها كاری كردوه وه‌ك به‌ڕێوه‌به‌ر بۆ كاروباری فێركردن له قوتابخانه‌كانی ناوه‌ڕاست له ساڵی1427ی كۆچی تا وه‌كو ساڵی1433ی كۆچی، به‌ژداری كردوه له پێش بركێی نێو ده‌وڵه‌تی بۆ له‌به‌ر كردنی قورئانی پیرۆز له وڵاتی كویه‌ت له ساڵی 1432ك، و 1433ك، چه‌ن نوسراوێكی خۆی هه‌یه له (التدبر، التجويد، الوقف، العلوم التربوية، العقيدة)

ژ	عربی	كوردی
1	حركة	جوڵه
2	ابدال	گۆڕين
3	بدل	لهبرى
4	سكون	زهنهدار
5	شدة	شهدهدار
6	ضمة	ضهمهدار
7	فتحة	فهتحهدار
8	كسرة	كهسرهدار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانهپاڵ
11	وقف	وهستان
12	وصل	نهوهستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنهوه
15	مد	درێژكردنهوه
16	التكبير	گوتنى(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنى(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنى(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنى دوو جوڵه
20	توسط	درێژكردنى چوار جوڵه
21	اشباع	درێژكردنى شهش جوڵه
22	تسهيل	لابردن يان ئاسان خوێندنهوه

به‌ناوی خودای به‌خشنده‌ی میهره‌بان

پێشه‌كی:-

سوپاس بۆ ئه‌و خودایه‌ی قورئانی پیرۆزی كردۆته‌ ڕۆناكی بۆ خه‌ڵك تا ڕێ نیشانده‌ری گومڕاو سه‌رلێشێواوان بێت، وخه‌ڵكی له‌ تاریكی نه‌زانی ڕزگار كردووه‌ به‌ره‌و ڕوناكی قورئانی پیرۆز، وده‌روونی پاك كردۆته‌وه‌و ده‌ری هێناون له‌ سه‌ر گه‌ردانی و به‌ره‌و جوانترین و به‌رزترین پله‌وپایه‌ی بردوون.

ڕه‌حمه‌ت و میهره‌بانی برژێ به‌سه‌ر پێشه‌ومان، موحه‌ممه‌دی كوڕی عبدالله(ﷺ)، ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ ﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ی به‌سه‌ردابه‌زیوه‌.

به‌هۆی ئه‌م قورئانه‌ پیرۆزه‌ چلكی ئاره‌زوه‌كانی لابردوه‌ له‌گه‌ڵ پیسیه‌كان، هه‌ر به‌هۆی ئه‌م قورئانه‌ پێشه‌وایه‌تی بۆ مرۆڤه‌كان دروست كردووه‌، بوون به‌ نمونه‌ له‌ پۆشاكی هێزی باوه‌ڕدا، درورد له‌سه‌ر خانه‌واده‌ی ئه‌م په‌یامبه‌ره‌و ئه‌م هاوڕێیانه‌ی كه‌ چاكترین كه‌س بوون، ودروود له‌سه‌ر ئه‌وكه‌سانه‌ش كه‌ شوێن كه‌وته‌ی ڕێبازی ئه‌وانن له‌ پیاو چاكان و پاكان، ئه‌وانه‌ی قورئانی پیرۆزیان ئه‌زبه‌ر كردو پارێزگاریان لێ كرد، په‌روه‌ردگار پاداشتی چاكه‌كانیانی داوه‌ له‌ دونیاو دوارۆژدا، په‌روه‌ردگار چاكه‌كارانی خۆش ده‌وێت:

به‌ دڵنیایه‌وه‌ زانستی ته‌جویدو خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز له‌پێشینه‌ی زانسته‌كانی تره‌ له‌باس كردن و یادگه‌دا، وپیرۆزترین شوێن و پێگه‌یان هه‌یه‌ ، چونكه‌ په‌یوه‌ستن به‌ فه‌رموده‌ی په‌روه‌ردگاری جیهانیان به‌ شێوه‌یه‌ك ئه‌و زانسته‌و ئه‌و زنجیره‌ قورئانیانه‌ پاداشتێكی زۆری له‌سه‌ره‌، پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) ده‌فه‌رموێت: (مَا اجْتَمَعَ قوم فِي بيت

من بيوتِ اللهِ يَتْلُونَ كتابَ اللهِ تعالى ، ويتَدَارَسُونَهُ بينهم إِلا نَزَلَتْ عليهم السكينةُ ، وَغَشيَتهم الرحمةُ ، وحَفَّتهمُ الملائكةُ ، وذَكَرهُمُ اللهُ فيمن عِندَهُ)[1]

دوای ئەوەی فێرکردنی قورئانی پیرۆزو شارەزابوون لێی، وبڵاوکردنەوەی شێوەی خوێندنەوەکەی و گێڕانەواکانی، نزیکت دەکاتەوە لە پەروەردگاری جیهانیان، بە پاڵ پشتی فەرمودەی پێغەمبەرمان (ﷺ) کە ئەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ)[2]. **واتا: چاکترینتان ئەو کەسانەن کە خۆی فێری قورئان دەکات و کەسانی تریش فێر دەکات.**

لەسەر وەڵام دانەوەی پێشنازی هەندێ لە هاوڕێیان، ئیستخارەی پەروەردگارم کرد، داوای کۆمەك و هاوکاری و ڕێنیشاندانی پشت ئەستوریم لێ کرد، ئەویش دڵ و دەروونمی ئارام کرد لەسەر نوسینی ئەم بابەتەی ئەم بەشەدا، بە هیوای ئەوەی بتوانم ببم بە شوێن کەوتەی پێغەمبەرەکەم (ﷺ) دەستم پێ کرد بە داوای پاڵ پشت و هاوکاری خودای گەورە لەسەر بلاوکردنەوەی ئەم زنجیرە قورئانیەی پاش ئەوەی کە سەربەرزو سەر فراز بووم بە وەرگرتنی فێربونی زانستی دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز خوێندنەوەی بچووك و گەورەو چوار جۆر خوێندنەوە شازەکان (القراءات الشاذة) **بە پاڵ پشتی مامۆستا بەرێزەکان و لەسەر دەستی شێخە بەڕێزەکانم، دەست پێ دەکەم لەم ڕووەی کە هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەم، نەك لەڕووی ئەوەی کە بلێم من شایەنی ئەم کارەم.**

ئەو ڕێگایەی گرتومەبەر لەم زنجیرەدا، بریتیە لە زنجیرەیەك لە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆزو زانستەکانی کە ناوم ناوە (الدرر الحسان) **لە دە خوێندنەوەکانی قورئانی پیرۆز، من ئەم بابەتەم کۆکردۆتەوە لە کتێبەکانی پێشو، وئەوەشی کە وەرم گرتوە لە مامۆستاکانم، باسی ئەو جیاوازیانەم کردووە کە ڕاویەکان یان قاریئەکە پێچەوانەی**

[1] ئەبو داوود، پەرتووکی نوێژ، باسی تفريع أبواب الوتر، باب في ثواب قراءة القرآن، ژ1455، لاپەڕە189.

[1] بوخاری، لە باسی خيركم من تعلم القران و علمه، ژمارەی فەرموودە5027، لاپەڕە436.

پێشه‌وا حه‌فصی كردووه، باسی یه‌ك ده‌نگیم له‌ نێوانیاندا نه‌كردووه، مه‌گه‌ر كه‌مێك جار نه‌بێ كه‌ باسی یه‌ك هه‌ڵ وێستیان ئه‌كه‌م زیاتر بۆ ڕوون كردنه‌وه‌و ته‌واوكه‌ری سوده‌كانه، ئه‌م په‌رتوكه‌ی له‌ ژێر ده‌ستی خوێنه‌ری به‌رێزدایه‌ كردومه‌ به‌ سێ به‌ش، له‌ به‌شی یه‌كه‌م : باسی بنچینه‌كانی خوێندنه‌وه‌ی پێشه‌وا ئبی عه‌مری بسڕی به‌ ریزبه‌ندی بابه‌ته‌كانیشیم ڕێك خستووه‌ به‌ پێی ئه‌وه‌ی كامه‌یان گرنگتره‌ له‌وی تر، به‌پێی ئه‌و ئه‌زمونه‌ی كه‌ هه‌م بووه‌ له‌ وانه‌ وتنه‌وه‌ی قورئانی پیرۆزدا.

له‌ به‌شی دووم : به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی زیاتر باسی بنچینه‌كان و (فه‌رش)م كردووه، به‌ شێوه‌یه‌كی ڕێك و پێك باسم له‌ وردودرشتی ووشه‌كان كردووه، وهیچ جیاوازی نیه‌ له‌ نێوان ئه‌م وشه‌ ناكۆكه‌ له‌ وشه‌كانی بنچینه‌یی بێ یاخود (فه‌رش) بێ، تاوه‌كو پێداویستیه‌كانی كه‌سی سه‌ره‌تایی جێ به‌جێ بكات، ئه‌مه‌ش له‌ ڕێگه‌ی دروست كردنی خشته‌یه‌كی سێ ستونی به‌م شێوه‌یه:

ستونێكیان تایبه‌ته‌ به‌ پێشه‌وا (حفص) ستون تایبه‌ته‌ به‌ پێشه‌وا كیسائی‌و ستونێكیان تایبه‌ته‌ به‌ ڕوونكردنه‌وه‌ی چۆنیه‌تی خوێندنه‌كان، سه‌باره‌ت به‌ به‌شی سێیه‌می ئه‌م په‌رتووكه‌ لێكچونێك هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ به‌شی پێشه‌ خۆی ته‌نها ئه‌وه‌ نه‌بێ من كورتم كردۆته‌وه‌ ته‌نها به‌ به‌كارهێنانی وشه‌ی (فه‌رش) له‌گه‌ڵ كه‌مێك زیاده، تا ئامانجه‌كان به‌ده‌ست بێنێت و ئاسان بێ بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ شاره‌زاییان هه‌یه‌ له‌ خوێندنه‌وه‌كاندا له‌ كاتی گه‌ڕانه‌وه‌دا بۆ ئه‌م به‌شه، وبتوانێ ووشه‌كانی (فه‌رش) ده‌ربهێنێ به‌ شێوه‌یه‌كی خێرا بێ كات كوشتن.

من لێره‌دا باسی پێشه‌كیه‌كه‌ی(ئیبن مه‌هران)ی ئه‌صفه‌هانیم كردووه‌ خاوه‌نی كتێبی (المبسوط) له‌ ده‌ خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، تیایدا باس له‌ كتێبه‌كه‌ی خۆی ده‌كان ده‌ فه‌رموێت: (ده‌مه‌وێت پێتانی ڕابگه‌ێنم كه‌ من پۆلێنم كردووه‌ ته‌نها بۆ تێگه‌یشتن و به‌رچاو ڕوونیه، بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌ شاره‌زایی ته‌واویان هه‌یه‌ له‌م بواره‌دا، و هونه‌ری ته‌واوی هه‌یه‌ له‌ زانسته‌كان و ئاكاره‌كاندا)

به مێشكم داهات كه هه‌ندێ بابه‌تی په‌روه‌رده‌یی تێكه‌ڵاو بكه‌م له‌م زنجیره پیرۆزه‌دا، وه‌ك مه‌به‌ستێك له‌وانه‌وتنه‌وه‌كانی خوێندنه‌وه‌ی قورئانی پیرۆز له زنجیره‌و دانیشتنه‌كانی قورئان و ڕێگه‌ی زنجیره‌كانی قورئانی تایبه‌ت به خولی پێشه‌وا كیسائی، وتوندو تۆڵكردنی زنجیره‌كانی قورئانی پیرۆز تایبه‌ت به خولی ناوبراو، كاتێ تاقیكردنه‌وه‌كان و گشت بابه‌ته‌كان ته‌واو ئه‌بن به‌یه‌كتر په‌یوه‌ست ئه‌كرێن، وجگه له كاری تری په‌روه‌رده‌یی كه شاراوه نیه لای هه‌موو كه‌سێكی تێگه‌یشتوو، ئه‌وانه‌ی باس كران هه‌موویان له چوارچێوه‌ی ته‌واوبوندا له نێوان چوار چێوه‌ی تیۆری و لایه‌نی كرداری ده‌بێته یارمه‌تیده‌ر بۆ مامۆستا یان خوێنه‌ر تا پشتی پێ ببه‌ستێ له كاتی فێركردن و فێربوونی ئه‌م قیرائه‌یه.

داواكارم له خودای مه‌زن ئه‌م زنجیره قورئانیه‌م بۆ وا لێبكات كه مه‌به‌ستم ته‌نها ڕازی بوونی ئه‌و بێت و ته‌نها له پێناو ئه‌ودا بێت، تكام وایه لێم وه‌ربگرێت به باشترین شێوه، وڕێزێكی گه‌وره‌و بێ پایه‌نی بۆ دانێ، سودی بۆ نوسه‌ره‌كه‌ی و ئه‌وكه‌سانه‌شی كه له ده‌ورو به‌ریدان هه‌بێت، وهه‌روها سوده‌كه‌ی بگێنێ به نه‌وه‌ی داهاتوو پشت به پشت، منیش بپارێزێت له بیرۆكه‌ی نابه‌جێ، وپێنوسیشم ڕزگار بكات له هه‌ڵه، هه‌ركه‌سێ كه‌مته‌رخه‌میه‌كی بینی تیایدا یان هه‌ڵه‌و كه‌مو كورتیه‌كی تیایدا دۆزیه‌وه تكای لێ ده‌كه‌م پۆزشم بۆ بێنێته‌وه‌و ئامۆژگاریم بكات و چاكی بكاته‌وه.

پێویسته ئه‌وه‌ش بلێم كه ئه‌م ماندوبونه‌ی من بۆ خزمه‌ت كردنی په‌رتووكی خودای گه‌وره هه‌ر چه‌نده زه‌حمه‌تی تێدایه به‌ڵام له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌شدا تام و چێژێكی تایبه‌تی خۆی هه‌یه، هه‌رچه‌نده ئه‌زیه‌ت و ناخۆشی تێدا دروست بێت ئاسان ده‌بێت.

به‌رله‌وه‌ی پێنوسی ڕوون كردنه‌وه هه‌ڵگرم، به‌پێی فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) كه ده‌فه‌رموێت: (من لاَ يَشْكُرُ اللَّهَ لاَ يَشْكُرُ النَّاسَ)[1]

سوپاس و پێزانینم ئاراسته‌ی هه‌موو ئه‌و كه‌سانه ده‌كه‌م كه هاوكارو یارمه‌تیده‌رم بوون، پاداشتی چاكه كارانیش ته‌نها چاكه‌یه.

[1] ترمژی، باسی(ما جاء في الشكر لمن أحسن اليك)، ژ6601، لاپه‌ڕه383.

سوپاسێکی بێ پایان و تایبەت بۆ شەیخەکەم بەڕێز (سولەیمان ی باوکی عاذرە) چاکەو ماف بەسەرمدا هەیە ، ئەو لە تەرازوی ژیریدا پێش دەخرێت، لەسەر پێداچونەوەی ئەم زنجیرە باسە و ڕاست کردنەوەی لە ڕووی زمانەوانیدا.

وەهەروها سوپاسی برای بەڕێزم (عبدالسلام طباسی) دەکەم لەسەر پێداچونەوەو زیادە خستنە سەر شێوە هونەریەکەی لە دەرچوون و ڕاخستنی ئەم پەرتووکە، وسوپاس بۆ شێخی بەڕێز (عبدالله جمال العرقان) لەسەر ئەم ماندوبونەو بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ مامۆستایان بۆ پێش کەش کردنی ئەم زنجیرە پیرۆزە.

لە کۆتاییدا سوپاسی هەمووو ئەو کەسانە دەکەم کە سودیان پێم گەیاندوە بە ڕستەیەك، یان سودیان پێم گەیاندوە بە ئاماژەیەك، یان منیان ڕاست کردۆتەوە لە هەڵە، یارمەتیان داوم بە نوسین، گەر بمەوێ سوپاس و پێزانینیان کورت بکەمەوە تەنها دەڵێم ئەوەیان لامە کە بە نیاز پاکی بۆیان بپاڕێمەوە.

خزمە تکاری قورئانی پیرۆز

د. ئەحمەد ضیف اللّه عومر ئەبو سەمهەدانە

ڕێگە پێدراوی دە قیرائاتی (خوێندنەوەکانی) قورئانی پیرۆز

بچوك و گەورە

و چوار جۆرە دەرچووەکە لە قیرائاتی قورئانی پیرۆز

ده‌روازه‌یه‌ك:-

سوپاست ده‌كه‌م له‌سه‌ر وه‌رگرتنی ئه‌م په‌رتووكه‌، ئومێده‌وارم پالپشتت بێ له بیرۆكه‌و زانیاری به سود، هاوكاریت بكات له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی په‌رتووكی په‌روه‌ردگار به شێوه‌یه‌كی ڕاست و دروست.

هه‌روها ئومێده‌وارم – له ڕێگه‌ی ئه‌و پۆسته ئه‌لیكترۆنیه‌ی داندراوه له سه‌ره‌تای ئه‌م په‌رتووكه – ده‌وله‌مه‌ندم بكه‌یت به تێبینیه‌كانت، وئه‌م په‌ڕاوه گرنگانه‌ی كه من هه‌ڵوه‌سته‌یان له‌سه‌ر ده‌كه‌م، ئه‌و دێرانه‌ی كه من هێلم له ژێر داوه‌، هیچ شتێك له‌وه چاكتر نیه كه نوسه‌ر ببینێ نوسراوه‌كه‌ی به جوانترین شێوه نوسراوه‌، به تایبه‌ت ئه‌گه‌ر نوسین و په‌رتوكه‌كه‌ی په‌یوه‌ست دار بێت به قورئانی پیرۆز، ئه‌وه زیاتر بایه‌خی پێ ده‌دات و دڵنیایی له‌سه‌ر ده‌بێت.

پێم باشه لێره‌دا ئه‌وه بگوازمه‌وه كه (عیماد الاصفهانی)[1] باسی كردووه سه‌باره‌ت به كه‌مته‌ر خه‌می و ماندوبونی مرۆڤ، سه‌ره‌ڕای گشت هه‌وڵه‌كانی، بۆ پوخت كردنی شته‌كان و ڕاستكردنه‌وه‌یان و به‌دواداچونیان، ده‌فه‌رموێت: "من ئه‌بینم هه‌ركه‌سێك په‌رتوكێك بنوسێت له ڕۆژی دواتر ده لی: ئه‌گه‌ر له‌بری ئه‌مه ئه‌مه‌م به‌كار بهێنابوایه باشتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌ی بۆ زیاد كرابوایه چاكتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه پێش بخرابوایه گرنگتر بو، ئه‌گه‌ر ئه‌وه لا بردرابوایه جوانتر بو، ئه‌مه‌ش گه‌وره‌ترین په‌نده‌، به‌ڵگه‌ی سه‌لماندنی ئه‌وه‌یه كه نوسینی ڕسته‌كانی مرۆڤ كه‌م و كورت و ناته‌واون" ئیبن قه‌ییمی جوزی، د.ت، به‌رگی 1، لاپه‌ڕه‌2).

داواكارم له به‌ڕیزت كاتێكت هه‌بێت بگه‌ڕێیته‌وه بۆ ماڵپه‌ڕی فه‌یس بوك: به‌ناوی (الدرر الحسان في القراءات العشر للقرآن، یان ماڵپه‌ڕی كه‌سی من)، چونكه من

---

[1] اره‌تی نوسینی ئه‌دبیات ی به‌ناوبانگ عیماد ئه‌صفه‌هانی، پاشان به‌ناوی عیماد بلاوبۆته‌وه‌، له‌م باره‌یه‌وه سه‌یری: عبدالله ی كوڕی عبدالرحمن ی به‌سام بكه: كتێبه‌كه‌ی به‌ناوی (توضیح الاحكام من البلوغ المرام) مه‌ككه‌ی پیرۆز، نوسینگه‌ی الاسدی، چ5، به‌رگی1، 2003ز، لاپه‌ڕه3.

دەمەوێت هەندێ شتی باش و دەستكاری و نمونە و سەرچاوەی تر دابنێم كە بە ڕاستی سودیان بۆ تۆ دەبێت لە دواییدا.

لە نوسینی ئەم پەرتوكەدا شێوازێكی تایبەتم بە كار هێناوە – پاش داوای یارمەتی و پاڵ پشتی لە پەروەردگار – لێرەدا بە كورتی باسی دەكەم بەم شێوەی خوارەوە:

1. نوسینی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز بە وێنەی عوسمانی.

2. نوسینی فەرمودەكانی پێغەمبەر(ﷺ) بە سەرو ژێرەوەو بە نوسینێكی جیا لە نوسینەكانی تر، مەبەست لەم كارەش بۆ گەورەیی و پیرۆزی فەرمودەی پێغەمبەرە(ﷺ).

3. لە كاتی نوسینی ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز باسی ناوی سورەتەكەو ژمارەی ئایەتەكەم كردووە، ڕاستەو خۆ لەدوای ئایەتەكەم داناوە تا نوسینەكان زۆرو تێكەڵاو نەبێت.

4. پێناسەی زاراوەكانم كردووە بەپێی توانا.

5. ڕونكردنەوەی واتای هەندێ وشەی نادیار لە پەراوێزدا .

6. پێناسەی هەندێك كەسایەتی كە ناویان هاتووە لەم پەرتوكەدا.

7. من پێداگربوم – بە پێی توانا– لە بیركردنەوەو هەڵوەستە لە وەرگرتنی هەر بابەتێك یان بڕیارێك لەسەر دیاردەیەك، لەبەر ئەوە ڕۆچوون لە فەرمانێك كە پەیوەندی بە قورئانی پیرۆزەوە هەیە ئەوە دەخوازێت كە بەدواداچونی بۆ بكەیت و لێی وردبیتەوە جوان تێڕابمینێیت، ئەوەش بە یارمەتی پەروەردگار و چاكەی ئەوە بەسەرمەوە، لەگەڵ كورتی كات و دووری ڕێگادا.

8. له كاتی وهرگرتنی دهقێك وهكو خۆی، دهقهكهم خستۆته نێوان دوو كهوانهی دهقی" " لهگهڵ ئهوهش ئاماژهم به سهرچاوهكهی كردووه له ناوهڕۆكهكهیدا.

9. ئهگهر وهرگرتنی دهقهكان به واتاكهی بو، واتا كاتێ گهڕایهوه بۆ خودی دهقهكه بینیت به دهست كاریهوه باس كرابو ئهوه وشهی {سهیركه}م بۆ بهكارهێناوه ئاماژهشم پێ كردووه كه سهرچاوهكهی بهم شێوهیه، ئهم شێوازه بهكاردێنم لهكاتی بهناوبانگ بوونی دهقهكه یان دیار نهبوونی خاوهن وتهكه، ئهگهر له نێوان وشهكاندا ئهم خاڵانهم دانا (....)، ئهمه واتا بهشێك له وتهكان نادیارهو پێویست به باس كردنی نیه بهڵكو دهبێت پوخت بكرێت، یان سود له باس كردنی نیه.

10. لهكاتی وهرگرتنی دهقێك و خستنه ڕستهیهك بۆ ناو دوو كهوانه له كاتی نوسیندا، ئهمه مانای ئهوه دهگهێینێت كه ئاگاداربه ئهوهی نێوان كهوانهكانه وتهی خۆمه، نهك وتهی وهرگیراو.

11. ههر وشهیهك پێویستی به سهرو ژێر ههبێت سهروژێردارم كردووه تا تێكهڵاو نهبێت لهكاتی دهربڕینا.

12. ناوهڕۆكم بۆ سهرچاوهكان داناوه – كه ئهوهش زۆر یارمهتی دهرم بو بۆ ئهم پهرتوكه – كۆكراوهیهو یهك لهدوای یهك دامناوه بهپێی ریزبهندی پیتهكانی زمانی عهڕهبی، وناوهڕۆكم داناوه بۆ بابهتهكانی ناو پهرتوكهكه له كۆتایی كتێبهكهدا.

13. دانانی ژمارهو نیشانهكانی خاڵبهندی وهكو: نیشانهكانی پرسیار هتد....) بۆ ڕوونكردنهوهی دهقهكان ئهمهش به مهبهستی جیاكردنهوهیهتی.

14. گه‌ڕاومه‌ته‌وه سه‌ر به‌شێكی زۆر له سه‌رچاوه‌و ماسته‌ر نامه‌ی زانكۆیی و بابه‌تی ترو ماڵپه‌ڕه ئینته‌رنێتیه‌كان، وگه‌ڕاومه‌ته‌وه بۆ ده‌یه‌ها سه‌رچاوه‌ی تر به‌ڵام به‌كارم نه‌هێناوه چونكه له‌گه‌ڵ بابه‌تی من زۆر تێكی نه‌كردۆته‌وه.

15. زۆربه‌ی جار ئه‌و ده‌قه‌ی كه وه‌رمگرتووه ئاماژه‌م به‌سه‌رچاوه‌كه‌ی نه‌كردووه. تا ژێرنوسه‌كان زۆر نه‌بێت، ومن ئاره‌زوی كورت كراوه ده‌كه‌م و زیاتر ماندوبوونه‌كه‌م بۆ شتی گرنگتر به كاردێنم، له كۆتایی كتێبه‌كه‌دا باسم كردووه، له ناوه‌ڕۆكی سارچاوه‌كان ئه‌وه‌ی كه زۆر سودم لیّ بینیوه له بڕگه زانستیه‌كه‌دا.

16. له كۆتایی: كاتێك بینیم به‌رفراوانیه‌ك هه‌یه له بنچینه‌و بڕگه‌كانی ئه‌م كتێبه‌دا و گشتگیریه‌كه‌یدا، دلنیابووم بڕگه‌كانی درێژه ده‌كێشێت، بینیم پێویسته ئه‌و بابه‌تانه‌ی ڕوون وئاشكران كورت كه‌مه‌وه له‌سه‌ر ئه‌وانی تر، مه‌به‌ست له‌م كۆششه ئاسایی كردنی بابه‌ته درێژه‌كان بوو.



ئەم ڕێگایەی بەكارم هێناوە بۆ وشەی فەرش

بە پێی توانا هەوڵمداوە پابەندبم بە بەكارهێنانی نوسینی ڕەسمی عوسمانی لە نوسینی وشەكانی فەرشدا.

✓ ئەگەر وشەیەكەم بەڕەهایی بەكارهێنا، واتە مەبەستم پێی لەكاتی وەستان و نەوەستانە (وقفاً – ووصلاً)

✓ (أ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی پیتە هەمزەكە لەسەر شێوەی ئەلیف بوو، وەك: [ءَاۡعۡجَمِيٌّ].

✓ (ؤ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لەسەر شێوەی (و) بوو، وەك: [أَؤُنَبِّئُكُم].

✓ (ـٔ) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لەسەر شێوەی بەرزكردنەوەی دەنگ بێت(نەبرە)، وەك: [أَئِمَّةَ].

✓ (•) ئاماژەیە بە ئاسانكردنی هەمزە، ئەگەر نوسینی هەمزەكە لە ڕیزی پیتەكانی تر نوسرابێت، وەك: [أَءِنَّكَ].

✓ (ـۜ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا خوێندنەوەی ئەم پیتە بە پیتی(س) دەبێت، وەك: [ٱلصِّرَٰطَ].

✓ (ـۿ) ئەم نیشانەیە لەسەر بێت، واتا وەستان بە پیتی(ه)ی زەنەدار، وەك: [فِيمَّ][فِيمَه].

✓ (ـۛ) ئەم نیشانەیە لەسەر پێت، واتا گۆڕینی پیتی(ت)ی لەسەر وەستاو، بە پیتی(ه) وەك:

[رَحۡمَتَ][رَحۡمَه].

✓ (ـٌـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر ضـمەمەدارکردنی پیتی نونی تەنوین، بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری ضـمەمە، وەك: [بِرَحۡمَةٍۚ ٱدۡخُلُواْ] [بِرَحۡمَتندخُلُواْ].

✓ (ـٍـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر لە پاڵ جوڵەی تەنوین بوو، بەڵگەیە لەسەر کەسرەدارکردنی پیتی نونی تەنوین بەمەبەستی ڕزگاربوون لە گەیشتنە دوو پیتی زەنەداری کەسرە، وەك: [أَحَدٌ ۝ ٱللَّهُ أَكۡبَرُ].

✓ (ـ) ئەم نیشانەیە ئەگەر کەوتە ژێر پیت، بەڵگەیە لەسەر بوونی ئیمالە[1]، وەك: [مَجۡرٜىٰهَا].

✓ ئەگەر ناوی ڕاوی (گێرەوەرەکە)م نەبردبوو، واتا هەردوو ڕاویەکە یەك خوێندنەوەیان هەیە، واتە جیاوازیەکە تەنها لەسەر کیسائیە بە ڕاویەکانیەوە.

✓ لە بەشی یەکەم لە وشەکانی فەرش کورت کردنەوەم کردووە لەسەر ناو هێنانی پیتی(م)ی کۆ، زۆربەی جار دووبارەم نەکردۆتەوە لە بەشەکانی تر، ئەوەش بەهۆی زۆر بەکارهاتنی لە قورئانی پیرۆزدا، ناوهێنانیم لە هەندێك جار لەگەڵ یاسای تر باس کردووە لە هەمان وشە.

✓ بەشی سێیەمم تایبەت کردووە تەنها بە وشەکانی فەرش، لەگەڵ ئاشکراکردنێکی کورت، دەربارەی پیتی(ه)ی کینایە[2]، وپیتی(م)ی کۆ، لەگەڵ وەستان بە پیتی(ه) لەبری پیتی(ت)ی مێ، وگەیشتنە دوو پیتی زەنە بەیەکترو ئەوانەی هاووێنەی ئەوەن کە باسمان کرد، لەم بەشەدا باسم نەکردووە، تا درێژنەبێتەوە، ئەوەشی زانیاری زیاتری دەوێت بگەڕێتەوە بۆ بەشی دووەم، زۆر بە درێژی باس کراوە.

---

[1] ئیمالە(الامالە) واتە خوێندنەوەی ئەلیف و یائدا هاوشێوەی (ی)ی کوردی لێدێت، وەکو:(مَجۡرٜىٰهَا) (مەجراها) (مەجرێها)

[2] كناية: درکە – دوو نیازی – بەڵام لێرەدا مەبەستی پێی ڕاناوی لکاوە(ضمير متصل).

گرنگترین تایبه‌تمه‌ندییه‌كانی ئه‌م په‌رتووكه

1. په‌رتوكه‌كه له ژێرده‌ستتدا ده‌بێت تا چێژ وه‌رگری له خوێندنه‌وه‌ی په‌رتووكی په‌روه‌ردگار، به‌خێرایی ده‌تگه‌ینێت به زانستی خوێندنه‌وه‌كانی قورئانی پیرۆز، نه‌خوشیت بۆ دیاری ده‌كات، چاره‌سه‌ریشت بۆ ده‌دۆزێته‌وه، وبۆچوونه په‌سنده‌كه‌شت پێ ده‌به‌خشێت.

2. نمونه‌ی كرداریت بۆ ڕێك ده‌خات له‌گه‌ڵ نمونه‌ی ژیری و گریمانه‌یی، تا خوێنه‌رێكی كاراو به توانات لێ دروست بكات بتوانی گه‌ڕان و تێڕامان بكه‌یت.

3. به وردی شیكردنه‌وه‌و كردنه‌وه‌ی گرێ كوێره‌كانی زۆرێك له بابه‌ته ئالۆزو تێكه‌ڵاوه‌كانت بۆ ده‌كات، دواتر چاره‌سه‌رێكی زانستی گونجاو بۆ هه‌ر یه‌ك له كێشه‌كان ده‌كات.

4. ئه‌م په‌رتووكه كێشه‌و چاره‌سه‌ری زۆرێك له بابه‌ته تایبه‌ته بچوكه‌كانت ده‌خاته ژێر ده‌ست، درێژه پێده‌ره تا بابه‌ته گه‌وره ئالۆزیه‌كانت پیشان ده‌دات.
5. نمونه‌و به‌ڵگه‌ی زۆر ورد هه‌ڵبژێردراون تا بیرۆكه‌ی بابه‌ته‌كان به ته‌واوی پێت بگات.

6. له ناوه‌ڕۆكدا كۆكه‌ره‌وه‌ی گرنگترین بۆچون و ئه‌و بابه‌تانه‌یه كه له په‌رتووكه‌كانی تری په‌یوه‌ست به‌م بواره.

7. ساده‌و ئاسان كردنی زانیاریه‌كان به‌پێی توانا.

8. بەكارهێنانی نیشانەو ئاماژەی دیاری كراو لە جیاوازییە فەرشییەكان (الخلافات)، بۆ خوێنەرو دیاری كردنی وێناكردنی ئەم جیاوازییانە ، باسی ئەم نیشانەو ئاماژەم كردووە لە بەشی نوسینی وشەكانی فەرش.

9. ئەم پەرتووكە جیاكراوتەوە بە بەشێك لە پرس و گرفتە گرنگەكانی، وەك – پەیوەندی نێوان پیتەكان – بۆ ئەو كەسانەی كە سەیری زانستی تەجوید و خوێندنەوەكان دەكەن تا دەركی پێ بكەن، وپێیئاشنابن.

10. پەرتووكەكە دابەش كراوە بەسەر سێ بەشدا، تا ئاسان بێت بۆ خوێنەری بەڕێز و خێرا بگات بە زانیاریەكان، لە پێشەكیەكەش ئاماژە بەم بەشە دراوە.



مەبەست لە خوێندنی قیرِائاتی قورئانی پیرۆز لە حەلەقاتی قورئانی

مەبەستە گشتیەکان کە پێویستە لەسەر مامۆستای فێرخواز بیخاتە ژێر دەستی قوتابی بۆ کار پێکردن:

زۆر بە جوانی و بە وردی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز ئەنجام بدات هەر وەك چۆن دابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەر(ﷺ).

1. هەڵوێستی خۆی دەربڕێ کە ئامادەیە کەسێکی خێر خواز بێت لەسەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ وَعَلَّمَهُ).

2. هەوڵ و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی پاداشت و چاکە، بە دانیشتن لەبازنەی زانست خوازاندا.

3. پێداگری بکات لەسەر بەدست هێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار بەجێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا کە دەفەرموێت:﴿ وَرَتِّلِ ٱلْقُرْءَانَ تَرْتِيلًا ﴾.

4. پەیوەندی دروست بکات لە نێوان ملکەچی و بیرکردنەوە لە کاتی نوێژدا.

5. پەروبومی زمانەوانی دەنگی و زیرەکی و لێهاتویی پەرەپێ بدات، ئەوانەی کە پەیوەندیان بە دەربڕینەوە هەیە.

6. بە قوڵی ڕۆچوونی هەبێت بۆ خۆشەویستی قورئان و قیرِائاتی قورئانی موتەواتیر و دڵی لای خەڵکی قورئان بێت و شانازی بەم نازناوە بکات.

7. خۆشەویستی لە پێناو خودادا بچێنێت و گیانی برایەتی هەبێت لەبەر فەرمودەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ...) .

8. هەول و کۆشش بدات بۆ بەدەست هێنانی باوەڕ بەخۆ بوون چونکە فێری یاسای ژیانی دەکات.

9. ئەو پەڕی تواناى خۆی بەگەڕ بخات تا ببێت بە مامۆستایەکی قورئانی بۆ منالّی موسڵمانان، (زەکاتی زانستی).

10. گرنگی خوێندنەوەکانی قیرائاتی قورئانی دەربخات، وپێگەیان بەهێز بکات لە ئایندا.

11. چاندنی بەهێز کردنی تواناکانی لەسەر ئەزبەرکردن و جێبەجێ کردنێکی دروست.

12. خۆی ڕابێنێت لەسەر ڕێك خوێندنەوەی ڕوەکانی خوێندنەوەی قورئان، وەك ڕێك خستن و سەروژێرکردن و دورکەوتنەوە لە تێکەڵاوکردن.

پەیڕەوی خولی قورئانی تایبەت بە خولی
پێشەوا كیسائی

- ئەم پەرتوكە بۆ سودبەخشین بە تۆ داڕێژراوە، بیربكەرەوە بەردەوام لەگەڵت دابێت لەماوەی ئەم خولەدا.
- سەرچاوەی سەرەكی ئەم خولە ئەم پەرتووكەیە كە ئەوەش تایبەتە بە خوێندنەوەی پێشەوا كیسائی.
- ئامادەكردنی فەرش و وشەكانی كیسائی لەسەر موصحەڤ تایبەت بە هەموو قوتابییەك.
- تاقیكردنەوەی چالاكی بەشێوەیەكی بەردەوام لە كۆتایی هەمووو بابەتێك.
- ئەم خولە لە تۆیەو بۆ تۆشە، ئێمەش بە بەشداری چالاكانەی ئێوە خۆشحاڵین.
- بۆچونت بەلامانەوە گرنگە، ڕەزیلی نەكەیت بۆ دەربڕینی پێشنیازەكانت بۆ پەرەپێدانی ئەم پەرتووكە، یان بۆ پێش خستنی پەیڕەوی ئەم خولە.

ڕێكارەكانی بازنەی قورئانی تایبەت بە
پێشەوا كیسائی

- نەهاتن بۆ ماوەی سێ جار بەبێ هۆ سزاكەی دەركردنە.
- وتەی لاوەكی كە پەیوەندی نەبێت بە بابەتەكانەوە قەدەغەیە.
- قسەكردن بە مۆبایل لە كاتی وانەدا قەدەغەیە.

پێشەوا کیسائی کوفی

عەلی کوڕی حەمزەی کوڕی عەبدوللەی کوڕی بەهمەنی کوڕی فەیرۆزە، مەولای بەنی ئەسەدە، کیسائی لە بنەچە فارسە لە سەوزاییەکانی عیڕاق، نازناوی ئەبو لحەسەنە.

❖ ناوی کیسائی

ڕای جیاواز هەیە لەسەر ناونانی بە کیسائی، بەناوبانگترینیان ئەوەیە کە پرسیاری لێکرا ئایە بۆچی ناوی نراوە بە کیسائی؟[(1)] لە وڵامدا فەرموی: من لە کەسائدا واتە بەجلی لەبەرکردن ئیحرامم بەستووە، لە دوای حەمزەی زەیات سەرۆکی قاریئەکان لە شاری کوفە لە پێشەوا کیسائی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو.

❖ لەدایك بوونی

پێشەوا کیسائی لە ساڵی 119ی کۆچی لە دایك بووە، بە پێشەوای قاریئەکانی سەردەمی خۆی دادەندرێت، خەڵکی خوێندنەوەیان لێ وەردەگرت لەکاتی خوێندنەوە بەسەریاندا، ولەسەر خوێندنەوەی ئەو خاڵیان لەسەر وشەی پیتەکان دادەنا.

ئەبو بەکر لە پەرتووکەکەی بەناوی(غەریب) دەفەرموێت: کۆمەڵێك تایبەتمەندی لە کیسائیدا هەبو، شارەزاترین کەس بوو لە زانستی نەحو، تاکەکەس بو لە بابەتی غەریب ی فەرمودەدا، تاکەکەس بو لەناو خەڵکی بۆ شارەزابوون لە قورئاندا، خەڵکێکی زۆر لەدەوری کۆدەبونەوە بەمەبەستی وەرگرتنی قیرائاتدا تا وای لێ دەهات قەرەباڵغیەکی

---

(1) گوتراوە ناوی نراوە کەسائی چونکە خەڵکی ناوچەی باکوسایە –بە ضـەممەی پیتی(ك)– گوندێکە لە ناوچەی سەواد کە دەکەوێتە نێوان شاری بەغداو واسط، دەربڕینەکەشی بەم شێوە دەخوێندرێتەوە(باكُساويٌّ، باكُسائيٌّ)، هەندێکی تر دەڵێن خۆی بە فەروەیەك دادەپۆشی و لە مەجلیسی حەمزە دادەنیشت، کاتێك کە نۆرەی خوێندنەوەی دەهات حەمزە دەیفەرمو با خاوەن فەروەکە بێتە پێشەوە، هەر بۆیە ناوی نرا بە کەسائی.

زۆری له‌سه‌ر دروست ده‌بو به‌ شێوه‌یه‌ك نه‌یده‌زانی كێ خوێندویه‌تی و نۆره‌ی كامه‌یانه، خه‌ڵكی له‌ شوێنێك كۆده‌كرده‌وه‌ كورسیه‌كی داده‌ناو قورئانی پیرۆزی بۆ ده‌خوێندنه‌وه‌ له‌سه‌ره‌تا تا كۆتاییه‌كه‌ی، خه‌ڵكیش گوێیان لێ ڕاده‌گرت و به‌ش به‌ش خوێندنه‌وه‌ی خۆیان ڕاستده‌كرده‌وه‌ له‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌كه‌ی ئه‌و.

یه‌حیای كوڕی موعین ده‌فه‌رموێت: به‌م دوو چاوه‌ی خۆم كه‌سی وا پاراوو ڕاستگۆم نه‌بینیوه‌ وه‌ك كیسائی.

ئیبنو موجاهید ده‌فه‌رموێت: كیسائی قیرائه‌تی حه‌مزه‌و ئه‌وانی تری به‌یه‌كه‌وه‌ كۆكردبویه‌وه‌و وه‌رگرتبوو، به‌جۆرێك خوێندنه‌وه‌یه‌كی مام ناوه‌ندی دروست كردبو كه‌ له‌ ڕێڕه‌وی زانایان لای نه‌دابوو.

ئه‌بو عه‌بید قاسمی كوڕی سه‌لام ده‌فه‌رموێت: كیسائی سه‌رپشك بوو له‌ نێوان وه‌رگرتنی هه‌ندێك له‌ قیرائه‌تی حه‌مزه‌و هه‌ندێكی واز لێ ده‌هێنا، نه‌مبینیوه‌ كه‌سێك هه‌بێت قیرائه‌تی جوانترو باشتر بێت له‌ كیسائی، به‌ڕاستی كیسائی ئه‌هلی قیرائه‌ت بوو، زانیاریه‌كی ته‌واوی هه‌بو له‌ پیشه‌كه‌ی خۆی.

ئیسماعیل جه‌عفه‌ری مه‌ده‌نی كه‌ یه‌كێكه‌ له‌ گه‌وره‌ هاوڕێكانی نافع، ده‌فه‌رموێت: كه‌سم نه‌بینیوه‌ وه‌ك كیسائی شاره‌زابێت له‌ قورئانی پیرۆز.

قوته‌یبه‌ی كوڕی مه‌هران ده‌فه‌رموێت: زیاتر له‌ په‌نجاو یه‌ك ساڵ هاوڕێیه‌تی كیسائیم كرد وئاشناییم له‌گه‌ڵ زۆربه‌ی هاوڕێكانی هه‌بوو نزیكه‌ی بیست جار زیاتر قورئانم لای ئه‌و خه‌تم كردووه، وبه‌خوێندنه‌وه‌ی قیرائه‌تی ئه‌هلی مه‌دینه‌ش ده‌یخوێندنه‌وه.

هه‌روه‌ك چۆن كیسائی پێشه‌وا بو له‌ زانستی قیرائاتدا به‌هه‌مان شێوه‌ پێشه‌وا بو له‌ زمانی عه‌ره‌بی و زانستی نه‌حودا.

پێشەوا شافعی دەربارەی کیسائی دەفەرموێت: ئەوەی دەیوێت تەواو شارەزابێت لە زانستی نەحو ئەوە دەبێت ئاستی خۆی بەرزکاتەوە تا بگات بە کیسائی.

کیسائی سەرپەرشتی کوڕی هاڕونی ڕەشیدو مەئمونی دەکردو هاوەڕێیەتی هاڕونی ڕەشیدیشی کردووە، هاڕونی ڕەشید زۆر ڕێزی لە کیسائی دەگرت و قوڕئانی بەسەر دەخوێندو دەیکرد بە پێشەواو نوێژی لەدواوە دەکردو هەر پرسیارێکی ئاینی هەبوایە لێی دەکرد.

❖ شێخەکانی کیسائی

شێخەکانی کیسائی بریتی بوون لە: موحەممەدی کوڕی ئەبو لەیلاو عیسای کوڕی عومەری هەمەدانی و عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبو حەمادو ئەبو حیوە شەریحی کوڕی یەزیدو موفەزەلی کوڕی موحەممەدی زەبی، لەگەڵ زائیدەی کوڕی قودامە لە ئەعمەش و ئەبو بەکری کوڕی عەیاش.

پێشەوا کیسائی گەشتی بۆ شاری بەصرە کردووە بەمەبەستی وەرگرتنی زانستی زمانی عەرەبی لە خەلیلی کوڕی فەراهیدی و هەندێکی تر لە شێخەکان.

کیسائی چوار جار قورئانی بەسەر حەمزەی زەیات خوێندۆتەوە، ئیبن جەزەری دەفەرموێت: وپشتی بەم خوێندنەوانە بەستووە.

❖ قوتابیه‌كانی پێشه‌وا كیسائی

ژماره‌یه‌كی زۆر له خه‌ڵك زانستی قیراِئاتیان له كیسائی وه‌رگرتووه له ڕێگه‌ی خوێندنه‌وه‌و بیستن و به‌سه‌ردا خوێندنه‌وه وه‌ك ئه‌بو عوبێد قاسمی كوڕی سه‌لام و له‌یسی كوڕی خالیدو حه‌فصی كوڕی عومه‌ری دوری، له‌گه‌ڵ خه‌ڵه‌ف كوڕی هیشامی به‌زارو عه‌بدوالله ی كوڕی ذه‌كوان و ئه‌حمه‌دی كوڕی جوبه‌یرو ئه‌حمه‌دی كوڕی مه‌نصوری به‌غدادی، وه‌هه‌روها قوته‌یبه‌ی كوڕی مه‌هران و موغیره‌ی كوڕی كیسائی، یه‌حیای كوڕی ئاده‌م و یه‌حیای كوڕی یه‌زیدی فه‌ڕاو وكه‌سانی تر.

❖ په‌رتوكه‌كانی كیسائی

پێشه‌وا كیسائی خاوه‌ن كۆمه‌ڵێك په‌رتووكی زۆر نایابه، له‌وانه(كتاب القراءات، وكتاب النحو، وكتاب معاني القرآن، وكتاب مقطوع القرآن وموصوله، وكتاب الهاءات، وكتاب الحروف، وكتاب النوادر، وكتاب الهجاء، وكتاب المصادر) **وه‌هه‌ندێكی تر جگه له‌ئه‌وانه.**

❖ مردنی كیسائی

كیسائی له ساڵی189**ی كۆچی وه‌فاتی كردووه، واتا له ته‌مه‌نی**70 **ساڵیدا، له گوندی**(بَرَنْـبَـوَيْـه) **كه گوندێكه له گونده‌كانی ڕه‌ی**[1] **له‌و كاته‌ی كه به‌ره‌و خوراسان ده‌چو له‌گه‌ڵ خه‌لیفه هارونه ڕه‌شید، ئه‌بو موحه‌ممه‌د یه‌حیای كوڕی موباڕه‌كی یه‌زیدی پێدا هه‌ڵگوتوه‌و مه‌دحی كردووه.**

---

[1] ڕه‌ی: شارێكی فارسی به‌ناوبانگه، به گه‌وره شار ئه‌ژمار ده‌كرێت، (برنبويه) **گوندێكه له گونده‌كانی ڕه‌ی.**

ڕاویه‌كان كیسائی

به‌ناوبانگترین ئه‌و كه‌سانه‌ی ڕاسته‌وخۆ زانستی قیرائاتیان لیٚ وه‌رگرتووه دوو ڕاوین:

- **ڕاوی یه‌كه‌م:** (ئه‌بولحارث)(ڕه‌حمه‌تی خودای لیٚبیٚت).
- **ڕاوی دووه‌م:** (حه‌فصی دووری)(ڕه‌حمه‌تی خودای لیٚبیٚت).

1- ئه‌بولحارث(ڕه‌حمه‌تی خودای لیٚبیٚت)

ئه‌بولحارث له‌یسی كوڕی خالیدی مه‌روزی به‌غدادیه، حافز ئه‌بو عه‌مری دانی ده‌فه‌رمویٚت: حارث كه‌سیٚكی باوه‌ڕپیٚكراوو زیره‌ك بو وردبین بوو له قیراٮاتدا، له گه‌وره‌پیاوو ناودرانی قوتابی كیسائی بوو، ئیبن جه‌زه‌ری ده‌فه‌رمویٚت: باوه‌ڕپیٚكراویٚكی به‌ناوبانگ و زیره‌ك بوو.

ئه‌بولحارث قورئانی بۆ كیسائی خویٚندۆته‌وه، وپیته‌كانی له حه‌مزه‌ی كوڕی قاسمی ئه‌حوه‌ل و یه‌زیدی وه‌رگرتووه، زانستی قیرائه‌تی به بیستن و خویٚندنه‌وه لیٚ وه‌رگرتووه هه‌ر یه‌ك له(سه‌لمه‌ی كوڕی عاصب هاوڕیٚی فه‌ڕاءو موحه‌ممه‌دی كوڕی یه‌حیای كیسائی بچوك، له‌گه‌لٚ یه‌عقوبی كوڕی ئه‌حمه‌دی توركمانی و فه‌زلی كوڕی شاذان و هه‌ندیٚكی تر.

ئه‌بولحارث له سالٚی240ی كۆچی وه‌فاتی كردووه(ڕه‌حمه‌تی خودای لیٚبیٚت).

ڕێگاكانی گێڕانه‌وه له ئه‌بولحارث(ڕه‌حمه‌تی خودای لێبێت)

له دوو ڕێگاوه له ئه‌بولحارث گێڕدراوته‌وه:
- **ڕێگه‌ی یه‌كه‌م:** موحه‌ممه‌دی كوڕی یه‌حیای به‌غدادی، كه له ساڵی288ی كۆچی وه‌فاتی كردووه، موحه‌ممه‌د كه‌سێكی به‌ته‌منی شاره‌زاو وردبین بوو، له‌م په‌رتووكه پشتی پێ ده‌به‌سترێت.
- **ڕێگه‌ی دووه‌م:** سه‌لمه‌ی كوڕی عاصم.

2- ڕاوی دووه‌م حه‌فصی دوری(ڕه‌حمه‌تی خودای لێبێت)

حه‌فصی دوری ئه‌بو عومه‌ره، ناوی ته‌واوی عومه‌ری كوڕی عه‌بدولعه‌زیزی دوری ئه‌زدی به‌غدادی نه‌حویه، كه پێی ده‌گوترێت دابه‌زیوی سامه‌ڕا، پێشه‌وای قوڕائان و شێخی خه‌ڵك بووه له سه‌رده‌می خۆیدا، له سه‌رده‌می مه‌نصور له دایك بووه له ساڵی150ی كۆچی له گه‌ڕه‌كی دوور، مه‌به‌ست له(دوور) شوێنێكه له شاری به‌غدای پایته‌ختی ئێستای عیراق كه ده‌كه‌وێته به‌شی ڕۆژهه‌ڵات، به دووری ئه‌بو عه‌مر ناسراوه چونكه له‌وه‌وه ڕیوایه‌ت كراوه، یان به دووری كیسائی ناسراوه چونكه له كیسائی ڕیوایه‌تی كردووه.

حه‌فصی دوری كه‌سێكی وردبین و باوه‌ڕپێكراوبوو، گوتراوه ئه‌و یه‌كه‌م كه‌س بووه كه زانستی قیرائاتی كۆكردۆته‌وه‌و ڕێكی خستووه، قورئانی به حه‌وت قیرائه‌ته‌كه‌و شازه‌كان خوێندۆته‌وه‌و بابه‌تی زۆری له‌سه‌ر ئه‌وه گوێ بیست بووه، ئه‌وانه‌ی لای ئه‌و خوێندویانه زۆرن ئه‌مانه ناوی هه‌ندێكیانه:
ئیسماعیلی كوڕی جه‌عفه‌ر له نافع، هه‌روه‌ك چۆن به‌سه‌ر براكه‌ی خۆیدا خوێندویه‌تیه‌وه یه‌عقوبی كوڕی جه‌عفه رله ئیبنو جه‌ماز له ئه‌بو جه‌عفه‌ر، وه‌هه‌روها سه‌لیم و موحه‌ممه‌دی كوڕی سه‌عدان له حه‌مزه، وبه قیرائه‌تی كیسائی به‌سه‌ر كیسائی‌ش خوێندویه‌تیه‌وه،

وهەروها ئەبو بەکر لە عاصم و حەمزەی کوڕی قاسم لە هاوەڵانی خۆی، لەگەڵ یەحیای یەزیدی و شوجاعی کوڕی ئەبو نەصری بەلخی، وهەروها قیڕائەتی نافعی وەرگرتووەو بەسەر زۆرکەسدا خوێندویەتیەوە.

بەسەری دا خوێندۆتەوەو قیڕائەتی وەرگرتووە ئەحمەدی کوڕی حەڕب کە شێخی موتەوعیە، لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی فەڕح کە ئەبو جەعفەر موفەسیری بەناوبانگە، لەگەڵ ئەحمەدی کوڕی یەزیدی حەلوانی و ئەحمەدی کوڕی مەسعودی سیڕاج، وئیسحاقی کوڕی ئیبڕاهیمی عەسکەری و ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدو ئیسماعیلی کوڕی یونسی کوڕی یاسین و عەبدوڕەحمانی کوڕی عەبدوس، لەگەڵ موحەممەدی کوڕی حەمدونی قەتیعی و کەسانی تریش.

ئەبو داود دەفەرموێت: پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەلم بینی دەربارەی ئەبو عەمری دوری دەینوسی.

ئەحمەدی کوڕی فەڕەحی موفەسیر دەفەرموێت: پرسیارم لە دوری کرد بۆچونت چیە لەسەر قورئانی پیرۆز؟ لە وڵامدا فەرموی: قورئان فەرمودەی خودایەو دروستکراو نیە.

ئەهوازی دەفەرموێت: دوری لەپێناو پەیداکردنی زانستی قیڕائاتدا گەشتی کردووە بەهەمو جۆرە خوێندنەوەیەك خوێندۆتەوە، خوێندنەوە متواتیرەکان و صەحیح و شازەکان لەسەر ئەم بابەتە شتی زۆری بیستووە.

پێشەوا زەهەبی(ڕەحمەتی خودای لێبێت) دەفەرموێت: لەهەمو شوێنێکەوە خەڵك ڕویان تێدەکرد بەهۆی شارەزابونی سەنەدەکەی و زانستە فراوانەکەی، هەروها دەفەرموێت: ئیبنو ماجە فەرمودەی لە دوری گێڕاوتەوە لە سونەنی خۆیدا، وئەبو زەرعەی ڕازی و حاجبی کوڕی ئەرکین و موحەممەدی کوڕی حامدو خەلکانێکی زۆر لێیان گێڕاوتەوە.

ئیبنو نەفاح دەفەرموێت: گوێم لە دوری بو دەیفەرمو: قورئانم خەتم كرد بەسەر ئیسماعیلی كوڕی جەعفەر بەخوێندەوەی خەڵكی مەدینە، وبەسەردەمی نافع گەیشتم، ئەگەر ئێستا دە درهەمم هەبوایە بە خزمەتی دەگەیشتم.

❖ كتێبەكانی دوری

یەكێك لە پەرتوكەكانی دوری بەناوی(ما اتفقت ألفاظه ومعانيه من القرآن) وهەروها پەرتوكی(أحكام القرآن والسنن)و(فضائل القرآن)و(أجزاء القرآن).

دوری جیاكەرەوەیەكی تایبەتی هەبوو لە زانستی ڕیوایەتی قیراِئاتدا، هەندێك جار لە ئەبو عەمری بەصری وەرگرتووەو هەندێك جاریش لە كیسائی ئەوەی ئێمە واباس دەكەین، تەنها ئەوە نەبێت ئەوەی لە ئەبو عەمری وەرگرتووە ڕاستەوخۆ نەبووە بەڵكو لە ڕێگەی یەحیای یەزیدی بووە، بەڵام ئەوەی لە كیسائی وەرگرتووە ڕاستەوخۆ بووە.

تەمەنی درێژبووە لە خوێندنەوەو قیراِئات و ورگرتن و دانەوەدا، لەكۆتایی تەمەنیدا چاوەك انی لە دەستداوە، خەڵكی لە هەمولایەكەوە ڕویان تێكردووەو سودی زۆریان لێبینیوە، تاوەك و كۆچی دوایی كردووە لە مانگی شەوالدا ساڵی دوو سەت وچل و شەشدا،(ڕەحمەتی خودای لێبێت).

ڕێگاكانی گێڕانەوە لە دوری(ڕەحمەتی خودای لێبێت)

لە دوری ڕیوایەت كراوە بە دوو ڕێگا:

- **ڕێگای یەكەم:** جەعفەری نوصەیبی كە لە ساڵی(307)ی كۆچی وەفاتی كردووە، بەپێی بۆچونی زەهەبی كە ئەو وای فەرمووە، جەعفەر شێخی نوصەیبیەكان بووە لە زاستی قیراِئات و لێزانین و لێهاتوییدا لەم بابەتە، ئەوەش لەم پەرتووكە پشتی پیٚ بەستراوە.

- **ڕێگای دووەم:** ڕێگەی ئەبو عوسمانی ضەریرە.

سه‌نه‌دی قیرائه‌تی كیسائی

كیسائی قورئانی پیرۆزی خوێندۆته‌وه به‌سه‌ر موحه‌ممه‌دی كوڕی ئه‌بی له‌یلاو عیسای كوڕی عومه‌ری هه‌مه‌دانی و حه‌مزه‌ی زه‌یات، ئه‌وانیش به‌سه‌ر سوله‌یمانی ئه‌عمه‌ش ئه‌ویش به‌سه‌ر یه‌حیای كوڕی وثاب به‌سه‌ر عه‌لقه‌مه‌ی نوخعی به‌سه‌ر عه‌بدوالله ی كوڕی مه‌سعود(ڕه‌زای خودای لێبێت) ئه‌ویش به‌سه‌ر پێغه‌مبه‌ر(ﷺ).

جیاوازی نێوان دوری و كیسائی

جیاوازی له نێوان دوری و كیسائی له ئه‌بو حاریثه‌وه‌یه ئه‌ویش له دوو بابه‌تدا له ئوصول:

✓ **بابه‌تی یه‌كه‌م:** له باسی فه‌تح و ئیماله‌دا كه دواتر به درێژی باسی ده‌كه‌ین

✓ **بابه‌تی دووه‌م:** له تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ل) له پیتی(ذ) له ئایه‌تی(يفعل ذلك) ئه‌وه‌ش لای ئه‌بولحارث به پێچه‌وانه‌ی دوری ده‌یخوێنێته‌وه، به‌ڵام جگه له‌م دوو شوێنه‌دا هه‌ردولا هاوڕان له‌گه‌ڵ یه‌كتر.

ده‌رباره‌ی فه‌ڕش ئه‌بولحارث هاوڕایه له‌گه‌ڵ دوری له هه‌مو فه‌رشدا، ته‌نها یه‌ك وشه نه‌بێت ئه‌ویش(يطمثهن) ئایه‌تی56و74ی سوره‌تی ڕه‌حمان، ئه‌م وشه جیاوازی له‌سه‌ره له‌نێوان جێبه‌جێكاراندا، دواتریش به درێژی باسی ده‌كه‌ین له په‌رتوكی ئوصول، ان شاء الله.

بنچینه‌كانی قیرائاتی كیسائی

ئوصول: كۆیه تاكه‌كه‌ی(أصل) ـه له زمانی عه‌ره‌بیدا به‌و بناغه‌و بنچینه ده‌گوترێت كه شتی له‌سه‌ر بونیاد ده‌ندرێت.

ئوصول له ڕووی زاراوه‌دا: هه‌موو بڕیارێكی گشتی ده‌گرێته‌وه كه بچه‌سپێت له‌سه‌ر ئه‌وشتانه‌ی مه‌رجی بڕیاره‌كه لێی بێته دی، یان مه‌به‌ست له ئوصول واتا یاسا گشتیه‌كان، وه‌ك(مد) درێژكردنه‌وه‌و(القصر) كورت كردنه‌وه‌و(الفتح) كردنه‌وه‌و(الاماله) لاركردنه‌وه‌و هاوشێوه‌ك انی.

الفرش: له زمانی عه‌ره‌بیدا واتا ڕاخستن و بلاَوكردنه‌وه.

الفرش له زاراوه‌دا: بریتیه له‌و بڕیاره‌ی تایبه‌ته به هه‌ندێ وشه‌ی قورئانی كه ڕای جیاوازی له‌سه‌ره له نێوان قاریئه‌كانی له‌گه‌لْ دانه‌پالْی هه‌ر خوێندنه‌وه‌یه‌ك بۆ قاریئه‌كه‌ی، وه‌ك {مَـٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ}.

له خوێندنه‌وه‌ی عاصم و كیسائی‌دا وشه‌ی{مَٰلِكِ}، ئه‌لیف جێگیركراوه له دوای پیتی میم، به‌لاَم جگه له‌ئه‌وان وه‌ك نافع و ئیبن كه‌ثیرو ئه‌بو عه‌مرو ئیبنو عامیرو حه‌مزه ئه‌لیفه‌كه لاده‌به‌ن، واتا به‌بێ ئه‌لیف ده‌یخوێننه‌وه، وه‌ك {مَلِكِ}.

هه‌ر وشه‌یه‌ك خولاَنه‌وه‌ی كه‌م له خوێندنه‌وه جیاوازه‌كانی قورئان یان بۆچونی جیاوازی له‌سه‌ر بێت ئه‌وه پێیده‌گوترێت فه‌رش، چونكه كه باس كراوه له شوێنی خۆی له سوره‌ته‌كاندا به‌پێی ریزبه‌ندی قورئانی، ئه‌وه وه‌ك ڕایه‌خراوێكی لێدێت كه ڕاخرابێت.

ههندێك له فهرش ههیه كه دهكرێت حوكمهكهی گشتگیر بكرێت، وهك زهنهداركردنی پیتی(د) له وشهی(ٱلْقُدُسِ)، لای ئیبن كهثیر، به پێچهوانهوه ههندێك خوێندنهوهی ههیه له ئوصول ناكرێت حوكمهكهیان گشتگیر بكرێت، ههر وهك له شوێنه دیارهكانی وهك پیتی(ی)ی دانهپاڵ و(ی)ی زیاده، یان وهك ههندێ وشهی تر كه له بابهتی ههمزهكان و ئیمالهدا باسی دهكهین، ئهو پۆلێنكردنهش پشت دهبهستێت بهوهی ئایه ئهو حاڵهته زۆر دووباره بۆتهوه یان كهم.



بابەتی پیتی(میم)ی كۆ

میمی كۆ بریتیە لە پیتێكی زیادە لە پێكهاتەی وشەدا كە بۆ نێری كۆ(جمع المذكر) بەكاردێت، وهەروها(مێ)ش دەگرێتە خۆی، جیاوازیش نیە حەقیقەت بێت یان ئەوەی وەك نێری كۆ بەكاردێت، بەلاَم بەخۆی نێری كۆ نیە.

دەرچوو لە پێناسەكە: واتا ئەو شتانەی كە پێناسەكە نایان گرێتەوەو لە بازنەی پێناسەكەدا دەردەچن:-

- **میمی زیادە:** كە لە پێناسەكەدا گوترا میمی زیادە، واتا ئەم پیتە میمە ناگرێتەوە كە زیاد نەبێت و بنچینەو ئەصلی وشەكە بێت وەك[بِمَ، ٱحۡكُم، أَلَمۡ].
- **واتای كۆی نێر بدات:** ئەمە ناگرێتەوە ئەگەر پیتی میمەكە واتای كۆی نێر نەدات، واتا بەكارهاتبێت بۆ تاك یان بۆ دووان وەك[أهكما].
- **كۆی مێ دەگرێتەوە:** وەك[عليكم الصيام]، لێرەدا پیتە میمەكە بەكار هاتووە بۆ نێرو مێ، واتا هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە.
- **لە زمانی عەرەبیدا:** پیتی(م) دەگرێتەوە لە وشەی[منكم]، پیتی(م) لەم وشە بە میمی كۆ دادەندرێت لە زمانی عەرەبیدا.
- **لە بەكار هێنانی قورئاندا:** ئەوەدەگرێتەوە[ملئهم] لە ئایەتی{على خوفٍ من فرعون وملئهم أن يفتنهم}،(یونس:83)، لێرەدا ڕاناو دەگەڕێتەوە بۆ فیرعەون بە تەنها بەلاَم بە شێوەی كۆ بەكار هاتووە، كەواتە: ئەم میمەش بە میمی كۆ ئەژمار دەكرێت.

نیشانەی(میم)ی كۆ

- ئەگەر لایبەری لە وشەدا مانای وشەكە تێك نادات، وەك(علیكم)، دەبێتە(علیك).
- یەكێك لەم سێ پیتانە لە پێش میمەكەدا بێت[1].

أ- پیتی(ك) وەك { منكم }، وتەنها ضەممەدار دەبێت.

ب- پیتی(ت) وەك { كنتم }، وتەنها ضەممەدار دەبێت.

ت- پیتی(ه) وەك { أموالهُم }، یان ضەممەدار دەبێت، وەك لە نمونەی پێشو باس كرا، یان كەسرەدار دەبێت وەك(بهِم).

---

[1] یەك شوێن جیاكراوتەوە، هەمزە كەوتۆتە پێش پیتی پیتی(م)ی كۆ(میم الجمع)، ئەوەش لە ئایەتی19ی سورەتی حاقەیە{هاؤم} لێرەدا بەواتای (هلموا اقرؤوا كتابیە)، هەندێ لە زمانەوانان دەڵێن: بە واتای (هاكم) دێت، پیتی(ك) گۆڕدراوە بە پیتی هەمزە، هەروەك قوتەیبی ئاماژەی پێ كردووە، رەضی دەفەرموێت:(ها) ناوێكە بە واتای (بگرە) دێت وهەشت جۆر زمانی تێدایە، ئەمە یەكێكە لەم زمانانە: لەبری پیتی ئەلیف هەمزەی پێوە بلكێندرێت گۆڕانكاریەكانیشی وەك گۆڕانكاری پیتی(ك) دەبێت، وەك(هاؤما، هاؤم، هاءِ، هاءَ، هاؤن)، باوكی قاسم فەرمویەتی: بەچەن شێوازو زمانێك دەخوێندرێتەوە چاكترینیان ئەوەی سێبەوەیهی باسی كردووە لە پەرتوكەكەی خۆیدا دەفەرموێت : عەرەب دەڵێن:(هاءَ یا رجل) بیگرە ئەی پیاو، هەمزەكەی فەتحەدار دەكەن، و(هاءِ یا امرأة) بیگرە ئەی ئافرەت بۆ ئافرەت هەمزەكە كەسرەدار دەكرێت، و(هاؤما یا رجلان أو امرأتان، وهاؤم یا رجال، وهاؤن یا نسوة) پیتی(م) لە وشەی (هاؤم) وەك پیتی میمەكە بۆ ئێوە بەكاردێت، وضەممەدار كردنیشی وەك ضەممەدار كانی ترە لە هەندێ شوێن.

حاله‌ته‌كانی(م)ی كۆ

پیتی(م)ی كۆ دوو باری هه‌یه :-

❖ حاڵه‌تی یه‌كه‌م:

پیتێكی زه‌نه‌داری به‌دواداب‌یێت، زۆربه‌ی قاریئه‌كان ضـه‌ممه‌داری ده‌كه‌ن بیٚ لكاندن، به شێوه‌یه‌ك بنچینه‌ی پیتی(م)ی كۆ ضـه‌ممه‌داره، وه‌ك { وإذ فرقنا بكمُ البحر }، **ئه‌گه‌ر پیتی(ه) بكه‌وێته پێش پیتی(م)ی كۆ، مه‌نهه‌جی پێشه‌وا كیسائی له باری نه‌وه‌ستاندا بریتیه له: كه‌سره‌داركردنی پیتی(م)ی كۆو ئه‌و پیته هائه‌ی ده‌كه‌وێته پێش میمه‌كه به دوو مه‌رج:**

- **مه‌رجی یه‌كه‌م: ده‌بێت له پێش پیتی(ه) كه‌سره یان(ی)ی زه‌نه‌دار هاتبێت.**
- **مه‌رجی دووه‌م: پیتێكی زه‌نه‌دار بكه‌وێته دوای پیتی(م)ی كۆ، نمونه بۆ ئه‌و دوو مه‌رجه:**

{بِهِمُ الأسباب، عليهِمُ الأوليان، عليهِمُ الباب، يريهِمُ الله، قلوبِهِمُ العجل، قبلتِهِمُ التي، عليهِمُ القتال}.

ئه‌گه‌ر خوێنه‌ر وه‌ستا له‌سه‌ر ئه‌و وشه‌ی كه كۆتاییه‌كه‌ی پیتی(م)ی كۆیه ئه‌وه كه‌سره‌كه‌ی بۆ ده‌گه‌ڕێته‌وه، وه‌ك(يريهِم، قلوبِهِم).

به‌ڵام ئه‌گه‌ر پیتی(ه) نه‌كه‌وێته پێش پیتی(م) وئه‌و پیته هائه‌ش كه‌سره‌دارێكی له‌پێش بوو یان پیتی(ی) زه‌نه‌دار بوو، له‌و كاته‌دا پیتی(م)ی كۆ ضـه‌ممه‌دار ده‌كرێت و پیتی پێش خۆی له‌باری خۆیدا ده‌مینێته‌وه، وه‌ك{وأنتمُ الأعلون، ألهاكمُ التكاثر}.

❖ **حاڵه‌تی دووه‌م:** له دوای پیتی(م)ی كۆ پیتێكی جووڵه‌داری به‌دوادابێت، وپێشه‌وا كیسائی هاوڕایه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له‌م باره‌یه‌وه.

حوكمی
به‌یه‌ك گه‌یشتنی دوو پیتی زه‌نه‌دار

ئه‌گه‌ر دوو پیتی زه‌نه‌دار به‌یه‌ك گه‌یشتن له دوو وشه‌دا ئه‌وه كیسائی زه‌نه‌ی وشه‌ی یه‌كه‌م ده‌گۆڕێت به ضـه‌مه ئه‌گه‌ر وشه‌ی دووه‌م ده‌ست پێكردنی به هه‌مزه‌ی لكاوی ضـه‌مه‌دار بوو، هۆكاره‌كه‌شی ئه‌وه‌یه گواستنه‌وه له كه‌سره‌وه بۆ ضـه‌م په‌سند نیه، دواتر جووله‌داركردنی زه‌نه‌ی یه‌كه‌م به ضـه‌مه به‌ڵگه‌یه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی جووله‌ی هه‌مزه‌ی لكاو له‌كاتی ده‌ستپێكردن به وشه‌ی دووه‌م ضـه‌مه‌یه، وه‌ك{ولقد استهزئ}،{خبيثةٍ اجتثت}، {أنُ اقتلوا}،{برحمةٍ ادخلوها}،{أوُ انقص}.

خوێنه‌ر ئاگاداره‌كرێته‌وه له ضـه‌مه‌داردا ئه‌گه‌ر وشه‌ی دووه‌م به هه‌مزه‌ی لكاو ده‌ستی پێكردبوو، به‌لأم ئه‌گه‌ر وشه‌ی دووه‌م به هه‌مزه ده‌ستی پیٚ نه‌كردبو ئه‌وه ضـه‌مه‌دار ناكرێت له‌كاتی ده‌ست پێكردن به‌و، وه‌ك(بغلامٍ اسمه، قلِ الروح، أنِ امشوا).

بابه‌تی
ئه‌حكامی نونی ساكین و ته‌نوین

ئه‌م بابه‌ته به‌گشتی یه‌كسانه له‌گه‌ڵ ئه‌حكامی پێشه‌وا حه‌فص ته‌نها له‌م شوێنانه نه‌بێت:

پێشه‌وا كیسائی تێكهه‌ڵكێشانی كردووه بۆ پیتی(ن) له‌گه‌ڵ پیتی(و) له هه‌ر یه‌ك له ئایه‌تاكانی{يسٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ}،{نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ}.

پێشه‌وا كیسائی تێكهه‌ڵكێشانی كردووه بۆ پیتی(ن) له‌گه‌ڵ پیتی(ر) له ئایه‌تی(مَنۡ رَّاقٖ)(قیامه:27)، چونكه لێره‌دا زه‌نه‌داری ناكات، ئه‌مه‌ش پێچه‌وانه‌ی پێشه‌وا حه‌فصه.



بابهتى(هائى) كینایه

هۆى ناونانى بههائى كینایه چونكه ناسناوێكى وهرگرتووه ئهویش بهكارهاتنیهتى بۆ كهسى سێ یهمى تاكى نێر(له زمانى عهرهبى)، وپێشى دهگوترێت هائى(الضمير) ڕاناو، له زاراوهى قوڕائهكان ناسراوه بههائى زیاده، ئهوهى واتاى كهسى سێ یهمى تاكى نێر دهبهخشێت.

كه دهڵێین هائى زائیده مهبهستمان هائى بنچینه نیه، واتا هائى ئهصڵى ناگرێتهوه وهك[لَئِن لَّمۡ تَنتَهِ يَٰنُوحُ](شوعهڕا:116).

كه گوتمان واتاى كهسى سێ یهمى تاكى نێر دهدات، ئهوه ناگرێتهوه هائێك بۆ تاكى مێ وهك[إِلَيۡهَا]، ئهوهش ناگرێتهوه كه بۆ دووانه(موثهننا) وهك[عَلَيۡهِمَا]، یان ئهوهى بۆ كۆ بهكارهاتووه وهك[إِلَيۡهِمۡ، إِلَيۡهِنَّ].

هائى كینایه بهناو(اسم) دهلكێت، وهك﴿أَجَلِهِۚ﴾، به كاریش(فعل) دهلكێت، وهك﴿يُعَلِّمُهُ﴾، به پیتیش دهلكێت، وهك﴿إِلَيۡهِ﴾.

هائى كینایه له بنچینهدا ضهممهداره، وهك(لَهُ).
هائى كینایه كهسرهدار دهبێت ئهگهر كهسرهى له پێشدا هاتبوو.
هائى كینایه كهسرهدار دهبێت، ئهگهر پیتى(ى)ى له پێشدا هاتبوو.

جگه لهم دوو شوێنه هائی كینایه ضـهممهدار دهبێت لهبهر كاركردن به بنچینهی خۆی، وهك له ڕیوایهتی حهفصدا هاتووه له ئایهتی﴿وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ﴾ (**كههف**:63)، **وئایهتی**﴿بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ﴾،(**فهتح**:10)، **ههروها پێشهوا حهمزه** (طه:10) و (**قهصهص**:29)، **بهم شێوه دهخوێنێتهوه** ﴿لِأَهۡلِهِ ٱمۡكُثُوٓاْ﴾.



حاله‌تی هائی كینایه

هائی كینایه له‌ قورئانی پیرۆز چوار باری هه‌یه‌، ئه‌وانیش بریتین له‌:

1- بكه‌وێته‌ نێوان دوو زه‌نه‌دار، واتا پێش و پاشی زه‌نه‌بێت، وه‌ك{فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ، وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ، ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ}.

2- پێشی جووله‌دارو پاشی زه‌نه‌ بێت، وه‌ك{قَوْلُهُ ٱلْحَقُّ، لَهُ ٱلْمُلْكُ وَلَهُ ٱلْحَمْدُ، رَبِّهِ ٱلْأَعْلَىٰ}.

قاریئه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ نابێت له‌و دوو باره‌دا هائی كینایه‌ به‌ لكاو بخوێندرێته‌وه‌ تا دوو زه‌نه‌دار به‌یه‌كه‌وه‌ كۆنه‌بنه‌وه[1].

3- پێش هائه‌كه‌ زه‌نه‌دار بێت و پاشی جووله‌، وه‌ك{وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ، خُذُوهُ فَٱعْتِلُوهُ إِلَىٰ سَوَآءِ ٱلْجَحِيمِ، مَا عَقَلُوهُ وَهُمْ}.

كۆ ده‌نگی زانایان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌م شوێنانه‌دا هائی كینایه‌ به‌ صیله‌ ناخوێندرێته‌وه‌، ته‌نها هه‌ندێكیان نه‌بێ كه‌ له‌ هه‌ندێ باردا به‌ صیله‌ ده‌خوێندرێته‌وه‌.

ئه‌وه‌ نه‌بێت به‌شێكیان جیایان كردۆته‌وه‌،(واتا له‌ هه‌ندێ كاتدا لكاوی ده‌كه‌ن)، به‌لام پێشه‌وا ئیبن كه‌ثیر له‌م باره‌دا به‌ صیله‌ ده‌خوێنێته‌وه‌، دواتریش باسی ده‌كه‌ین و ئاگاداره‌بین له‌سه‌ری.

---

[1] **ته‌نها شوێنێك نه‌بێت، به‌رزی خوێندویه‌تیه‌وه‌ له‌ ئیبن** كثير **كه‌ هائی كینایه‌ی به‌ پیتی(و)ی لكاندووه‌و پیتی(ت)ی دوای هائه‌كه‌شی شه‌ده‌دار كردووه‌، وه‌ك(**تَلَهَّىٰ**)، له‌(ئه‌علی:10)**﴿فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّىٰ﴾**(عه‌به‌سه‌:15)**

4- بکەوێتە نێوان دوو جووڵە وەك﴿فَأَخۡرَجَ بِهِۦ مِنَ ٱلثَّمَرَٰتِ﴾.

لەم بارەدا هەموو قاریئەکان پیتی(ه)یان لکاندووە بە پیتی(و)ی گوتراو(لفظي) ئەگەر ضەممەدار بوو، ولکاندویانە بە پیتی(ی) ئەگەر کەسرەدار بوو، تەنها لە هەندێ باری تایبەت نەبێت.



حوكمی
هائی كینایه لای پێشه‌وا كیسائی

جیاوازی نێوان كیسائی و حه‌فص له بابه‌تی هائی كینایه كورتكراوته‌وه له‌م خالآنه‌ی خواره‌وه:

أ- كیسائی پیتی(هـ) به صیله ده‌خوێنێته‌وه له سێ شوێندا:

1- وشه‌كانی {أَرۡجِهۡ وَأَخَاهُ}، **له(ئه‌عراف:**111**)و(شوعه‌ڕا:**36**)، به‌م شێوه‌یه**{أَرۡجِهِ وَأَخَاهُ}.

2- {وَيَتَّقۡهِ فَأُوْلَـٰٓئِكَ}، **له(نور:**52**)، له‌گه‌ڵ تێبینی ئه‌وه‌ی كیسائی به كه‌سره‌داركردنی پیتی(ق) ده‌خوێنێته‌وه له‌م بابه‌ته به‌هه‌مان شێوه، وه‌ك**{وَيَتَّقِهِ فَأُوْلَـٰٓئِكَ}.

3- {فَأَلۡقِهۡ إِلَيۡهِمۡ}، **له(نه‌مل:**28**)، به‌م شێوه‌یه**{فَأَلۡقِهِۦٓ إِلَيۡهِمۡ}[1].

ب- كیسائی پیتی(هـ) ضه‌مه‌دار ده‌كات له‌گه‌ڵ صیله له ئایه‌تی(وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُ لَكُمۡۗ)**(زومه‌ڕ:**7**) به‌م شێوه‌یه**[وَإِن تَشۡكُرُواْ يَرۡضَهُۥ لَكُمۡۗ].

---

[1] **له‌باری لكاودا درێژكردنه‌وه‌ی صیله دروست ده‌بێت.**

ت- كیسائی پیتی(هـ) كه‌سره‌دار ده‌كات له‌{وَمَآ أَنسَىٰنِيهُ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ}(كه‌هف:63)، به‌م شێوه‌یه‌[وَمَآ أَنسَىٰنِيهِ إِلَّا ٱلشَّيۡطَٰنُ]، ئیماله‌ی (أَنسَىٰنِيهِ) دروست ده‌بێت.

ث- ئایه‌تی{وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهُ ٱللَّهَ}(فه‌تح:10) به‌م شێوه‌[وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِمَا عَٰهَدَ عَلَيۡهِ ٱللَّهَ]، ئیماله‌ی وشه‌ی أوفی دروست ده‌بێت، له‌گه‌ل لاوازكردنی پیتی(ل) له‌ وشه‌ی الله چونكه‌ كه‌سره‌ی له‌پێشدا هاتووه‌.

ج- كیسائی پیتی(هـ) به‌بێ صیله‌ ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌{وَيَخۡلُدۡ فِيهِۦ مُهَانًا}(فورقان:69) به‌م شێوه‌یه‌[فِيهِ مُهَانًا].

ح- كیسائی له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا ئایه‌تی{لِيَأۡكُلُواْ مِن ثَمَرِهِۦ وَمَا عَمِلَتۡهُ أَيۡدِيهِمۡۚ}[1](یاسین:35) به‌ لابردنی پیتی(هـ)ی كینایه‌ ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌[وَمَا عَمِلَتۡ أَيۡدِيهِمۡۚ].

خ- كیسائی ئایه‌تی{وَفِيهَا مَا تَشۡتَهِيهِ ٱلۡأَنفُسُ وَتَلَذُّ ٱلۡأَعۡيُنُۖ}(زوخروف:71)، به‌ لابردنی پیتی(هـ)ی كینایه‌ ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌[مَا تَشۡتَهِي ٱلۡأَنفُسُ][2].

---

[1]كه‌سائی به‌ ضه‌ممه‌ی پیتی(ث) ده‌خوێنێته‌وه‌(ثُمره).

[2]لابردنی پیتی(ی) له‌باری نه‌وه‌ستاندا به‌هۆی گه‌یشتنه‌ دوو زه‌نه‌دار.

د- كیسائی پیتی(ه)ی كینایه‌و صیله‌كه‌ی به پیتی(ی)ی گوتراو ده‌خوێنێته‌وه له ئایه‌تی{ٱللَّهُ أَعۡلَمُ حَيۡثُ يَجۡعَلُ رِسَالَتَهُۥۗ}(ئه‌نعام:124)، به‌م شێوه‌یه [رِسَالَاتِهِۦ][1].

ذ- كیسائی ئایه‌تی{وَأَسۡبَغَ عَلَيۡكُمۡ نِعَمَهُۥ ظَٰهِرَةٗ وَبَاطِنَةٗۗ}(لوقمان:20)، به گۆڕینی پیتی(ه)ی كینایه به پیتی(ت)ی به‌كارهاتو بۆ مێینه ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه[عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَةً ظَٰهِرَةً]، شاردنه‌وه(اخفاء) دروست ده‌بێت.

ر- كیسائی ئایه‌تی{إِنَّ ٱللَّهَ بَٰلِغُ أَمۡرِهِۦۚ}(طه‌لاق:3)، به ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه‌و صیله‌ی به پیتی(و)ی گوتراو ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه [بَٰلِغٌ أَمۡرُهُۥ][2].

ز- كیسائی ئایه‌تی{وَقِيلِهِۦ يَٰرَبِّ}(زوخڕوف:88)، ده‌خوێنێته‌وه به ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه و صیله‌ی به پیتی(و)ی گوتراو به‌م شێوه‌یه[وَقِيلُهُۥ][3].

---

(1)كه‌سائی ئه‌م شوێنه به كۆ ده‌خوێنێته‌وه، واته: كه‌سره‌داركردنی پیتی(ت)و پیتی(ه)و زیادكردنی ئه‌لیف له دوای پیتی(ل)، ئه‌وه‌ش كه‌سره‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه‌ی له‌سه‌ر دروست ده‌بێت به‌هۆی كه‌سره‌داركردنی پیتی(ت).

(2)كه‌سائی ئه‌م شوێنه به‌ته‌نوینی پیتی(غ)و فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ر) ده‌خوێنێته‌وه، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه دروست ده‌بێت به‌هۆی فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ل).

(3)كه‌سائی به فه‌تحه‌داركردنر پیتی(ل) ده‌خوێنێته‌وه، له‌سه‌ر ئه‌وه‌ش ضه‌ممه‌داركردنی پیتی(ه)ی كینایه دروست ده‌بێت به‌هۆی فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ل).

بابه‌تی هائی ڕاناو

پێشه‌وا كیسائی ڕاناوی كه‌سی سێیه‌م(هُوَ، هِىَ) **زه‌نه‌دار ده‌كات واته پیتی**(ه) **به زه‌نه ده‌خوێنێته‌وه ئه‌گه‌ر بكه‌وێته دوای پیتی**(و)**یان پیتی**(ف)**یان پیتی**(ل)**ی زیاده وه‌ك**{وَهْوَ، وَهْىَ، فَهْوَ، فَهْىَ، لَهْوَ، لَهْىَ}.

ده‌بێته وه‌ك باری پێشو ئه‌گه‌ر بكه‌وێته دوای وشه‌ی(ثُم)، **ئه‌وه‌ش نه‌هاتووه ته‌نها له ئایه‌تی**{كَمَن مَّتَّعْنَـٰهُ مَتَـٰعَ ٱلْحَيَوٰةِ ٱلدُّنْيَا ثُمَّ هْوَ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ مِنَ ٱلْمُحْضَرِينَ}(**قه‌صه‌ص**:61) **نه‌بێت، كیسائی ئه‌م شوێنه له‌باری نه‌وه‌ستاندا به زه‌نه‌ی پیتی**(ه) **ده‌خوێنێته‌وه وه‌ك یاسایێكی تایبه‌ت به‌خۆی له‌م بابه‌ته‌دا، به‌ڵام له‌كاتی ده‌ست پێكردن به‌و به‌ضه‌مه ده‌یخوێنێته‌وه وه‌ك و حه‌فص.**

بابەتی
گواستنەوەی جووڵەی هەمزە بۆ زەنەی پێش خۆی

گواستنەوە لە زمانی عەرەبیدا:

به مانای گواستنەوەو گۆڕینی شتێك لە شوێنی خۆی دێت.

گواستنەوە لە زاراوەدا:

بریتیە لە گواستنەوەی جووڵەی هەمزەی پچڕاو بۆ هەمزەیەکی زەنەداری پێش خۆی، لەگەڵ لابردنی پیتە هەمزەکە بەهۆی ئاسانکردن، ئەوەش بە کار هاتووە لە زمانی هەندێ عەرەب دا.

کیسائی تەنها لە یەك وشە گواستنەوە دەکات، ئەویش فیعلی ئەمرە{اسأل} ئەگەر پێش پیتی(س) پیتی(و) یان پیتی(ف) بێت، وەك{وسْألوا، فَسْألوا، فسْأَل}، بە گواستنەوەی فەتحە بۆ پیتی(س)و هەمزەش لادەچێت، بەم شێوەیە{وسَلُوا، فَسَلُوا، فَسَل}.

بابه‌تی سه‌كت

پێشه‌وا كیسائی وازی له‌م سه‌كتانه هێناوه كه پێویستن(واجب)ن لای حه‌فص، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی كه خوێندنه‌وه‌ی به تێكهه‌ڵكێشانی بۆ بكرێت ئه‌وه‌ی كه ده‌گونجێت تێكهه‌ڵكێشانی بۆ بكرێت، ئه‌وه‌ش ڕویداوه له‌(بَل رَّانَ، مَن رَّاقٍ)، چونكه مه‌رجه‌كانی تێكهه‌ڵكێشان له هه‌ردووكیاندا هه‌یه.

تێبینی:

لای پێشه‌وا كیسائی دوو سه‌كت دروسته، ئه‌وانیش هه‌مان ئه‌و سه‌كتانه‌ن كه لای پێشه‌وا حه‌فص دروستن، مه‌به‌ستیشمان له‌م دوو سه‌كته: ئه‌وه‌ی ده‌كه‌وێته كۆتایی هه‌ر سوره‌تێك كه له پێش سوره‌تی ته‌وبه بێت و له‌گه‌ڵ سوره‌تی ته‌وبه‌ش به‌هه‌مان شێوه، سه‌كته دروسته‌كه‌ی دووه‌م له وشه‌ی{ماليه} له سوره‌تی حاقه.

جیاوازیەکانی
نێوان وەستان و سەکت

1- ماوەی وەستان زیاترە لە ماوەی سەکت.

2- خوێنەر نەفەسێك هەلدەکێشیت لە کاتی وەستاندا، بەلاّم سەکت نەفەس هەڵکێشانی تێدا نیە.

3- سەکت دروست نیە تەنها لەڕێگەی گێڕانەوە نەبێت، بەلاّم وەستان بۆ خوێنەر دروستە لەسەر هەر وشەیەك بیکات بە مەرجێك واتای وشەکە تێك نەدات.

4- دروستە لەباری وەستاندا دووبارە خوێندنەوە بکەیتەوە بەوەی پێش ئەو بابەتەی لەسەری وەستاوە، بەلاّم بۆ سەکت ئەمە دروست نیە.

5- وەستان ڕونادات تەنها لەسەر وشە نەبێت، بەلاّم سەکت ڕودەدات لەسەر وشە یان پیت.

هەمزەی تاك

هەمزە بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆری هەیە:

- ✓ **یەکەم**: هەمزە لە یەك وشەدا دێت، جیاوازیشی نیە ئەو پیتە هەمزە تاکە یان بەرانبەر هەمزەیەکی ترە، ئەگەر پیتی هەمزە بەتەنها بوو یان دەبێتە زەنەدار یان دەبێتە جووڵەدار.

- ✓ **دووەم**: هەمزە بکەوێتە دوو وشەی بەدوای یەکهاتوو.

بابەتی هەمزەی تاك

بریتیە لەو هەمزەی کە هاوێنەی خۆی لەگەڵیدا نەبێت، ئەوەش یان زەنەدار دەبێت یان جوولەدار، پێشەوا کیسائی هاوڕایە لەگەڵ پێشەوا حەفص لەو بابەتەدا، تەنها لەچەند شوێنێکی دیاری کراو نەبێت کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

وشە
تایبەتەکانی کیسائی لە بابەتی هەمزەی تاك

1- کیسائی هەمزە دەگۆڕێت بە ئەلیف لەوشەکانی {يَـأۡجُوجَ وَمَأۡجُوجَ}، [کەهف:94] و [ئەنبیاء:96]، بەم شێوەیە{يَـاجُوجَ وَمَاجُوجَ}.

2- هەمزە دەگۆڕێت بە پیتی(و) لەوشەی{مُّؤۡصَـدَةُۢ}،[بەلەد:20]و [هەمزە:8]، بەم شێوەیە{مُوصَـدَةُۢ}.

3- هەمزە دەگۆڕێت بە پیتی(ی) لەوشەی(ٱلذِّئۡبُ) ئەم وشە لە سێ شوێنی سورەتی یوسف دا هاتووە لە ئایەتەکانی(13،14،17)، بەم شێوەیە{وَأَخَافُ أَن يَأۡكُلَهُ ٱلذِّئۡبُ}{لَئِنۡ أَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُ}{فَأَكَلَهُ ٱلذِّئۡبُۖ}، ئەوە لەسەر کێشی فیعلدایەو بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە{ٱلذِّيبُ}.

4- هەمزەی وشەی(كُفُوًا)،[ئیخلاص:4]، بە پیتی(و) دەخوێنێتەوە، بەم شێوەیە{كُفُؤًا}.

5- هه‌مزه‌ی وشه‌ی(هُزُوًا)، له‌هه‌رشوێنێك هاتبێت به‌ پیتی(و) ده‌خوێنێته‌وه‌، به‌م شێوه‌یه‌{هُزُوًا}.

6- كیسائی هه‌مزه‌ لاده‌بات له‌وشه‌ی(يُضَٰهِـُٔونَ)، له‌ئایه‌تی{يُضَٰهِـُٔونَ قَوْلَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ مِن قَبْلُ}،[ته‌وبه‌:30]، ئه‌م وشه‌ به‌ ضه‌ممه‌ی پیتی(هـ) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌بێ هه‌مزه‌ به‌م شێوه‌یه‌{يُضَٰهُونَ}(1).

7- كیسائی هه‌مزه‌ی دووه‌م لاده‌بات له‌ وشه‌ی{رَأَيْتَ} كه‌ هه‌مزه‌ی له‌ پێشدا هاتووه‌، جیاوازیشی نیه‌ ئایه‌ لكاوه‌ یان نا، وه‌ك[أَرَءَيْتَ، أَرَءَيْتَكُمْ، أَرَءَيْتَكَ، أَرَءَيْتُمْ، أَفَرَءَيْتَ، أَفَرَءَيْتُمْ]، به‌م شێوه‌یه‌{أَرَيْتَ، أَرَيْتَكُمْ، أَرَيْتَكَ، أَرَيْتُمْ، أَفَرَيْتَ، أَفَرَيْتُمْ}.

---

(1) ڕای جمهوی قاریئه‌كان له‌سه‌ر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ وشه‌ی(يُضَٰهُونَ)، به‌بی هه‌مزه‌ بخوێندرێته‌وه‌، واته‌: پیتی(هـ) ته‌نها ضه‌ممه‌ی له‌سه‌ر بێت، بنچینه‌ی ئه‌م وشه‌(ضاهى)یه‌، به‌لاّم پیتی ئه‌لیف گواستراوته‌وه‌ بۆ پیتی(ی)و دواتر لابردراوه‌ له‌ پێناو پیتی(و) واپێده‌چێت كه‌ ئه‌وه‌ش خوێندنه‌وه‌یه‌ك بێت له‌ وشه‌ی(ضاهى) ئه‌م وشه‌یه‌ وه‌رنه‌گیراوه‌ له‌وته‌ی عه‌ره‌بیدا كه‌ ده‌لێن:(امرأة ضهياء) چونكه‌ پیتی(ی) بنچینه‌ی خۆیه‌تی و پیتی هه‌مزه‌كه‌ش زیاده‌یه‌، وناكرێت پیتی (ی) زیاده‌بێت، چونكه‌ له‌ ڕسته‌كه‌دا وشه‌ی(فعيل)ی فه‌تحه‌داری فائی تێدا نیه‌.(عبدالله عه‌كبه‌ری –إملاء ما مَنَّ به الرحمن من وجوه الإعراب والقراءات-.(به‌یروت، چاپخانه‌ی زانستی، ب2، 1389ك)لا14.

بابەتی
دوو هەمزە لە یەك وشەدا

ئەگەر دوو هەمزە لەیەك وشەدا كۆبێتەوە، هەمزەی یەكەم دەبێتە هەمزەی پرسیاری وپێویستە بەردەوام فەتحەداربێت، ئەم جۆرە هەمزە دەخوێندرێتەوە لای گشت قوڕائەكان وهەمزەی دووەم یان ضـەممەدار دەبێت یان فەتحەدار یان كەسرەدار.

مەزهەبی پێشەوا كیسائی هاوتایە لەگەڵ پێشەوا حەفص لەم بابەتە، تەنها لەهەندێك جیاكاری دیاری كراو نەبێت بەم شێوەیە:
پێشەوا كیسائی بە زیادكردنی هەمزەی پرسیاری و تەحقیق دەخوێنێتەوە لە سێ وشەدا كە بریتین لە:

- وشەی(إِنَّ) لە ئایەتی(قَالُوٓاْ إِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا)،[ئەعراف:113]، بەم شێوەیە(قَالُوٓا أَإِنَّ لَنَا لَأَجۡرًا)، بە پێچەوانەی حەفص، چونكە ئەو بە ئیخبار دەخوێنێتەوە.

- وشەی(إِنَّكُمۡ)،لە ئایەتی(إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلرِّجَالَ شَهۡوَةً)،[ئەعراف:81]، وئایەتی(إِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ ٱلۡفَٰحِشَةَ)[عەنكەبوت:28]، بەم شێوەیە(أَإِنَّكُمۡ لَتَأۡتُونَ)، بە پێچەوانەی حەفص، چونكە ئەو بە ئیخبار دەخوێنێتەوە.

- وشەی(ءَامَنتُم)[ئەعراف:123]، وئایەتی(قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ)،[طه:71]، وئایەتی(قَالَ ءَامَنتُمۡ لَهُۥ قَبۡلَ أَنۡ ءَاذَنَ لَكُمۡۖ)،[شوعەرا:49]، بەم شێوەیە(ءَءَامَنتُم)[1] بە پێچەوانەی حەفص، چونكە ئەو بە ئیخبار دەخوێنێتەوە.

تێبینی1:

كیسائی هەمزەی دووەم تەحقیق دەكات لە وشەی(ءَاْعۡجَمِيٌّ)،[فوصیلەت:44]، بەم شێوەیە(ءَأَعۡجَمِيٌّ)، پێچەوانەی حەفص، چونكە ئەو هەمزەی دووەم بە ئاسان دەخوێنێتەوە.

تێبینی2:

پێشەوا كیسائی هەركاتێك هەمزەی پرسیاری لابدات ئەوە بە ئیخبار دەخوێنێتەوە لە ئایەتی{أَتَّخَذۡنَٰهُمۡ سِخۡرِيًّا أَمۡ زَاغَتۡ عَنۡهُمُ ٱلۡأَبۡصَٰرُ}(صاد:63) بەم شێوەیە[ٱتَّخَذۡنَٰهُمۡ سِخۡرِيًّا أَمۡ]، ولەكاتی دەستپێكردندا بە هەمەزەی لكاوی كەسرەدار دەست پێ دەكات، ئەوەش تەنها شوێنە كە لابردنی تێدایە لە حەوت شوێنەكەدا كە هەمزەی پرسیاری دەچێتە سەر هەمزەی لكاو.

---

[1] بنچینەی وشەی(أأأمنتم) واتا سێ هەمزەی هەیە، یەكەم و دووەم فەتحەدارە، سێیەمیان زەنەدارە گۆڕدراوە بە ئەلیف ئەوە پیتی(ف)ی فیعلی وشەیە، حەمزە یەكەم دەخوێنێتەوەو سێیەم دەگۆڕێت.

بابه‌تی پرسیاری دووباره

پرسیاری دووباره له‌قورئانی پیرۆز له‌یازده شوێندا هاتووه، له‌نۆ سوره‌ت به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌یه:

1- {وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا أَءِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ}،[**ره‌عد**:5]، **كیسائی به‌م شێوه‌یه ده‌یخوێنێته‌وه**{وَإِن تَعۡجَبۡ فَعَجَبٞ قَوۡلُهُمۡ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبًا إِنَّا لَفِي خَلۡقٖ جَدِيدٍۗ}.

2- {وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا}،[ئیسراء:49].

3- {وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا}،[ئیسراء:98].

4- { قَالُوٓاْ أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ }،[موئمینون:82].

5- {وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ أَئِنَّا لَمُخۡرَجُونَ }، [**نه‌مل**:67][1]. **كیسائی به‌م شێوه‌یه ده‌یخوێنێته‌وه**{وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا تُرَٰبٗا وَءَابَآؤُنَآ إِنَّنَا لَمُخۡرَجُونَ}.

---

[1] **كیسائی پیتی(ن) زیادده‌كات له‌سه‌ر وشه‌ی دووه‌م، ئه‌و كات به‌ هه‌مزه‌ی كه‌سره‌دار ده‌یخوێنێته‌وه له‌گه‌ڵ فه‌تحه‌داركردنی پیتی(ن)ی شه‌دده‌دار له‌ دوای ئه‌و، پاشان پیتی(ن)ی فه‌تحه‌داری ئاسانكراو.**

6- {وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ٢٨ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ}،[**عەنكەبوت**:28و 29]، **كیسائی بەم شێوەیە دەیخوێنێتەوە**{وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ أَئِنَّكُم لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ٢٨ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِي نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ}.

7- {أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ}،[**صافات**:16].

8- {أَءِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَدِينُونَ}،[**صافات**:53].

9- {وَقَالُوٓا أَءِذَا ضَلَلْنَا فِي ٱلْأَرْضِ أَءِنَّا لَفِي خَلْقٍ جَدِيدٍۭ بَلْ هُم بِلِقَآءِ رَبِّهِمْ كَٰفِرُونَ}،[**سەجدە**:10].

10- {وَكَانُوا۟ يَقُولُونَ أَئِذَا مِتْنَا وَكُنَّا تُرَابًا وَعِظَٰمًا أَءِنَّا لَمَبْعُوثُونَ} [**واقیعە**:47].

11- {يَقُولُونَ أَءِنَّا لَمَرْدُودُونَ فِي ٱلْحَافِرَةِ ١٠ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمًا نَّخِرَةً}، [**نازیعات**:10و11]،[1].

[1] **كیسائی ئەلیفێك زیاد دەكات لە دوای پیتی**(ن) **لە وشەی**(نخرة) **بە**(ناخرة) **دەیخوێنێتەوە**.

مه‌زهه‌بی
كیسائی ده‌رباره‌ی پرسیاری دووباره

كیسائی وشه‌ی یه‌كه‌م به‌پرسیار ده‌خوێنێته‌وه‌و وشه‌ی دووه‌میش به‌خه‌به‌ر له‌گشت ئه‌و شوێنانه‌ی ڕابردو كه‌ باسكران، ته‌نها سوره‌تی عه‌نكه‌بوت نه‌بێت ئه‌وه‌ كیسائی هه‌ردوو شوێن ته‌نها به‌ پرسیاری ده‌یخوێنێته‌وه‌.



باسی
ئیشمام له‌چه‌ند فیعلێكی دیاریكراودا

ئه‌م بابه‌ته‌ په‌یوه‌ندی به‌ هه‌ندێك وشه‌ هه‌یه‌ كه‌ پێشه‌وا كیسائی به‌ ئیشمام ده‌یخوێنێته‌وه‌.

ئیشمام:

لای جمهوری زانایانی نه‌حوی و قورڕائه‌كان: بریتیه‌ له‌ داپۆشینی ده‌نگی زمانه‌وانیه‌وه‌ به‌ لابردنی ده‌نگێكی تر، وه‌ك ئاخاوتنی زۆرێك له‌ هۆزه‌كانی وه‌ك قه‌یس و به‌نی ئه‌سه‌د بۆ نمونه‌كانی وشه‌ی(قیل)و (بیع) به‌ ئیماله‌كردن، وه‌ك پیتی(و)ی درێژكراوو ئیشمام كردنی پیتی(ص) به‌ ده‌نگی پیتی(ز) له‌خوێندنه‌وه‌ی كیسائی دا، وه‌هه‌روها ئاماژه‌ به‌ هه‌ردوو لێوه‌كان بۆ ضه‌ممه‌ی لابردراو له‌كۆتایی وشه‌ له‌ باری وه‌ستاندا به‌ زه‌نه‌ به‌بێ ئه‌وه‌ی ده‌نگی ضه‌ممه‌كه‌ ده‌ربكه‌وێت، یان تێكه‌ڵ كردنی ده‌نگێك به‌ ده‌نگێكی تر، مه‌به‌ستیش له‌ئیشمام له‌م بابه‌ته‌دا دوو شته‌:

- ✓ **یه‌كه‌میان:** تایبه‌ته‌ به‌ حه‌وت وشه‌، له‌سه‌ر ئه‌مه‌ش تێكه‌ل كردنی پیتی(ص) به‌ پیتی(ز) له‌هه‌ردوو پیتدا پیتێكی نوێ دروست ده‌بێت له‌ نێوان پیته‌كانی(ص)و (ز)،(واته‌: نه‌ پیتی(ص)ی ته‌واوه‌ نه‌ پیتی(ز)ی ته‌واوه‌)،[ئه‌م پیته‌ نوێیه‌ش به‌ قه‌ڵه‌وی ده‌رده‌بڕدرێت، شێوازی گوتنه‌كه‌شی قه‌ڵه‌وكردنی پیتی(ز) یان ئاشكراكردنی پیتی(ص) ده‌بێت]، ئه‌م پیته‌ نوێیه‌ی كه‌ دروست ده‌بێت له‌ نێوان(ص)و (ز)دا لێكچوونی هه‌یه‌ له‌گه‌ڵ پیتی(ظ) له‌لای زۆربه‌ی خه‌ڵكی ئاسایی له‌ ولاّتی میسڕ، وه‌ك وشه‌ی(أظلم)، وهۆكاری خوێندنه‌وه‌شی به‌ ئیشمام جه‌ختكردنه‌ له‌سه‌ر بوونی په‌یوه‌ندی له‌نێوان پیتی(ص)و پیتی(ز) له‌شوێنی ده‌رچوونیان له‌كاتی ده‌ربڕیندا.
- ✓ **دووه‌میان:** تایبه‌ته‌ به‌ حه‌وت فیعل، كه‌ پێویست ده‌بێت پیتی یه‌كه‌م له‌ وشه‌دا جووله‌دار بێت به‌ جووله‌یه‌كی پێكهاتوو له‌ دوو جووله‌ كه‌ بریتین له‌ ضه‌ممه‌و

كه‌سره‌، وبه‌شی ضـه‌ممه پێش ده‌كه‌وێت به‌سه‌ر كه‌سره‌ به‌ڵام ئه‌مه‌یان كه‌م ڕوده‌دات، دواتر به‌شی كه‌سره‌ به‌دوای دێت كه‌ ئه‌مه‌یان زۆر ڕووده‌دات.

شاره‌زاده‌بین له‌ ئیشمام به‌ وه‌رگرتن و بینین له‌ده‌مى شاره‌زاكان، وڕوونكردنه‌وه‌ی هه‌ردوو بابه‌ته‌كه‌ به‌م شێوه‌یه‌:

1- كیسائی پیتی(ص)ی زه‌نه‌دار به‌ ئیشمام ده‌خوێنێته‌وه‌ ئه‌گه‌ر پیتی(د) له‌دوای پیتی(ص) هاتبو[1]. ئه‌وه‌ش له‌ حه‌وت وشه‌دا هاتووه‌ به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌:

أ- وشه‌ی{قصد}، له‌ئایه‌تی{وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ}،(نه‌حل:9).

ب- وشه‌ی{أصدق}، له‌ دوو شوێندا هاتووه‌ له‌ سوره‌تی نیساء ئایه‌ته‌كانی(87، 122) {وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ حَدِيثًا}،{وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللَّهِ قِيلًا}.

ت- وشه‌ی{یصدفون}، له‌ سێ شوێندا هاتووه‌ له‌ سوره‌تی ئه‌نعام، ئایه‌تی(46)و دوو شوێن له‌(157) به‌م شێوه‌یه‌{سَنَجۡزِي ٱلَّذِينَ يَصۡدِفُونَ عَنۡ ءَايَٰتِنَا سُوٓءَ ٱلۡعَذَابِ بِمَا كَانُواْ يَصۡدِفُونَ}.

ث- وشه‌ی{فاصدع}، له‌ سێ شوێندا هاتووه‌ ئایه‌تی{فَٱصۡدَعۡ بِمَا تُؤۡمَرُ وَأَعۡرِضۡ عَنِ ٱلۡمُشۡرِكِينَ}،(حیجر:94).

[1] به‌م دوو مه‌رجه‌ پیتی(ص)ی زه‌نه‌دار ده‌رده‌چێت، وه‌ك(صَدقة، صَدقوا) یان ئه‌گه‌ر پیتی(ص) زه‌نه‌داربوو وپیتی(د) له‌دوای نه‌هاتبوو وه‌ك(فاصْفح، واصْنع).

ج- **وشەی**{وتصدية}، **ئایەتی**{وَمَا كَانَ صَلَاتُهُمْ عِندَ ٱلْبَيْتِ إِلَّا مُكَآءً وَتَصْدِيَةً}،(**ئەنفال**:35).

ح- **وشەی**{يصدر}، **لە دوو شوێندا هاتووە، ئایەتی**{قَالَتَا لَا نَسْقِى حَتَّىٰ يُصْدِرَ ٱلرِّعَآءُ}،(**قەصەص**:23)، **وئایەتی**{يَوْمَئِذٍ يَصْدُرُ ٱلنَّاسُ أَشْتَاتًا لِّيُرَوْا۟ أَعْمَٰلَهُمْ}،(**زەلزەلە**:6).

خ- **وشەی**{تصديق}، **لە دوو شوێندا هاتووە، سورەتی یونس ئایەتی**(37)**و سورەتی یوسف ئایەتی**(111){وَلَٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ}.

2- کیسائی حەوت فیعل بە ئیشمام دەخوێنێتەوە کە کەسرە لە پێش پیتی(ی) هاتووە لە سەرەتای فیعلەکەدا، ئەم فیعلانەش بەم شێوەیە:

أ- فیعلی(وحيل) **تەنها لەیەك شوێن دا هاتووە ئەویش ئایەتی**{وَحِيلَ بَيْنَهُمْ وَبَيْنَ مَا يَشْتَهُونَ}،[**سەبەء**:54].

ب- فیعلی(وسيق) **تەنها لەدوو شوێن دا هاتووە، ئەویش ئایەتی**{وَسِيقَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ إِلَىٰ جَهَنَّمَ زُمَرًا}،[**زومەر**:71] **وئایەتی**{وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْا۟ رَبَّهُمْ إِلَى ٱلْجَنَّةِ زُمَرًا}،[**زومەر**:73].

ت- **فیعلی**(سيء)[1]. **ته‌نها له‌دوو شوێن دا هاتووه ئه‌ویش ئایه‌تی**{وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ}،[**هود**:77] **وئایه‌تی**{وَلَمَّآ أَن جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا سِيٓءَ بِهِمۡ وَضَاقَ بِهِمۡ ذَرۡعٗا}،[**عه‌نكه‌بوت**:33].

ث- **فیعلی**(سيئت) **ته‌نها له‌یه‌ك شوێن دا هاتووه ئه‌ویش ئایه‌تی**{فَلَمَّا رَأَوۡهُ زُلۡفَةٗ سِيٓـَٔتۡ وُجُوهُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ}،[**مولك**:27].

ج- **فیعلی**(وغيض) **له‌ئایه‌تی**{وَيَٰسَمَآءُ أَقۡلِعِي وَغِيضَ ٱلۡمَآءُ وَقُضِيَ ٱلۡأَمۡرُ}،[**هود**:44] **شوێنی دووه‌می نیه له‌قورئانی پیرۆز.**

ح- **فیعلی**(وَجِاْيٓءَ) **ته‌نها له‌دوو شوێن هاتووه ئه‌وانیش ئایه‌تی**{وَوُضِعَ ٱلۡكِتَٰبُ وَجِاْيٓءَ بِٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلشُّهَدَآءِ}،[**زومه‌ر**:69] **وئایه‌تی**{وَجِاْيٓءَ يَوۡمَئِذِۭ بِجَهَنَّمَۚ}،[**فه‌جر**:23].

خ- **فیعلی**(قيل) **به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبێت له‌قورئانی پیرۆز وه‌ك**{وَقِيلَ هَٰذَا ٱلَّذِي كُنتُم بِهِۦ تَدَّعُونَ}،[**مولك**:27].

---

[1]ئه‌م فیعله له‌سه‌ر كێشی[فُعِل] هاتووه، به‌لأم بنچینه‌كه‌ی بریتیه له‌(سوِء) كه[مه‌بنی مه‌فعوله] جووله‌ی ضـه‌ممه وه‌رگێراوته‌وه له پیتی(س) وكه‌سره‌ی بۆ گواستراوته‌وه، پاشان پیتی(و) گۆڕدراوه به پیتی(ی) وزۆربه‌ی عه‌ره‌ب به‌(سيء) ده‌خوێننه‌وه واتا به ئیشمام.

تێبینی:

پێویسته‌ ئه‌و حه‌وت وشانه‌ی ڕابردوو باسكران فیعل بن، ئه‌گه‌ر هاتوو ناو بوون(اسم) ئه‌وه‌ ئیشمام ی تێدا نابێت، وه‌ك(ومن أصدق من الله قيلاً، إلا قيلاً سلاماً سلاماً، وقيلَهُ يا رب، وأقوم قيلاً)، **ئه‌و ناوانه‌ ئیشمامی تێدا نیه‌.**



بابه‌تی تێكهه‌لكێشان

ئیدغام له‌زمانی عه‌ڕه‌بیدا: به‌كاردێت بۆ تێكهه‌ڵكێش كردنی شتێك له‌شتێكی تر.

ئیدغام له‌زاراوه‌دا: واتا تێكهه‌ڵكێش كردنی پیتێك له‌پیتێكی تر به شێوه‌یه‌ك هه‌ردوو پیت به پیتێكی توندی شه‌دده‌دار ده‌خوێندرێته‌وه له‌ڕه‌گه‌زی پیتی دووه‌م، ئه‌وه‌ش ده‌كرێت به دوو به‌ش: بچوك و گه‌وره.

مه‌به‌ست له‌خوێندنی ئه‌م بابه‌ته، شاره‌زابوونه له‌وه‌ی تێكهه‌لكێش ده‌كرێت و ئه‌وه‌ی تێكهه‌ڵكێش ناكرێت، گه‌یشتنه دوو پیت به‌یه‌ك و كۆبونه‌وه‌یان ده‌كرێت به سێ به‌ش:

- ✓ **یه‌كه‌م:** پێك گه‌یشتنیان له وشه‌و نوسیندا، به شێوه‌یه‌ك پچڕان نه‌كه‌وێته نێوانیان وه‌ك پێك گه‌یشتنی دوو پیتی(ب) له﴿ ولا يغتب بعضكم ﴾.

- ✓ **دووه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌نوسیندا، وه‌ك:﴿ إِنَّهُۥ هُوَ ﴾، لێره‌دا پچڕان له‌نێوانیاندا ڕویداوه.

- ✓ **سێیه‌م:** پێك گه‌یشتنیان ته‌نها له‌گوتن دا، وه‌ك:﴿ أَنَا۠ نَذِيرٌ ﴾،﴿ طسٓمٓ ﴾.

یاسایه‌كی گشتی گرنگ

هه‌ر كاتێك دوو پیت به‌یه‌كتر بگه‌ن، ئه‌و دوو پیته یان شوێنی ده‌رچوونیان یه‌كسانه یان جیاوازه[1].

❖ ئه‌گه‌ر شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیاوازبوو (مه‌خره‌جیان یه‌كسان نه‌بوو) ئه‌وكات به له‌یه‌كتر دوور ئه‌ژمارده‌كرێن، ته‌نها پیتی(غ)و (خ) نه‌بێت كاتێك ده‌گه‌ن به پیتی(ق)و (ك) .

هه‌ركاتێك پیتی(خ) له‌گه‌ڵ پیتی(ق) یان (ك) به یه‌ك گه‌یشتن ئه‌و دوو پیتانه ده‌بنه له‌یه‌كتر نزیك، چونكه هه‌رچه‌نده شوێنی ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر جیایه به‌ڵام ده‌رچوونیان له‌یه‌كتر نزیكه.

پیتی(غ)و (خ) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته نزیكترین شوێنی گه‌رو، ئه‌و شوێنه‌ی كه له‌دوای ئه‌و زمان ده‌ست پیٚ ده‌كات.

هه‌روها پیتی(ق)و (ك) شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دوورترین شوێنی زمان كه له‌دوای ئه‌و نزیكترین شوێنی گه‌رو دێت، نێوان هه‌ردوو ده‌رچوون لێك نزیك بوون هه‌یه.

له به‌ر ئه‌م هۆكارانه ده‌ركه‌وت كه پیتی(غ) له‌گه‌ڵ (ق) یان (ك) له‌یه‌كتر نزیكن، وبه‌هه‌مان شێوه پیتی(خ) له‌گه‌ڵ (ق) یان (ك) له‌یه‌كتر نزیكن.

❖ ئه‌گه‌ر پیته‌كان له‌یه‌ك ئه‌ندام بوون (واته:له‌یه‌ك ئاست و شێوه دابوون و هه‌مان ده‌ربڕینیان هه‌بوو)، له‌و كاته‌دا ده‌بن به دوو به‌ش:

---

[1] مه‌حمود خه‌لیل حوصه‌ری، په‌رتووكی ئه‌حكامی قورئانی پیرۆز،(مه‌ككه‌ی پیرۆز، نوسینگه‌ی مه‌ككیه– دار به‌شائری ئیسلامی، چاپی4، ساڵی1999ی زاینی، به‌ده‌ست كارییه‌وه.

یان شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر نزیكە.
یان شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر دوورە.

ئەگەر شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر نزیك بوو بە شێوەیەك هەر یەك لەوان لەیەكتر نزیك بوون، وهیچ دابڕان و پچڕان ڕوونەدات لەنێوان هەردوو پیتەكە، ئەوە لەیەكتر نزیكن،(واتە:ئەم دوو پیتە بە لەیەكتر نزیك سەیر دەكرێن).

لەم قسانەی ڕابردوو وا دەردەكەوێت ئەگەر دوو پیت شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیابوو، بە شێوەیەك هەر یەكێكیان لەشوێنێك دەردەچوو، (پچڕان و دابڕان لەنێوانیاندا هەبوو) بە دوو پیتی دوور لەیەكتر سەیردەكرێن.

لەسەر ئەوە نێوان شەش پیتەكانی گەرو وهەژدە پیتەكانی زمان دوریەك هەیە، چونكە پیتەكانی گەرو لەشوێنێك دەردەچێت و پیتەكانی زمانیش لەشوێنێكی تر، تەنها پیتەكانی(غ) لەگەڵ(ق)و (ك)و پیتی(خ) لەگەڵ پیتی(ك) نەبێت هەروەك لەڕابردوو باس كرا.

هەروها لەنێوان پیتەكانی گەروو پیتەكانی لێو دورییەك هەیە، چونكە هەر یەك لەوان شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیاوازە، ولەكاتی دەربریندا جیاكاریەك دەكەوێتە نێوانەكانیان.

ولەنێوان پیتەكانی زمان و پیتەكانی لێو دووری هەیە، چونكە شوێنی دەرچوونیان لەیەكتر جیایە، تەنها پیتی(ن) لەگەڵ(م) نەبێت یەك ڕەگەزن لەدەربڕینداو لێكچوونێكیان هەیە لەنزیك بونەوە.

پیتی(ن) لەگەڵ(و) نزیكبوونەوەیەكیان هەیە لەیەكتر لەشێوەی دەربڕیندا.
پیتی(ی)ی لیین لەگەڵ(و) یەك ڕەگەزن و نزیك بونەوەیەك هەیە لەنێوانیاندا لەدەربڕیندا.

❖ لەنێوان پیتەكانی گەرو پیتێك لەگەڵ پیتێكی تر نزیك بوون و دوركەوتنەوە هەیە.

ئه‌م دوو پیته‌ی كه شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته دوورترین به‌شی گه‌رو –كه ئه‌وانیش پیتی(ء)و (ه)– له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی گه‌رو ئه‌وانیش پیتی(ع)و (ح) لێك نزیك بوونه‌وه‌یه‌ك هه‌یه له‌نێوانیاندا.

ئه‌م دوو پیته‌ش له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه ده‌رچوونیان ده‌كه‌ویته نزیكترن شوێنی گه‌روو وه‌ك پیتی(غ)و (خ) دوریه‌ك هه‌یه.

پیته‌كانی ناوه‌ڕاست وه‌ك پیتی(ع)و (ح) نێوان ئه‌و دوو پیته‌و پیته‌كانی ده‌كه‌وێته سه‌روی گه‌رو وپیتی خواروی گه‌روو نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

له‌نێوان پیته‌كانی زمان هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تر نزیك و دووری هه‌یه.

ئه‌و دوو پیته‌ی ده‌كه‌ونه دورترین شوێنی زمان، وه‌ك پیته‌كانی(ق)و (ك) له‌نێوان ئه‌ودوو پیته‌و پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان وه‌ك پیتی(ج)و (ش)و (ی)و پیتی زمان وه‌ك پیتی(ض)و (ل) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، ئه‌و پیتانه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان كه بریتین له(ن، ر، ط، د، ت، ص، س، ز، ظ، ذ، ث) ئه‌م پیتانه‌ی باس كران پێیان ده‌گوترێت پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان(الذلقية) پیته‌كانی سه‌ره‌وه‌ی زمان(النطعية) وپیته‌كانی سه‌ره‌تای پێشه‌وه‌ی زمان(الأسلية) وپیته‌كانی لێو(الشفوية) و(پیته‌كانی نزیك له‌پودو) دوریه‌ك هه‌یه.

- له‌نێوان پیته‌كانی ناوه‌ڕاست و سه‌ر زمان و لێواره‌كان، نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

له‌نێوان پیته‌كانی پێشه‌وه‌ی زمان و لێواره‌كاندا نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه، وه‌له‌نێوان پیتی(ف) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێو وه‌ك(و)و (ب)و (م) نزیكایه‌تیه‌ك هه‌یه.

وله‌نێوان پیته‌كانی لێو هه‌ندێكیان له‌گه‌ڵ هه‌ندێكی تریان هاوڕه‌گه‌زیه‌ك هه‌یه له‌شوێنی ده‌رچونیان.

ڕوونكردنەوە:

❖ ڕوون و ئاشكرایە كە هەر یەك لەپیتەكانی(ء)و (هـ) هەردووكیان یەك ڕەگەزن لە بەر ئەوەی دەرچوونیان یەكە بەلاَم دەربڕینان لەیەكتر جیایە.

❖ پیتەكانی(ع)و (ح) لەناوەڕاستی گەرو دەردەچن، ئەم دوو پیتەش یەك ڕەگەزن.
پیتی(غ)و (خ) لەنزیكترین شوێنی گەرو دەردەچن ئەوانەش بەهەمان شێوەی ئەو پیتانەی باسكران یەك ڕەگەزن.

❖ پیتەكانی دوور هەر یەك لەپیتی(ء)و (هـ) بەرامبەر پیتەكانی ناوەڕاست واتە(ع)و (ح) لەیەكتر نزیكن، وبەرامبەر پیتەكانی نزیكترینی گەرو(غ)و (خ) لەیەكتر دوورن، چونكە پیتە ناوەڕاستەكان لەیەكتریان جیادەكاتەوە.

❖ پیتەكانی ناوەڕاستی گەرو(ع، ح) لەگەڵ پیتەكانی دوورترین و نزیكترین نزیكایەتیەكیان هەیە.

❖ پیتی(غ) لەگەڵ پیتی(ق)و (ك) لەیەكتر نزیكن.

❖ پیتی(خ) لەگەڵ(ق)و (ك) بەهەمان شێوە لەیەكتر نزیكن، چونكە پیتی(غ)و (خ) هەر چەندە لەنزیكترین شوێنی گەرو دەردەچن، بەلاَم كاتێك نزیكیێكی بەهێز هەیە لەنێوان ئەوان و پیتەكانی(ق)و (ك) كە دەرچوونیان دەكەوێتە دورترین شوێنی زمان، ئەمە وای كردووە كە ئەم پیتانە بە نزیك لەیەكتر بخوێندرێنەوەو سەیر بكرێن، هەرچەندە لەیەكتر جیان هەروەك لەڕابردوو باس كران.

❖ پیتەكانی(ق)و (ك) لەیەكتر نزیكن، بە هۆی بوونی جیاكاریەك لەشوێنی دەرچوونیان، وەگوتراوە پیتی(ق)و (ك)یەك ڕەگەزن بە هۆی شوێنی دەرچوونیان كە دورترینی زمانە.

- پیتی(ق)و هاوشێوه‌ی ئه‌و پیتی(ك) له‌گه‌ڵ پیتێك له‌پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان(ج، ش، ی) یان له‌گه‌ڵ پیتێك له‌پیته‌كانی سه‌ره زمان وه‌ك(ض)و (ل) له‌یه‌كتر نزیكن، وه‌له‌گه‌ڵ هه‌ر پیتێك له‌و پیتانه‌ی به لایه‌كی زمان ده‌رده‌بردرێن له‌یه‌كتر دوورن.

- پیته‌كانی(ج)و (ش)و (ی) كه درێژناكرێنه‌وه(مه‌دیان تێدا نیه) له‌ناوه‌ڕاستی زمان ده‌رده‌چن، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیتانه له‌گه‌ڵ یه‌كتر یه‌ك ڕه‌گه‌زن، ئه‌م پیتانه له‌گه‌ڵ پیته‌كانی (ق)و (ك)و (ض)و (ل)و (ن)و (ر)و (ط)و (د)و (ت)و (س)و (ص)و (ز)و (ظ)و (ذ)و (ث) هه‌موویان له‌یه‌كتر نزیكن، وه‌هه‌ر یه‌ك له‌م پیتانه له‌گه‌ڵ پیتی لێوه‌كان به دوور ئه‌ژمار ده‌كرێن.

- پیتی(ض) له‌یه‌ك له‌دوو لێواری زمان (لای چه‌پ یان ڕاست) له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی له‌دوای دێت له‌ددانه‌كان خرێنه(اضراس) ده‌رده‌چێت له‌ناوه‌ڕاستی لایێكی زمان ئه‌وه‌ی له‌دوای ئه‌ودێت، ئه‌وه له‌گه‌ڵ پیتی(ق) یان(ك) یان هه‌ر پیتێكی تری ده‌رچوو له‌ناوه‌ڕاستی زمان یان سه‌ری زمان یان پیتی(ل) ئه‌وه به نزیك له‌یه‌كتر ئه‌ژمار ده‌كرێن.

- پیتی(ل) ده‌رده‌بڕدرێت به ته‌نیشتی زمان تا كۆتایه‌كه‌ی.

پیتی(ل) له‌گه‌ڵ پیتی(ق) یان پیتی(ك) یان هه‌ر پیتێكی تر له‌و پیتانه‌ی كه له‌ناوه‌ڕاستی زمان یان لایێكی زمان، یان پیتی(ض) ئه‌مانه هه‌مووی به نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێن له‌گه‌ڵ پیتی(ل).

پیتی(ل) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی لێو به پیتی لێك دوور ئه‌ژمار ده‌كرێن.
پیتی(ل) له‌گه‌ڵ پیتی(م) به نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێت له‌سیفه‌ت.

- پیتی(ن) له به‌شێكی پێشه‌وه‌ی زمان ده‌رده‌چێت، شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ن) كه‌مێك ده‌كه‌وێته ژێر شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ل) .
پیتی(ن) له‌گه‌ڵ پیتی(ق)یان پیتی(ك) به له‌یه‌كتر دوور سه‌یر ده‌كرێن.

پیتی(ن) له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه شوێنی ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته ناوه‌ڕاستی زمان و پیتی(ض)و (ل) له‌گه‌ڵ ئه‌و پیتانه‌ی كه له‌لێواری زمان ده‌رده‌چن، به نزیك ئه‌ژمار ده‌كرێت.

❖ پیتی(ر) له‌پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان) ده‌رده‌چێت، شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ر) نزیكه له‌شوێنی ده‌رچوونی پیتی(ن) له‌كاتی ده‌ربڕینی پیتی(ر) شێوه‌ی ده‌ربڕینه‌كه زیاتر به‌ره‌و لای سه‌رووی زمان ده‌چێت.

پیتی(ن) له‌گه‌ڵ پیتی(ق)و پیتی(ك) له‌یه‌كتر دوورن، به‌ڵام به‌رامبه‌ر به پیته‌كانی ده‌رچوو له‌ناوه‌ڕاستی زمان وهه‌روها پیتی(ض)و (ل)و (ن)و پیته‌كانی تری ده‌رچوو له پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان) به نزیك ئه‌ژمارده‌كرێت.

هه‌ر یه‌ك له‌پیته‌كانی(ط)و (د)و (ت) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان) به شێوه‌یه‌ك شوێنی ده‌رچوونه‌كه‌یان زیاتر بۆ به‌شی لای سه‌ره‌وه‌ی ددانه‌كان نزیك ده‌بێته‌وه، هه‌ر یه‌ك له‌م سێ پیته(ط)و (د)و (ت) له‌گه‌ڵ یه‌كتر به یه‌ك ڕه‌گه‌ز سه‌یر ده‌كرێن.

❖ پیته‌كانی(ط، د، ت) له‌گه‌ڵ(ق) یان (ك) له‌یه‌كتر دوورن.

پیتی(ط، د، ت) له‌گه‌ڵ پیته‌كانی ناوه‌ڕاستی زمان و ئه‌م پیتانه‌ی به پێشه‌وه‌ی زمان ده‌رده‌بڕدرێن پیتی(ض، ل، ن، ر)و پیته‌كانی ده‌رچووی پێشه‌وه‌ی زمان به نزیك له‌یه‌كتر ئه‌ژمار ده‌كرێن.

❖ پیته‌كانی(ص، ز، س) ده‌رچوونیان ده‌كه‌وێته پێشه‌وه‌ی زمان(طرف اللسان)و سه‌روی ددانه‌كانی خواروو.

هه‌ر یه‌ك له‌پیتی(ص، ز، س)و له‌گه‌ڵ یه‌كتردا یه‌ك ڕه‌گه‌زن.

ئه‌م سێ پیته(ص، ز، س) دورن له‌پیته‌كانی(ق)و (ك).

ئەم سێ پیتە(ص، ز، س) نزیکیان هەیە لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و پیتی(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت)**و ئەو پیتانەی تری دەکەوێتە پێشەوەی بەشێکی زمان.**

پیتەکانی(ظ، ذ، ث) **دەرچوونیان بە پێشەوەی زمانە** (طرف **اللسان) کە دەکەوێتە لای ددانەکانی سەروو.**
ئەم سێ پیتە(ظ، ذ، ث) **لەگەڵ یەکتر یەك ڕەگەزن.**
هەر یەك لەم پیتانە(ظ، ذ، ث) **لەگەڵ پیتی(ق) یان (ك) دورن.**
ئەم سێ پیتە(ظ، ذ، ث) **لەگەڵ پیتەکانی ناوەڕاستی زمان و پیتی**(ض، ل، ن، ر، ط، د، ت، ص، ز، س) **نزیکی هەیە.**

❖ **پیتی(ف) لەنێوان بەشی ناوەوەی لێوی خوارەوەو بڕبڕەکانی سەرەوە دەردەچێت، پیتی(ف) لەگەڵ هەر پیتێك لەپیتەکانی گەرو یان هەر پیتێك لەپیتەکانی زمان بە ڕەها لەیەکتر دوورن، جگە لەپیتی(ن) نەبێت لێك نزیکن لەگەڵ پیتی(ف)، پیتی(ف) لەگەڵ(و، ب، م) لەیەکتر نزیکن.**

پیتی(و، ب، م) بە لێوەکان دەردەبردرێت، هەر یەك لەم سێ پیتانە لەگەڵ یەکتر یەك ڕەگەزن.
ئەم سێ پیتە(و، ب، م) بەرامبەر بە پیتەکانی گەرو(حلق)و پیتەکانی زمان لەیەکتر دوورن.
پیتی(و، ب، م)و پیتی(ف) بە نزیك لەیەکتر سەیر دەکرێن.
پیتی(م) لەگەڵ (ن)یەك ڕەگەزن لەسیفەتدا.
پیتی(و) لەگەڵ(ن) بەهەمان شێوە لەیەکتر نزیکن لەسیفەتدا.
پیتی(و)و (ی)ی لیین یەك ڕەگەزن و لەیەك چوونیان هەیە لەدەربریندا.

زاناكان ده‌فه‌رموون:

ئه‌وانه‌ی له‌ڕابردوو باس كران بۆ ئه‌و پیتانه بوون كه شوێنی ده‌رچوونیان دیار بوو، وشێوه‌ی ده‌ربڕینان زاندراوبوو.
ئه‌و پیتانه‌ی كه شوێنی ده‌رچوونیان به ته‌خمین دیاری كراوه، بریتین له‌سێ پیتی مه‌د (درێژكردنه‌وه) ئه‌م سێ پیته مه‌ده شێوه‌ی گه‌یشتنیان به پیته‌كان نادیاره‌و باس ناكرێت.

ئه‌گه‌ر پیتی مه‌د گه‌یشتن به پیتێك له‌پیته‌كانی زمانی عه‌ره‌بی نزیك بوونه‌وه‌یان بۆ نیه، یه‌ك ڕه‌گزنین له‌گه‌ڵ یه‌كتر، لێك دوركه‌وتنه‌وه‌شیان به‌یه‌كه‌وه نیه، چونكه پیته‌كانی مه‌د شوێنی ده‌ربڕین و ده‌رچونیان نیه وه‌ك پیته‌كانی تر، به‌ڵكو ئه‌م پیته مه‌ددانه ته‌نها به هه‌وای ده‌م و گه‌رو دروست ده‌بێت.

به‌ڵێ پیته مه‌ده‌كان باس ده‌كرێن له‌گه‌ڵ هه‌ندێك له‌پیته عه‌ره‌بیه‌كان كه ڕه‌گه‌زایه‌تییێك و هاوشێوه‌ییێك هه‌یه له‌سیفه‌تدا، به‌لاّم نه‌ك له‌شوێنی ده‌رچوون.

ئه‌و پیتانه‌ی هاوشێوه‌ییان هه‌یه له‌گه‌ڵ پیته مه‌ده‌كان، وه‌ك پیتی(و)ی جووڵه‌دار، له‌گه‌ڵ ئه‌لیف هه‌روه‌ك له‌وشه‌ی(وَالٍ).

پیتی(و) له‌گه‌ڵ ئه‌لیف یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌سیفه‌تدا به‌هۆی یه‌كبونیان له گشت ڕویه‌كه‌وه.
پیتی(ی)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ ئه‌لیف وه‌كو پیتی(و) وایه، وه‌ك(الصِّيَامُ)، كه‌واتا هه‌ردو پیتی(ی)و ئه‌لیف یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌سیفه‌ت به‌هۆی گشت ده‌ربڕینێكه‌وه.
پیتی(و)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ(و)ی زه‌نه‌دار وه‌ك(وُورِيَ) به هاوشێوه دا‌ده‌ندرێن، هه‌ردوو پیتی(و) له‌یه‌ك ڕه‌گه‌زدان چوونكه هاوسیفه‌تی یه‌كترن.
پیتی(ی)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ پیتی(و)ی زه‌نه‌دار یه‌ك ڕه‌گه‌زن له‌سیفه‌تدا، وه‌ك(يوقنون).

تێبینی:

پیته‌كانی(ت)و (ك) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.
پیته‌كانی(ح)و (ث)و (ه)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا،(حثه).
پیته‌كانی(ج)و (د) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی(م)و (ن)یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

پیته‌كانی(و)و (ی)ی جووڵه‌دار له‌گه‌ڵ هه‌رسێ پیتی درێژكراوه‌كان (پیته مه‌ده‌كان) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

ئه‌و پێنج پیته یه‌كسانن له هه‌مو سیفه‌تێكدا، وپیته نه‌رمه‌كان(لین) وه‌ك(و)و (ی) یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا.

به‌پێی قسه‌كانی ڕابردو ده‌توانین بڵێین ئه‌و پیتانه‌ی یه‌كسانن له‌هه‌موو سیفه‌تێكدا یه‌ك ڕه‌گه‌زیشن.

سه‌یری پاشكۆی ژماره(2) بكه له كۆتایی به‌شی ئوصوڵ



چۆنیەتی
دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەکتر

هەرکاتێك ویستمان پەیوەندی نێوان دوو پیت لەگەڵ یەکتر بزانین، پێویستە سەرەتا سەیری شوێنی دەرچوون و سیفەتیان بکەین، ئەگەر هاتوو هاووێنە بوون(متماثل) وەك پیتەکانی(ق) لەگەڵ(ق)،(ٱلۡغَرَقُ قَالَ)، بڕیار لەسەر ئەو جۆرە پیتانە دەدەین بە هاووێنە بوون، بەڵام ئەگەر هاووێنەی یەکتر نەبوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەتیاندا، لەو کاتەدا سەیری شوێنی دەرچوونی پیتەکان دەکەین لە ڕووی هاوشێوەییان، ئەگەر هەردوو پیتەکە هاوشێوە بوون لە شوێنی دەرچوونیان، ئەوە بڕیار دەدەین لەسەر ئەم دوو پیتە کە یەك ڕەگەزن لە ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتەکانی(ع) لەگەڵ(ح)،(ٱلدَّمۡعِ حَزَنًا).

ئەگەر شوێنی دەرچوونی پیتەکان یەکسان نەبوون، سەیری سیفەتیان دەکرێت، ئەگەر هاوشێوەی یەکتر بوون، بە شێوەیەك کە نە لەیەکتر کەمتربوون نە لەیەکتر زیاتر بوون لە سیفەتیان، بڕیاری یەك ڕەگەز بوونیان لەسەر دەدرێت لە سیفەت دا.

هەر وەك پیتەکانی(ح، ث، ه) کۆدبێتەوە لە ووشەی (حثه) ئەم پیتانە بە هاوشێوەی یەکتر ناودەبردرێن و نمونەکانیان بەم شێوەیە(یَبۡحَثُ، یُبۡعَثُ حَیًّا، فَأَصۡبَحَ هَشِیمًا، ٱللَّهَ حَقَّ، بَعَثَهُۥ، ٱللَّهِ ثُمَّ).

لە نێوان پیتی(م)و (ن) یەك ڕگەزن(یَظۡلِمۡ نَفۡسَهُۥ).

لە نێوان پیتی(ت)و (ك) یەك ڕگەزن(وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ).

لە نێوان پیتی(ج)و (د) یەك ڕگەزن(وَلَقَدۡ جَآءَكَ).

لە نێوان پیتی(و)و (ی)ی لیین یەك ڕگەزن(أَوۡ یَعۡفُوَاْ).

له نێوان پیتی نەرم(لیین) له لایەك لەگەڵ پیتە درێژكراوەكان(حروف المد) له لایەكی تر هاوشێوەیی هەیە(وَالٍ).

جگە لەم پیتانەی باس كران یەك ڕگەزی نیە نە لە شوێنی دەرچوون و نە لە سیفەت دا، له ڕابردوش باسمان كرد.

ئەگەر یەكسان نەبوون لە سیفەتدا ئەوا سەیری لە یەكتر نزیك بوونیان دەكرێت لە ڕووی شوێنی دەرچوونیان و سیفەتیان، ئەگەر یەكسانی هەبوو لە نێوان پیتەكان لە ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەتیان هەر وەك لە نێوان پیتەكانی(ل)**و** (ر)، (قل رب).
نێوان پیتەكانی(ذ)**و** (ز)، (وإذ زين).
نێوان پیتەكانی(ق)**و** (ك)، (نخلقكم).
بڕیار دەدرێت لەسەر ئەم پیتانەی باس كران، بە نزێك بوون لە شوێنی دەرچوون و سیفەت دا.

ئەگەر بەم شێوەیە نەبوون لە نێوان پیتەكان لە ڕووی شوێنی دەرچوون و سیفەت دا، تەنها سەیری شوێنی دەرچوونیان دەكرێت، ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو لە نێوان شوێنی دەرچوونیان، بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها لە ڕووی دەرچوونیان، وەك پیتی(د)**و** (ص)،(ولقد صدقكم).

ئەگەر لە یەكتر نزیك نەبوون لە ڕووی شوێنی دەرچوون، تەنها سەیری سیفەتیان دەكرێت.

ئەگەر نزیكایەتیەك هەبوو لە نێوان سیفەتیان، -بە شێوەیەك جیاوازیان تەنها لە یەك یان دوو سیفەت هەبێت و زیاتر نەبێت- بڕیار لەسەر نزیكبوونیان دەدرێت تەنها لە ڕووی سیفەت، هەروەك پیتی(و)**و** (ن)،(أو نصارى).

وهەروها له نێوان پیتی(س)و (ح)،(للناس حسابهم). وههەمزەو پیتی(د)(أدنی)، پەیوەندی نزیكایەتی له نێوان پیتەكاندا زۆره.

هەر دوو پیتێك تێكهەڵكێشیان هەبێت لەگەڵ یەكتر له هەر خوێندنەوەو گێڕانەوەیەك بێت و هاوڕەسمی یان یەك ڕەگەزی له نێوانیان نەبێت، بە لە یەكتر نزیك هەژمار دەكرێن، بەڵام ئەگەر هیچ شتێك لەوانەی ڕابردو باس كران له نێوان پیتەكاندا نەبێت، ئەوە بە لە یەكتر دوورو جیاواز ئەژمار دەكرێن، كەواتە: ڕیزبەندی پەیوەندی نێوان پیتەكان ڕیزبەندیەكی دابەزینە.

واتا كامەی لەپێشترە ئەو باس دەكرێت ئەوانی تر لەدوای ئەوەوە دێن، بەم شێوەی خوارەوە[1]:

1- هاووێنه له شوێنی دەرچوون و سیفەتدا.

2- یەك ڕەگەز له شوێنی دەرچوون.

3- یەك ڕەگەز له سیفەت.

---

(1)زانای خەلیجی پیتەكانی زمانی عەرەبی دابەش گردووه بۆ سەر پێنج بەشی سەرەكی سەبارەت بە تێكهەڵكێش كردن و تێكهەڵنەكێشكردن: **یەكەم:** نە تێكهەڵكێش دەكرێت و نە تێكهەڵكێشانی بۆ دەكرێت، ئەوانەش سێ پیتن(ء، ا، خ)، **دووەم:** تێكهەڵكێش ناكرێت، بەڵام تێكهەڵكێشانی بۆ دەكرێت، ئەوانەش چوار پیتن(ط، ظ، ص، ز). ناگوترێت پیتی(ط) تێكهەڵكێش دەكرێت لەگەڵ پیتی(ت) له(أَحَطتُ، بَسَطتَ) بە تێكهەڵكێشێكی ناتەواو، بەهۆی مانەوەی سیفەتی ئیطباق، چونكه مەبەست بە تێكهەڵكێشێكی تەواو(الادغام الكامل) بە لابردنی پیت و سیفەتی، وەك(الْمَلَائِكَةُ طَيِّبِينَ) لەلای سوسی، **سێیەم:** تێكهەڵكێش دەكرێت تەنها بەهاووێنەی خۆی، ئەوەش شەش پیتە(ع، غ، ف، ه، و، ی)، **چوارەم:** تێكهەڵكێش دەكرێت تەنها لەڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك له خۆی، ئەوەش پێنج پیتە(ج، د، ذ، س، ض)، **پێنجەم:** تێكهەڵكێش دەكرێت بە هاووێنەو هاوڕەگەزی خۆی و یەك ڕەگەزی خۆی و پیتی نزیك له خۆی، ئەوەش یازده پیتە(ب، ت، ث، ح، ر، س، ق، ك، ل، م، ن)، **بڕوانە:** موحەممەدی خەلیجی، له پەرتووكی(حل المشكلات وتوضيح التحريرات في القراءات)، لێكۆڵینەوەی عومەری كوڕی عەبدوالقادر،(ریاض، دار أضواء السلف، د.ت)، لاپەڕە23.(بەدەست كارییەوه) خەلیجی هونراوەیەكی هەیە لەم بەشەوه، باسمان نەكردووە لەبەر درێژبوونەوه.

4- له‌یه‌كتر نزیك له‌ شوێنی ده‌رچوون وسیفه‌ت.

5- نزیكی له‌ شوێنی ده‌رچوون.

6- نزیكی له‌ سیفه‌ت.

7- له‌یه‌كتر دوور.



تێكهه‌ڵكێشانی بچوك

بریتیه له تێكهه‌ڵكێشانی پیتێكی زه‌نه‌دار به پیتێكی جووڵه‌دار، به شێوه‌یه‌ك به هۆی ئه‌و تێكهه‌ڵێشانه هه‌ردوو پیت ده‌كرێن به یه‌ك پیتی شه‌ده‌دار له یه‌ك ڕه‌گه‌ز له‌گه‌ڵ پیتی دووه‌م.

هۆی ناونانی به بچوك

ناوی نراوه به تێكهه‌ڵكێشانی بچوك، چونكه له كاتیٚ تێكهه‌ڵكێشاندا ته‌نها پێویستی به‌یه‌ك هه‌نگاوی بچوكه، ئه‌ویش بریتیه له تێكهه‌ڵكێشانی پیتی یه‌كه‌م به پیتی دووه‌م، ئه‌مه‌ش ده‌بێت به دوو به‌ش:

✓ **به‌شی یه‌كه‌م: هاووێنه‌ی بچوك.**

بریتیه له یه‌كسانی شوێنی ده‌رچوون و شێوه‌ی دوو پیت، ئه‌وه‌ش له یه‌ك وشه یان دوو وشه ڕووده‌دات، ئه‌م بابه‌ته‌ش یه‌كسانه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص.

✓ **به‌شی دووه‌م: له‌یه‌كتر نزیك و یه‌ك ڕه‌گه‌زی بچوك.**

له‌م بابه‌ته پێشه‌وا كیسائی هه‌ندیٚ شتی زیاتره له پێشه‌وا حه‌فص له‌م شوێنانه‌ی خواره‌وه:

1- كیسائی تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ن) به پیتی(و) ده‌كات له ئایه‌تی{يسٓ وَٱلۡقُرۡءَانِ ٱلۡحَكِيمِ} وئایه‌تی{نٓۚ وَٱلۡقَلَمِ وَمَا يَسۡطُرُونَ} قسه‌مان له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته كرد له ڕابردوداله بابه‌تی ئه‌حكامی نونی ساكینه‌و ته‌نوین.

2- كیسائی پیته‌كانی(د)و (ص) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات به پیتی(ذ) له سه‌ره‌تای سوره‌تی مه‌ریه‌م{كٓهيعٓصٓ ۝١ ذِكْرُ}(1).

3- كیسائی پیتی(د) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات به پیتی(ث) له ئایه‌تی{وَمَن يُرِدْ ثَوَابَ}،(عیمران:145).

4- كیسائی پیتی(د) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات له وشه‌ی(قد) له هه‌ر هه‌شت پیته‌كاندا، كه بریتین له(س، ص، ز، ذ، ظ، ج، ش، ض)، ئه‌م هه‌شت پیته كۆده‌بێته‌وه له سه‌ره‌تای هونراوه‌ی شاطبی:

وَقَدْ سَحَبَتْ ذَيْلاً ضَفَا ظَلَّ زَرْنَبٌ　　　جَلَتْهُ صَبَاهُ شَائِقاً وَمُعَلِّلَا

به‌م شێوه‌یه{لَّقَدْ سَمِعَ، لَقَدْ صَدَقَ ٱللَّهُ، وَلَقَدْ زَيَّنَّا، وَلَقَدْ ذَرَأْنَا، فَقَدْ ظَلَمَ، قَدْ جَآءَكُمْ، قَدْ شَغَفَهَا، قَدْ ضَلُّواْ}.

5- كیسائی تێكهه‌ڵكێشان ده‌كات له پیتی(ت)ی به‌كارهاتوو بۆ مێینه له شه‌ش پیت كه بریتین له(س، ص، ز، ث، ظ، ج)، ئه‌م شه‌ش پیته كۆده‌بێته‌وه له سه‌ره‌تای هونراوه‌ی شاطبی:

وَأَبْدَتْ سَنَا ثَغْرٍ صَفَتْ زُرْقُ ظَلْمِهِ　　　جَمَعْنَ وُرُودًا بَارِدًا عَطِرَ الطِّلَا

(1) پێشه‌وا كیسائی ئه‌م شوێنه به ئیماله‌ی پیتی(هـ)و پیتی(ی) ده‌خوێنێته‌وه.

ئەوەش وەك{وَجَآءَت سَّيَّارَةٌ ، حَصِرَت صُّدُورُهُمۡ ، خَبَت زِّدۡنَـٰهُمۡ ، كَذَّبَت ثَّمُودُ، كَانَت ظَّالِمَةً ، نَضِجَت جُّلُودُهُم}.

6- کیسائی تێکهەڵکێشان دەکات لە پیتی(ذ) **لە وشەی**(إذ) **لە پێنج پیتدا بەم شێوەیە**(ت، د، ز، س، ص) **ئەم پێنج پیتە کۆبویتەوە لە سەرەتای هونراوەی** شاطبی:

**نَعَمْ إِذْ تَـــمَشَّتْ زَيْنَبٌ صَالَ دَلُّهَا		سَمِيَّ جَمَالٍ وَاصِلًا مَنْ تَوَصَّلَا**

ئەوەش وەك{إِذ تَّبَرَّأَ، إِذ دَّخَلُواْ، وَإِذ زَّيَّنَ، إِذ سَّمِعۡتُمُوهُ، وَإِذ صَّرَفۡنَآ}.

7- کیسائی تێکهەڵکێشان دەکات لە پیتی(ل) **لە**(بل وهل) **لە هەشت پیتدا بەم شێوەیە**(ت، ث، ظ، ز، س، ن، ط، ض) **ئەم هەشت پیتە کۆبویتەوە لە سەرەتای هونراوەی** شاطبی:

**أَلا بَلْ وَهَلْ تَرْوِي ثَنَا ظَعْنِ زَيْنَبٍ		سَمِيرَ نَوَاهَا طِلْحَ ضُرٍّ وَمُبْتَلَا**

ئەوەش وەك{هَل تَّنقِمُونَ، بَل تَّأۡتِيهِم، هَل ثُّوِّبَ، بَل ظَّنَنتُمۡ، بَل زُّيِّنَ، بَل سَّوَّلَتۡ، هَل نَّدُلُّكُمۡ ، بَل نَّتَّبِعُ، بَل طَّبَعَ، بَل

ضَّـلُّوا ْ}[1]، تێگه‌هه‌ڵكێشانی به‌ مینگه‌ دروست ده‌بێت له‌ باری تێكهه‌ڵكێش كردنی پیتی(ل) له‌ پیتی(ن).

8- كیسائی تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ذ) به‌ پیتی(ت) ده‌كات له‌{ٱتَّـخَذتُّ أَخَذتُّـمْ، عُذتُّ، فَنَبَذتُّـهَا} له‌ هه‌ر شوێنێك هات.

9- كیسائی تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ث) به‌ پیتی(ت) ده‌كات له‌{أُورِثـتُّـمُوهَا، لَبِثتُّ} له‌ هه‌ر شوێنێك هات.

10- كیسائی پیتی(ب) تێكهه‌ڵكێش ده‌كات به‌ پیتی(م) له‌{وَيُـعَذِّب مَّن}،(به‌قه‌ره‌:284)[2].

11- كیسائی پیتی(ب)ی زه‌نه‌دار تێكهه‌ڵكێش ده‌كات به‌ پیتی(ف)، وه‌ك {يَغْلِب فَّسَوْفَ، ٱذْهَب فَّمَن، تَـعْجَب فَّعَجَبٌ}.

12- كیسائی پیتی(ف) زه‌نه‌دار ده‌كات له‌{نَّخْسِفْ بِهِمُ}(سه‌به‌ء:9)[3].

[1] له‌ قورئانی پیرۆزدا ته‌نها حه‌وت پیت هاتووه‌ له‌م پیتانه‌ی پێشه‌وا شاطبی باسی كرد له‌ دوای پیتی(ل) له‌ وشه‌ی(بل) جگه‌ له‌ پیتی(ث) نه‌بێت، ده‌رباره‌ی وشه‌ی(هل) هیچی له‌ دوا نه‌هاتووه‌ ته‌نها سێ پیت نه‌بێت ئه‌وانیش پیته‌كانی(ن، ت، ث).

[2] له‌گه‌ڵ تێبینی ئه‌وه‌ی كه‌ پێشه‌وا كیسائی به‌ زه‌نه‌ی پیتی(ب) ده‌خوێنێته‌وه‌.

[3] له‌گه‌ڵ تێبینی ئه‌وه‌ی كه‌ پێشه‌وا كیسائی به‌ پیتی(ی) ده‌خوێنێته‌وه‌ له‌بری پیتی(ن) له‌ وشه‌ی(يخسف).

13- ئه‌بولحارث تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ل)ی زه‌نه‌دار ده‌كات به پیتی(ذ) له{يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ}، له هه‌رشوێنێك هاتبێت.

تێبینی:

پێشه‌وا كیسائی تێكهه‌ڵكێشانی پیتی(ل) به پیتی(ر) ده‌كات له(بَل رَّانَ)(موطه‌ففین:14)، وهه‌روها پیتی(ن) به پیتی(ر) ده‌كات له(مَن رَّاقٍ)(قیامه:27)، به‌هۆی هه‌اتنه دی مه‌رجه‌كانی تێكهه‌ڵكێشان له هه‌ردووكیان، وسه‌كته پێویسته‌كانی لابردووه ئه‌وه‌ی واجبه لای پێشه‌وا حه‌فص.



باسی
حەوت ئەلیفەكان

✓ **یەكەم:**

پێشەوا كیسائی پێچەوانەی پێشەوا حەفصە لە هەندێك وشەو هاوڕایە لەهەندێكی تر، وشەكانیش ئەمانەن:

1- وشەی(سَلَٰسِلَاْ) **لە**{إِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلًا وَسَعِيرًا}،(**ئینسان**:4)، **لەباری نەوەستاندا كیسائی بە تەنوین دەیخوێنێتەوە لەگەڵ گۆڕینی بە ئەلیف لەباری وەستاندا.**

2- وشەی(قَوَارِيرَاْ) **بەیەكەوە لە ئایەتی** {وَيُطَافُ عَلَيْهِمْ بِآنِيَةٍ مِنْ فِضَّةٍ وَأَكْوَابٍ كَانَتْ قَوَارِيرَا (15) قَوَارِيرَ مِنْ فِضَّةٍ قَدَّرُوهَا تَقْدِيرًا}،(**ئینسان**:15-16)، **لەباری نەوەستاندا كیسائی بە تەنوین دەیخوێنێتەوە لە هەردووكیان، ولەباری وەستاندا بە گۆڕینی ئەلیف دەیخوێنێتەوە.**

✓ **دووه‌م:**

كیسائی وشه‌ی(ثَـمُودَاْ) به‌ ته‌نوینی پیتی(د) ده‌خوێنێته‌وه‌ به‌م شێوه‌یه‌(ثَـمُودًا) وله‌سه‌ری ده‌وستێت به‌ ئه‌لیف له‌ چوار شوێندا:

1- {أَلَآ إِنَّ ثَـمُودَا كَفَرُواْ رَبَّهُمْۗ}(**هود**:68).

2- {وَعَادَا وَثَـمُودَا وَأَصۡحَٰبَ ٱلرَّسِّ}(**فورقان**:38).

3- {وَعَادَا وَثَمُودَا وَقَد تَّبَيَّنَ لَكُم}(**عه‌نكه‌بوت**:38).

4- {وَثَمُودَا فَمَآ أَبۡقَىٰ}(**نه‌جم**:51).

بابهتى فهتح و ئیماله

بهشێكى زۆر له هۆزهكانى عهرهب، لاركردنهوهیان ههیه له خوێندنهوهدا، وهك بهشێكى زۆر له خهڵكى نهجد، وهك هۆزهكانى(بهنى تهمیم، بهنى ئهسهد، قهیس و ئهوانى تر)، ههندێك له هۆزهكانى عهرهب ئاخاوتنیان به فهتحهداركردنى وشهیه، وهك خهڵكى حیجاز له قورهیشیهكان و ههوازن و ثهقیف و كینانه.

❖ لاركردنهوه له زمانى عهرهبى:

واته خواركردنهوه، یان لادان له شتێك و ڕووكردنه شتێكى تر.

❖ لاركردنهوه لاى زانایان:

بریتیه له لادان له فهتحهوه بهرهو كهسره، وله ئهلیفهوه بۆ پیتى (ى)، ئهوهش دهكرێت به دوو بهش[1].:

---

[1]هۆكارى ئیماله ههشتن:

1/بوونى كهسره له پێش وشه یان له دواى وشه، وهك ههر یهك له وشهكانى(الناس، النار، الربا، كلاهما، مشكاة).

2/كهسرهیهكى پهیداكراو له ههندێك كاتدا وهك(طاب، جاء، شاء، زاد) چونكه لهم وشانهدا پیتى(ف) كهسره‌دار دهكرێت له كاتى لكاندن به راناوى رهفعهدار(مهرفوع).

3/بوونى پیتى(ى) له وشهدا، وهك(لا ضير) سوك خوێندنهوه لهم وشهدا به ئیماله دادهندریت(لاركردنهوه).

4/یان وهرگێڕان و قهلب كردن، وهك(رمى).

5/یان لێكچوون به وهرگهڕان، وهك: ئهو پیته ئهلیفهى بۆ مىٚ به كاردێت.

6/یان پێچونێك به پێچواندنى گۆرینى پیتى(ى) بێت، وهك(موسى، عیسى).

7/یان ئهوهى دهبێته نزیك له ئیماله(لاركردنهوه) ناودهبردرێت(ئیماله) له پێناو(ئیماله)،(لاركردنهوه) وهك وشهى(تراءى) مهبهست پێى پیتى ئهلیفى یهكهمه، وبهههمان شێوه پیتى(ن) له وشهكانى(نأى، وراء، رأى).

➢ لارکردنەوەی گەورە(إماله كبرى)

بریتیە لە خوێندنەوەی ئەلیف لە نێوان ئەلیف و پیتی(ی)دا بە تەواوی، نەگواستنەوەو نەمانەوەی تەواوە، وپێشی دەگوترێت ئیضجاع(الاضجاع)، هەر ئەمەش مەبەستە لەکاتی ناوهێنانی بە ڕەهایی.

➢ لارکردنەوەی بچووك(إماله صغرى)

بریتیە لە دەربڕینی پیت لە نێوان کردنەوەی سروشتی و ئیمالەی تەواو، واتە لارکردنەوە لە فەتحە بەرەو کەسرەی تەواو، لەگەڵ مانەوەی دەم لەباری ئاسایی خۆی، واتە نەفەتحەیەکی تەواو نەکەسرەیەکی تەواو، وپێشی دەگوترێت کەم بوون(التقليل)، یان خوێندنەوە لە نێوان، واتە نێوان ئەلیف و ئیمالەی گەورە.

زمان بەرزدەبێتەوە بە کردنەوەی دەم، لار دەبێت بە(ئیماله)[1]. وهەروها خوێندنەوە بە لارکردنەوە ئاسانترە لەسەر زمان لە بەرزکردنەوە، هەر بۆیە لارکردنەوە دەکەن، ئەوەی کردنەوە دەکات بۆچوونی وایە کە کردنەوە پەسندەو ئەو ڕەسەنە.

ئەو فەرموودەی[2]. پێشەوا ئیبنولجەزەری(ڕەزای خودای لێبێت) باسی دەکات لە پەرتووکەکەی خۆی بەناوی نەشر(النشر) پالپشتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ عەبدوللەی کوڕی مەسعود(ڕەزای خودای لێبێت) کاتێك پیاوێك سوڕەتی(طـه)ی لەلا دەخوێندو کەسرەداری نەکرد(واتە: لارکردنەوەی نەکرد) بۆ پیتە پچراوەکانی سەرەتای سوڕەتەکە، ئیبن مەسعود (ڕەزای خودای لێبێت) خوێندیەوە ﴿طه﴾، واتە: لارکردنەوەی ئەنجام دا


8/یان پیتی ئەلیف لەسەر شێوەی(ی) نوسرابێت، هەرچەندە لە بنچینەدا پیتی(و) وەك(ضحى).
ئەوانەی باس کران هەموویان دەگەڕێنەوە سەر دوو شت کەسرەو (ی). سەیرکە: عەلی کوڕی موحەممەد ضەباع، الاضاءة في بيان أصول القراءة،(قاهیرە، نوسینگەی ئەزهەریە بۆ کەلتور، ساڵی1420ی کۆچی، لاپەرە29.

[1] لە کاتی ئیمالە کردن بە ئەلیفی(طغى) زمان بەرز دەبێتەوە، بەلام کەمێك لاردەبێت کە بە فەتح بخوێندرێتەوە لە لای حەفص و هاوڕاکانی.

[2] فەرموودەیەکی غەریبە.

سێ جار، پاشان سوێندی خواردو فه‌رمووی به‌م شێوه‌ پێغه‌مبه‌ری خوا(ﷺ) ئێمه‌ی فێركردووه‌.

زانایانی زمانه‌وانی ڕاوبۆچونی جیاوازیان هه‌یه‌ له‌سه‌ر كردنه‌وه‌(فتح)و لاركردنه‌وه‌(اماله‌)، ئایه‌ كامه‌یان ڕه‌سه‌نه‌؟ بۆچوونی به‌هێز ئه‌وه‌یه‌ كه‌ كردنه‌وه‌(فتح) ڕاستره‌ له‌ ئیماله‌، چونكه‌ ئیماله‌ پێویستی به‌ هۆكارێكه‌ به‌ پێچه‌وانه‌ی كردنه‌وه‌ پێویستی به‌ هۆكار نیه‌، (ئیماله‌)لاركردنه‌وه‌ لقێكه‌ له‌ كردنه‌وه‌، ئیبنو لقاصح له‌ شه‌رحه‌كه‌ی له‌سه‌ر كتێبی(حرز الامانی) ده‌فه‌رموێت: ئه‌وه‌ی لاركردنه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێت، كردنه‌وه‌شی بۆ ده‌كرێت، به‌ڵام ئه‌وه‌ی كردنه‌وه‌ی بۆ ده‌كرێت مه‌رج نیه‌ لاركردنه‌وه‌ی بۆ بكرێت.



مه‌به‌ست له‌لاركردنه‌وه‌ یان كه‌م كردنه‌وه‌: ڕاگه‌یاندنه‌ تا بزاندرێت بنچینه‌ی ئه‌لیف پیتی یائه‌، یان ئاگاداركردنه‌وه‌یه‌ له‌سه‌ر وه‌رگه‌ڕانی بۆ پیتی(ی) له‌ شوێنێكی دیاریكراودا، یان دیاری كردنی هاوشێوه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌و كه‌سره‌ی كه‌ نزیكیه‌تی.

مەزهەبی
کیسائی لەسەر ئیمالە

کیسائی ئیمالەی هەمو ئەلیفێکی ڕەسەن و کۆتایی و گواستراوە لە پیتی(ی) یان لەسەر شێوەی پیتی(ی)دەکات، ئەوەش ڕونادات تەنها لە ناو(الاسم)و فیعل(الفعل)دا نەبێت.

کە گوتمان ئەلیفی ڕەسەن ئەوە ئەلیفی زیادە دەردەچێت وەك(قائم) وکە دەڵێین ئەلیفی کۆتایی، ئەلیفی ناوەڕاست دەردەچێت وەك(نمارق) کە دەلێین ئەلیفی گۆڕدراو لە بری پیتی(ی)و هاوشێوەی، ئەوە ئەلیفی گۆڕدراو لە بری پیتی(و) دەردەچێت، وەك(نجا)، یان ئەلیفی گۆڕدراو بە تەنوین بە هەمان شێوە دەردەچێت وەك(عوجاً) وئەلیفی بەکارهاتوو بۆ دووان دەردەچێت، وەك(یخافا).

ناسینەوەی ئەلیف لە ئیسمدا

لێرەدا پرسیارێك دروست دەبێت، ئایە ئێمە چۆن بزانین ئەو ئەلیفە لە بنچینەدا پیتی یائە لە ئیسمەکەدا؟ وڵامەکەش ئەوەیە ئەو ئیسمەی پیتی(ی)ی گۆڕدراوە بە ئەلیف دەبێت ئیسمێکی بەکار هاتوو بێت بۆ دووان، بۆ نمونە وشەی(الهدی)، دەبێتە(الهدیان)، لێرەدا ئەلیف گۆڕدراوە بە(ی) لە کاتی تەثنیە بۆی گواستراوە لەبری پیتی(ی).

ناسینەوەی ئەلیف لە فیعلدا

دەربارەی فیعل ئایە ئێمە چۆن بزانین لە بنچینەدا ئەو ئەلیفە پیتی یائە لەم فیعلە؟ گونجاوترین فیعل لای من وشەی(أنا) –کە ڕاناوی قسەکەر– بۆ نمونە لە فیعلی(اشتری) دەلێم (اشتریتُ)، کەواتا ئەلیف لە فیعلی(اشتری) گۆڕدراوە لەکاتی پاڵنانی بۆ لای ڕاناوی ئاخاوتن بۆ پیتی(ی).

تێبینی:

گشت قورِائەكان لە سێزدە وشەدا لە قورئانی پیرۆز ئیمالەو کەمکردنەوە ناکەن، ئەوانیش ئەو شوێنانەن کە بنچینەی ئەلیف تێیدا پیتی واوە، پێشەوا موتەولی کۆیکردۆتەوە لەم وتەی خۆی:

عصا شـــــفا إن الصفا أبـا أحد سنا ما زكى منكم خلا وعلا ورد

عفا ونجا قل مع بدا ودنا دعــا جمـيـــعاً بـواوٍ لا تمالُ لدى أحد

مەبەست لە دێری یەکەم لە هونراوەکە لە وشەی(أبا) ئەوە لە وشەی(الأبوة) **وەرگیراوە، وەك**(مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ) **ئیمالەو کەمکردنەوەی تێدا نیە، بەلاّم**(أبى) **لە**(أبيتُ) **هاتووە، ئیمالەی تێدا دروستە وەك**(إِلَّآ إِبۡلِيسَ أَبَىٰٓ أَن يَكُونَ مَعَ ٱلسَّٰجِدِينَ).

دەربارەی ئەوەی لەسەر شێوەی پیتی(ی) نوسراوە وەك(بلى) ئەوە لای کیسائی ئیمالە دەکرێت.

مهزههبی
كیسائی له ئیمالهی گهوره

1- كیسائی ئیمالهی گهوره دهكات له ههمو ئهلیفێكی گواستراوه لهبری پیتی(ی) یان ئهوهی لهسهر شێوهی پیتی(ی) نوسراوه، لهسهر ههر كێشكێك(وزن) هاتبێت، وهك وشهكانی(الهدى، استوى، الدنيا، بلى، أنى، متى، حسرتى، أسفى، ضِيزى، مَرضى، يَحيى، مُزْجاة، طُوبى، مَثوى، الموتى، أدنى، تزكَّى).

تێبینی1:

ئهو ئهلیفانهی گواسترابێتهوه له پیتی(ی) له ڕهسمی عوسمانی، به ئهلیفی درێژ نوسراوه بهیهك دهنگی زانایانی ڕهسمی موصحهف، ئهوهش پێچهوانهی نوسینی ئهو ڕهنوسه ناسراوهیه[1]، ههموشیان دوانزه وشهیه[2].

1- **(عصاني)**،(**ئیبراهیم**:36).
2- **(الأقصا)**،(**ئیسراء**:1).
3- **(ونــا)**،(**ئیسراء**:83)و(**فوصیلهت**:51).
4- **(كلتا)**،(**كههف**:33).
5- **(تولاه)**،(**حهج**:4).
6- **(تترا)**،(موئمینون:44).
7- **(ترآءا)**،(**شوعهڕا**:61).
8- **(أقصا) له دوو شوێندا هاتووه یهكێكیان سوڕهتی قهصهص ئایهتی20، دووهمیان سوڕهتی یاسین ئایهتی20.**
9- **(سیماهم)**،(**فهتح**:29).

---

[1] **بۆ زانینی گشت بهشهكانی تر، سهیری پاشكۆی ژماره3 بكه له كۆتایی بهشی ئوصولْ.**

[2] **وشهی(العلیا) دهردهچێت له ئایهتی**(وكلمة الله هي العليا)،(**تهوبه**:40) **چونكه مهرجهكهی وایه دهبێت پێچهوانهی ڕهسمی ڕهنوس بێت.**

10- **(طغا)**،(حاقه:11).

11- **(رءا)**، له چهند شوێنێكی جیا هاتووه[1]:

12- **(مرضات)** له پێنج شوێندا هاتووه.

ههر دوانزه وشهی پێشوتر باسمانكرد كه ئیمالهیان تێدا دروسته لای پێشهوا كیسائی[2].

ئاماژهمان بهم دوانزه وشهیه كرد تاوهكو قاریء ئاگاداربێت، چونكه پێچهوانهی ئهو ڕهسمهی ئێمه لهسهری ڕاهاتوین، چونكه ئهو لهسهر شێوهی پیتی(ی) نوسراوه، دهربارهی وشهی(أحيا الناس) ئاماژهی پێنهدراوه كه لهبابهتی پێشوبێت، چونكه ئێمه لهسهر شێوهی ڕهسمی عوسمانیمان نوسیوه، لهسهر ئهوهش هاتوینهتهوه سهر یاسا بۆمان دهركهوتووه كه گواستراوتهوه له پیتی(ی)، ههربۆیه كیسائی ئیمالهی تێدا دهكات لهباری وهستاندا.

تێبینی2:

لێرهدا یانزه سوڕهت ههیه كیسائی له كۆتایی وشهكاندا دهكات ئیماله دهكات به یهك دهنگ –ههرچهنده ئیمالهشی تێدانیه–[3]. بهڵام ئهو ئیمالهی دهكات، جیاوازیشی نیه وشهكه واوی بێت یان یائی، یازده سوڕهتهكهش ئهمانهن(طه، نهجم، مهعاڕج، قیامه، نازیعات، عهبهسه، ئهعلا، شهمس، لهیل، ضوحا، عهلهق).

---

(1) لهم بابهته سوڕهتی نهجم جیاكراوتهوه ئایهتهكانی(11)و (18) وهك(رمی) ڕهنوسی نوسراوه، لهگهڵ ئهوهشدا ئهم وشه ئیماله دهكرێت بهپێی مهرجی خۆی ههروهك دواتر باسی دهكهین.

(2) وشهكان(ونـــا، ترآءا، كلتا) له ئیمالهكردنیان درێژه ههیه دواتر باسی دهكهین ان شاء الله.

(3) وهك ئهوئهلیفانهی گۆڕدراون به تهنوین ئیمالهی تێدا نیه.

2- كیسائى له‌بارى وه‌ستاندا ئیماله‌ى یه‌ك وشه‌ى واوى ده‌كات و ناكه‌وێته‌ كۆتایى یازده سوره‌ته‌كه‌، ئه‌ویش وشه‌ى(ضحى)**یه‌ له‌ ئایه‌تى**{أَوَأَمِنَ أَهْلُ الْقُرَى أَنْ يَأْتِيَهُمْ بَأْسُنَا ضُحًى وَهُمْ يَلْعَبُونَ}،(**ئه‌عراف**:98).

3- كیسائى هه‌مو ئه‌لیفێكى یائى ئیماله‌ ده‌كات ئه‌گه‌ر بكه‌وێته‌ نێوان دوو پیتى(ر) **یه‌كه‌میان فه‌تحه‌دارو دووه‌میان بكه‌وێته‌ كۆتایى و كه‌سره‌ى ره‌سه‌ن بێت، لێره‌دا، ئه‌وه‌ش وا ده‌خوازێت كه‌ پیتى**(ر) **لاواز بكرێت، ئه‌وه‌یان نه‌هاتووه‌ له‌ قورئانى پیرۆز ته‌نها له‌ سێ شوێن نه‌بێت، به‌م شێوه‌یه**‌(الأشرارِ، الأبرارِ، القرارِ) **به‌هه‌ر شێوه‌یه‌ك هاتبن.**

4- كیسائى هه‌مو ئه‌لیفێكى یائى ئیماله‌ ده‌كات ئه‌گه‌ر بكه‌وێته‌ دواى پیتى(ر)**، وه‌ك**(أخرى، النصارى، اشترى، ترى، القرى، مجراها، سكارى، أسرى).

5- كیسائى ئیماله‌ى پیته‌كانى(حي طهر) **له‌ پیته‌كانى ده‌سپێكى سوره‌ته‌كان ده‌كات وه‌ك**(**الر**)،(**كهيعص**)**ى سه‌ره‌تاى سوره‌تى مه‌ریه‌م.**

6- دوورى ئیماله‌ى هه‌مو ئه‌لیفێك ده‌كات بكه‌وێته‌ پێش پیتى(ر)**ى كۆتایى كه‌سره‌دار وه‌ك**(الدارِ، من ديارِهم، والجارِ، النهارِ، من أنصاري، الحمارِ) **ئه‌وه‌یان له‌ قسه‌كه‌ى ئێمه‌ ده‌رده‌چێت**(راء متطرفة)[1] **وئه‌و ئه‌لیفه‌ى ده‌كه‌وێته‌ پێش پیتى**(ر)**ى كه‌سره‌دار له‌ ناوه‌راستدا، وه‌ك**(نمارِق، فلا تمارِ فيهم، الحواريين) **بنچینه‌ى وشه‌ى**(**تمار**) (**تمارى**)**یه‌ به‌ڵام لێره‌دا پیتى**(ى) **لابردراوه‌ به‌هۆى مه‌جزوم بوونى به‌ لاى ناهیه‌، ده‌رباره‌ى وشه‌ى**(الحواريين) **ئه‌وه‌ پیتى**(ى)**ى نیسبه‌ت له‌ وشه‌ى**(حواريّ) **پیتى**(ر)**ى تێدا لابردراوه‌ له‌ به‌شێكیدا هه‌ر بۆیه‌ ئیعرابى بۆ گواستراوته‌وه‌.**

---

[1] وشه‌ى(**الجوار**) **جیاكراوته‌وه‌ له‌ سوره‌تى ره‌حمان و سوره‌تى ته‌كویر، له‌هه‌ردوكیاندا دوورى ئیماله‌ ده‌كات دواتر باسى ده‌كه‌ین ان شاء الله.**

7- كیسائی ئیماله‌ی وشه‌ی(فنادته)[1]**. ده‌كات له ئایه‌تی**{فَنَادَاهُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ وَهُوَ قَآئِمٌ يُصَـلِّى فِى ٱلْمِحْرَابِ}،(**ئالی عیمڕان**:39).



[1] (فَنَادَتْهُ) **كه‌سائی پیتی(ت) لاده‌بات و ئه‌لیف زیاد ده‌كات و ئیماله‌ی ده‌كات له‌دوای پیتی(د).**

مهزههبی كیسائی
دهربارهی ئیماله له ههندێ وشهی تایبهت

➢ **كیسائی وشهی**(مرضات)[1] **ئیماله دهكات له ههر شوێنێك بێت، ئهم وشهیهش له پێنج شوێندا هاتووه بهم شێوهیه: ئایهتی**207**و** 265**ی سورهتی بهقهره، لهگهڵ ئایهتی**114 **له سورهتی نیساء وئایهتی**1**ی مومتهحینه، ئایهتی**1**ی تهحریم.**


➢ **كیسائی پیتی**(ر)**و ههمزه ئیماله دهكات له فیعلی**(رأى، رآك، رآه) **بهههر شێوهیهك هاتبێت له پێش جوولهدا، وهك**(رأى كوكباً، رأى أيديهم، رأى برهان، أن رآه استغنى، رآه مستقراً، رآها تهتز، رآك الذين، فرآه حسناً) **بهڵام ئهگهر بكهوێته دوای زهنهدارێك ئهوه دوو باری تێدا دروست دهبێت:**

یهكهم: زهنهدارهكه لكاوبێت وهك(رأتهم، رأوك، رأوهم، رأتْه) **لێرهدا كیسائی فهتحهداری دهكات له باری وهستان و نهوهستاندا.**

---

(1)وشهی(مرضات) **لهسهر كێشی**(مَفْعِلَة) **بنچینهكهی**(مرضية)**یه، ئیسمولفیعله به واتای مهفعول دێت له وشهی**(رضي ، يرضى) **یهوه هاتووه، بنچینهی ئهم وشه واویه بهڵام پیتی**(م)**ی بۆ زیادكراوه، یاسای زمانهوانی دهڵێت: ههرفیعلێكی واوی زیاد بكرێت لهسهر شێوهی پیتی**(ى) **دهنوسرێت، ههر بۆیه وهكو وشهیهكی یائی سهیر دهكرێت، كهسائی**(مرضاة الله) **به ئیماله دهخوێنێتهوه، بهڵگهشی ئهوهیه كه عهرهبهكان ئهگهر پیت زیاد بكهن لهسهر وشهی سێیی بهسهر پیتی**(و) **ئهوه ئیمالهی دهكهن و لهسهر شێوهی پیتی**(ى)**یش دهینوسن، بۆ نمونه وشهی**(أدنى)**، بهڵام جمهوری زانایان بێ ئیمالهی دهیخوێننهوه، بهڵگهشیان ئهوهیه كه وشهی واوی بنچینهكهی**(مرضوة) **گۆڕینی پیتی**(و)**ك كراوه به ئهلیف بههۆی جوولهداری، وفهتحهداركردنی پێش خۆی دهبێته بهڵگه لهسهر ئهمه**(رضوان الله) **ئهوهیان له وشه واویهكانه،**(القماش) **له تهفسیری ئایهتی**[ومن الناس من يشري نفسه ابتغاء مرضات الله والله رءوف بالعباد]**(بهقهره:**207)**، به دهستكاریهكی كهم.**

دووه‌م: زه‌نه‌داره‌كه‌ ده‌بێت نه‌لكاوبێت وه‌ك(رأى الشمس، رأى القمر، رأى الذين كفروا) كیسائی پیتی(ر)و هه‌مزه‌ فه‌تحه‌دار ده‌كات له‌ لكاوداو ئیماله‌ی ده‌كات له‌ باری وه‌ستاندا.



- كیسائی وشه‌ی(التورٰة) ئیماله‌ ده‌كات له‌ هه‌ر شوێنێكی قورئاندا هاتبێت.

- كیسائی هه‌مزه‌ ئیماله‌ ده‌كات له‌باری وه‌ستاندا له‌ وشه‌ی(تراءا) له‌ ئایه‌تی{فَلَمَّا تَرَاءَى الْجَمْعَانِ}، (شوعه‌را:61)، له‌ پێشتریش ئاماژه‌مان پێكرد.

- كیسائی ئیماله‌ی گه‌وره‌ ده‌كات له‌ ئه‌لیف له‌باری وه‌ستان و نه‌وه‌ستاندا له‌ وشه‌ی(هارٍ)(ته‌وبه‌:109) له‌گه‌ڵ لاوازكردنی پیتی(ر) له‌ هه‌ردو باردا وه‌ستان نه‌وه‌ستان.

- ولاوازكردنی ده‌كات له‌ هه‌ر شوێنێكی قورئاندا هاتبێت.

- **كیسائی ئیمالەی پیتی(ر) دەكات لە وشەی(بَلْ رَّانَ)** (موطەفیفین:14).

- **كیسائی وشەی**(كلاهما) **ئیمالە دەكات لە ئایەتی**{إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا}،(**ئیسرِاء**:23).

- **كیسائی ئیمالەی وشەی(الربـا) دەكات لەهەرشوێنێك هاتبێت لە قورئانی پیرۆز**[1]. **وەك**{وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا}.

- **كیسائی ئیمالەی گەورە دەكات لە فەتحەی پیتی(ر)و ئەلیف لە وشەكانی(أدراك، أدراكم) لەهەرشوێنێك هاتبێت.**

- **كیسائی ئیمالەی پیتی(ن)و هەمزە دەكات لە وشەی**(ونأى) **لەهەر شوێنێك بێت، ئەوە لە دوو شوێندا هاتووە ئەوانیش:(ئیسرِاء**:83)،{أَعْرَضَ وَنَـَٔا بِجَانِبِهِۦ}، (**فوصیلەت**:51) ، **لە پێشتر ئاماژەمان پێكرد.**

- **كیسائی وشەی**(أحيا) **ئیمالە دەكات لەهەرشوێنێك و بەهەر شێوەیەك بێت، وەك ئایەتی**{وَأَنَّهُۥ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا}،(**نەجم**:44).

- **كیسائی ئیمالەی وشەی**(إناه) **دەكات لە ئایەتی**{إِلَىٰ طَعَامٍ غَيْرَ نَـٰظِرِينَ إِنَىٰهُ وَلَـٰكِنْ إِذَا دُعِيتُمْ فَٱدْخُلُوا۟}،(**ئەحزاب**:53).

---

[1] **ئەم وشە لە هەشت شوێندا هاتووە، پێنجیان لە سورەتی بەقەرە كە ئەمانەن**(275، 276، 278) **ولە سورەتی ئالی عیمران ئایەتی**(130) **ولە نیساء ئایەتی**(161) **ولەسورەتی ڕووم ئایەتی**(39).

- كیسائی ئیماڵەی وشەی(كلتا) دەكات لەباری وەستاندا، لە ئایەتی{كِلۡتَا ٱلۡجَنَّتَيۡنِ ءَاتَتۡ أُكُلَهَا}،(كەهف:33)، گوتراوە ئەمە بۆ مێینە بەكارهاتووە هەربۆیە ئیماڵە دەكرێت، وگوتراوە ئەم ئەلیفە ئەلیفی بەكارهاتوو بۆ دوانەیە وئەگەر بڵێین ئەلیفەكە بۆ دووانەیە ئەوە ئیماڵەی تێدا نیە، ڕاستر وایە بگوترێت لەباری وەستاندا ئیماڵەی تێدایە، لەڕابردو ئاماژەمان پێكرد.

- دووری ئیماڵەی وشەی(الكافرین، كافرین) دەكات، لەهەرشوێنێك هاتبێت لە قورئانی پیرۆز، بەڵام وشەی(الكافرون) ئیماڵە كردنی تێدا نیە.

- دووری ئیماڵەی وشەی(الجوار)(1) دەكات، ئەوەش لە سێ شوێندا هاتووە(شوڕا:32)(ڕەحمان:24)،(الْجَوَارِ الْكُنَّسِ)(تەكویر:16).

- دووری ئیماڵەی وشەی(جبارین) دەكات، ئەوەش لە دوو شوێندا هاتووە(مائیدە:22)،(شوعەڕا:130).

- دووری ئیماڵەی وشەی(طغیانهم) دەكات، لەهەر شوێنێك هاتبێت، ئەوەش لە پێنج شوێندا
هاتووە(بەقەڕە:15)،(ئەنعام:110)،(ئەعڕاف:186)،(یونس:11)،(موئمینون:75)، بەڵام وشەی(طغیاناً) ئیماڵەكردنی تێدا نیە.

- دووری ئیماڵەی ئەو ئەلیفە دەكات كە دەكەوێتە پێش پیتی(ن) لە وشەی(آذانِنا) لە ئایەتی{وَقَالُوا قُلُوبُنَا فِي أَكِنَّةٍ مِمَّا تَدْعُونَا إِلَيْهِ وَفِي آذَانِنَا وَقْرٌ}(فوصیلەت:5).

---

(1) بنچینەی وشە(الجوارِ)(الجواري)یە، ناوێكی مەنقوصە لەسەر كێشی(فواعل) پیتی(ی)ی تێدا لابردراوە بەهۆی ئاسانكردنی لە شوێنی سوڕەتی شوڕادا، وبەهۆی گەیشتنە دوو زەنەبەیەك لە سوڕەتەكانی ڕەحمان و تەكویر.

- **دووری ئیمالهی ئهو ئهلیفه دهكات كه دهكهوێته پێش پیتی**(ن) **له وشهی**(**آذانِهم**) **له ههر شوێنێك بێت، ئهوهش له حهوت شوێندا هاتووه**(**بهقهڕه**:19)،(**ئهنعام**:25)،(**ئیسڕاء**:46) (**كههف**:11+57)،(**فوصیلهت**:44)،(**نوح**:7)،(**فوصیلهت**:5).

- **دووری ئیمالهی وشهی**(مثواي) **دهكات له ئایهتی**{ إِنَّهُ رَبِّي أَحْسَنَ مَثْوَايَ}(**یوسف**:23)، **وكیسائی و ڕاویهكانی ئیمالهی ئایهتی**(فبئس مثوى المتكبرين)(**زومهڕ**:72)، **وئایهتهكانی**(**والنار مثوىً لهم**)**و** (**والله یعلم متقلبكم ومثواكم**)(**موحهممهد**:12+19) **دهكات.**

- **دووری ئیمالهی وشهی**(وسارعوا) **دهكات له ئایهتی**{وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ}(**ئالی عیمڕان**:133).

- **دووری ئیمالهی وشهی**(**نسارع**) **دهكات له ئایهتی**{ نُسَارِعُ لَهُمْ فِي الْخَيْرَاتِ بَلْ لَا يَشْعُرُون}(**موئمینون**:56).

- **دووری ئیمالهی وشهی**(یسارعون) **دهكات له ههر شوێنێك هاتبێت، ئهوهش له حهوت شوێندا هاتووه**: (**ئالی عیمڕان**:114+176) (**مائیده**:41+52+62) (**ئهنبیاء**:90) **له گهڵ ئایهتی**{أُولَئِكَ يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ وَهُمْ لَهَا سَابِقُونَ}(**موئمینون**:61).

- **دووری ئیمالهی وشهی**(بارئكم) **دهكات له ئایهتی**{فَتُوبُوا إِلَى بَارِئِكُمْ فَاقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ}(**بهقهڕه**:54).

- **دووری ئیمالهی وشهی**(الباریٔ) **دهكات له ئایهتی**{هُوَ اللَّهُ الْخَالِقُ الْبَارِئُ الْمُصَوِّرُ}(**حهشر**:24).

- **دووری ئیمالهی وشهی**(**رؤياك**) **دهكات له ئایهتی**{قَالَ يَا بُنَيَّ لَا تَقْصُصْ رُؤْيَاكَ عَلَى إِخْوَتِكَ فَيَكِيدُوا لَكَ كَيْدًا}(**یوسف**:5)، **بهڵام وشهكانی**(رؤياي، للرؤيا، الرؤيا) **ئهوه پێشهوا كیسائی و ڕاویهكانی ئیمالهیان دهكهن**.

- **دووری ئیمالهی وشهی**(**كمشكاة**) **دهكات له ئایهتی**{اللَّهُ نُورُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ مَثَلُ نُورِهِ كَمِشْكَاةٍ فِيهَا مِصْبَاحٌ}(**نور**:35).

- **دووری ئیمالهی وشهی**(**ومحياي**) **دهكات له ئایهتی**{قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ }(**ئهنعام**:162).

- **دووری ئیمالهی وشهی**(**هداي**) **دهكات ئهوهش له دوو شوێندا هاتووه**(**بهقهڕه**:38)**و** (**طه**:123).

هه‌ندێك وشه
لای كیسائی جیاكراوته‌وه‌ له‌ ئیماله‌كردن

1- وشه‌ی(لدی)، له‌ ئایه‌تی(إذ القلوب لدى الحناجر)،(غافیر:18)، ئیماله‌ی تێدانیه‌، وه‌هه‌روها وشه‌ی(لدا) له‌ سوره‌تی یوسف ئیماله‌ی تێدانیه‌، چونكه‌ ئه‌لیف درێژكراوه‌یه‌ له‌ هه‌مو قورئاندا.

2- وشه‌ی(حتی)، له‌هه‌رشوێنێك هاتبێت له‌ قورئانی پیرۆز.

3- وشه‌ی(إلی)، له‌هه‌رشوێنێك هاتبێت له‌ قورئانی پیرۆز.

4- وشه‌ی(علی)، ئه‌گه‌ر ببێته‌ پیتی(جر)[1]. له‌هه‌رشوێنێك هاتبێت له‌ قورئانی پیرۆز.

5- وشه‌ی(ما زكی) له‌ئایه‌تی{وَلَوْلَا فَضْلُ اللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَا زَكَى مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَكِنَّ اللَّهَ يُزَكِّي مَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ}،(نور:21) ئه‌م وشه‌ وشه‌یه‌كی واویه‌ به‌لاَم لێره‌دا بۆ ئاگاداربون باسكراوه‌.

---

[1]تایبه‌ت كراوه‌ به‌ پیتی جه‌ڕ تاوه‌كو ئه‌وه‌ی وه‌ك فیعلی ماضیه‌ ده‌ربچێت هه‌روه‌ك(إِنَّ فِرْعَوْنَ عَلَا) ئه‌وه‌ فیعلێكی واویه‌ ئیماله‌ی تێدانیه‌.

ئاگاداركردنه‌وه
له‌سه‌ر ئیماله لای كیسائی

أ- **ئه‌گه‌ر قاریء وه‌ستا له‌سه‌ر ئه‌و ئه‌لیفه‌ی ئیماله‌ی تێداده‌كرێت، ئه‌وه ئه‌و ئه‌لیفه لاده‌چێت له باری نه‌وه‌ستاندا به‌هۆی ڕزگاربوون له گه‌یشتنه دوو زه‌نه به‌یه‌ك، به‌لكو له‌سه‌ری ده‌وه‌ستێت به ئیماله‌كردن، وه‌ك**(هدى الله)،(موسى الكتاب)،(عيسى ابن مريم)،(ذكرى الدار).

ب- **ئه‌گه‌ر قاریء وه‌ستا له‌سه‌ر ناوێكی كورتكراوه – له‌باری نه‌وه‌ستاندا ته‌نوینی وه‌رگرتبو– ئه‌وه له‌سه‌ری ده‌وستێت به ئیماله، وه‌ك**(هدىً للمتقين)،(في قرىً محصنة)**، به‌لاّم له‌باری نه‌وه‌ستاندا ئیماله ناكرێت.**

مهزههبی كیسائی
لهسهر ئیمالهكردنی پیتی(هـ)ی بهكارهاتوو بۆ مێینه

هائی بهكارهاتوو بۆ مێینه[1]. لهباری نهوهستاندا پیتی تائه، بهڵام لهباری وهستاندا دهگۆڕێت بۆ پیتی(هـ)، جیاوازیشی نیه له ڕهسمی موصحهف به پیتی(هـ) نوسرابێت یان به پیتی(ت)، ڕێگات نیشان دهدات كه ئهوه پیتی تائه به فیعل لكاوه، وهك(ضَـرَبَـتْ)، ئهوهیان لهباری وهستان و نهوهستاندا لهسهر یهك بارِدایه، دهگۆڕێت لهباری وهستاندا چونكه ئهو پیتانه لهباری وهستاندا گۆڕانكاری زۆریان بهسهر دێت.

كیسائی ئیمالهی ئهو پیته تائه دهكات لهباری وهستاندا لهسهر دوو مهزههب بهم شێوهیه :

1- ئیمالهی پیتی(هـ)و ئهوهی پێشخۆی به مهرجێك یهكێك لهم پازده پیته له پێش پیته هائهكه بێت كۆدهبێتهوه له ڕستهی(فجثت زينب لذود شمس) وهك وشهكانی(خليفة، بهجة، ثلاثة، ميتة، أعزة، خشية، جنة، حبة، ليلة، لذة، قوة، بلدة، عيشة، رحمة، خمسة).

وهروها ئیمالهی ئهو پیته هائه دهكرێت كه له پێشیدا هاتووه یهكێك لهو چوار پیته كه كۆبویتهوه له وشهی(أكهر) بهمهرجێك له پێش ههر پیتێك لهم پیتانه پیتی(ی)ی زهنهدار هاتبێت یان كهسرهدارێكی لكاو یان نهلكاو به زهنه وهك(كهيئة، فئة، المؤتفكة، الأيكة، آلهة، وجهة، كبيرة، لعبرة).

بهڵام ئهگهر له پێش پیته هائهكه یهكێك لهم ده پیتانه هات كه كۆدهبێتهوه له كۆمهڵهی وتهی پێشهوا شاطبی(حَقٌّ ضِغَاطٌ عَصٍ خَظَا) ئهوه دهبێت فهتحهداربكرێت وهك(النطيحة، طاقة، بعوضة، صبغة، الصلاة، بسطة، سبعة، خالصة، موعظة، الصاخة)، وهروها فهتحهداردهكرێت ئهگهر له پێشی داهاتبو پیتێك له پیتهكانی وشهی(أكهر) ولهپێشیدا پیتی(ی)ی زهنهدار یان كهسرهداری لكاو یان نهلكاو به زهننه

---

[1] بۆ سود وهرگرتن سهیری پاشكۆی ژمارهی(3) بكه له كۆتایی بهشی ئوصول.

نەهاتبێت، **وەك**(النشأة، براءة، امرأة، الشوكة، ببكة، التهلكة، مباركة، سفاهة، حسرة، العمرة، الحجارة، سفرة، الخيرة).

2- ئیمالەی پیتی(ھ)ی بەكارھاتو بۆ مێیینە بە ڕەھا، ئەگەر لە پێشیدا ھاتبێت ھەر پیتێك جگە لە ئەلیف نەبێت، بەڵام ئەگەر ئەلیف لە پێشیدا ھاتبو ئەوە ئیمالە ناكرێت، چونكە ئەلیف زەنەدارە وناكرێت كەسرەدار بكرێت، وئەگەر پێی كەسرەداركرا ئەوە دەبێتە ئیمالەی ئەلیف نەك پیتی(ھ)[1].

كۆكردنەوە لە نێوان ھەردوو مەزھەب دەربارەی پیتی(ھ) بەكارھاتوو بۆ مێینە بەم شێوەی خوارەوەیە :

---

[1] **وشەكانی**(الصلاة، والزكاة) **ئیمالەیان تێدا نیە، ئەوانە لە بابەتی ئەوەن كە ئەلیف لە پێشیاندا ھاتووە ھەر وەك لە ڕابردو باسمان كرد، چونكە ئەو ئەلیفە ئەگەر ئیمالە بكرێت پێویست دەبێت كە ئیمالەی پێش خۆی بكرێت، وناكرێت تەنھا ئیمالەی ئەلیفەكەو پیتی(ھ) بكرێت و واز لە ئیمالەی پێش ئەلیفەكە بھێندرێت، بنچینەی ئەم بابەتە كورتكردنەوەی ئیمالەیە تەنھا لەسەر پیتی(ھ)و ئەوپیتەی دەكەوێتە پێش ھائەكە، ھەر بۆیە ئەلیف ئیمالە دەكرێت لە**(التوراة، ومزجاة) **ئەم بابەتەش لە ڕابردودا باسمان كرد چونكە گۆڕدراوە لەبری پیتی(ی) نەك بەھۆی بەكارھاتنی بۆ مێینە، دانی لە موفرەداتەكەی خۆیدا دەفەرموێت: ئەلیف و پێش ئەلیف ئیمالە دەكرێت لەم وشانەدا نەك پیتی(ھ)و پێشەكەی، كەواتا ئەگەر ئەوھابێت ناكرێت ئیمالە بكرێت لەباری لكاندندا بەھۆی وەرگەڕانی پیتی(ھ)ی ھاووێنەی ئەلیف بە پیتی(ت)، لە پەرتووكی(جامع البيان) دەفەرموێت: ئەوەی ئیمالەی بكات مەبەستی ئیمالەی پیتی(ھ) نیە بەڵكو مەبەستی ئیمالەی ئەلیف و پێش ئەلیفە، ھەربۆیە بەكاری دەھێنێت لە باری وەستان ونەوەستاندا، ئەگەر مەبەستی ئیمالەی پیتی(ھ)بێت ئەوە قەدەغە دەكرێت بەھۆی بوونی ئەلیف لە پێش خۆی ھەر وەك قەدەغەكراوە لە وشەكانی**(الصلاة، والزكاة)**و ھاووێنەكانیان، دواتر دەفەرموێت: ئەوانەی باسكران ھەموی زانیاریەكی وردو نادیارن(واتە: پێش ڕوونكردنەوەو باسكردنی)، وتەی دانی كۆتایی ھات. بەپێی مەزھەبی دانی و ھاوڕێكانی پێویست دەكات بگوترێت ئەو ئەندازەی لە دەنگی پیتی(ھ) پەیدادەبێت لە چۆنیەتیدا كە پێی دەگوترێت ئیمالە لەدوای فەتحەی ئیمالەكراو ئەوەشیان پەیدادەبێت واتە دێتە دی لە دوای ئەو ئەلیفەی ئیمالە كراوە، ھەرچەند ئیمال كردنەكەش بە ھۆی پیتی(ھ)نەبێت، بەڵام ئەوەیان پێویست نیە لای مەككی و ھاوڕێكانی، چونكە ئیمالە لای ئەوان لە پیتی(ھ) ناكرێت ھەر وەك لە ڕابردو باسمان كرد، خودا لە ھەموو كەس زاناترە(ئیبنولجەزەری، نەشر لە قیرائاتی عەشر، ب2، لا89).**

❶ بەیەك دەنگ ئیمالە دەكرێت بە ڕەها ئەگەر لە پێشی هاتبو یەك لەم پیتانە(فجثت زينب لذود شمس) وەهروها پیتەكانی(أكهر) بە مەرجێك لە پێش پیتەكانی(أكهر) پیتی(ى)ی زەنەدار یان كەسرەی لكاو یان نەلكاو بە زەنە[1] هەبێت.

❷ هەردوو خوێندنەوەی بۆ هەیە، واتە: كردنەوە(فتح)و لاركردنەوە(امالە) ئەگەر لە پێشیدا هاتبو یەكێك لەو نۆ پیتانە كە كۆبویتەوە لە هونراوەی شاطبی[2].
حَقٌّ ضِغَاطٌ عَصٍ خَظَا[3].
یان یەكێك بێت لە پیتەكانی(أكهر) بێت بەلاَم پیتی(ى)ی زەنەدار یان كەسەرداری لكاو یان نەلكاوی زەنەدار نەهاتبێت.

❸ كردنەوە(فتح) بە یەك دەنگ ئەگەر ئەلیفی لە پێشدا هاتبو.

زانیاری:

بۆچونی جیاواز دروست بووە لە نێوان دوو كۆمەڵەی زانایان لەسەر ئیمالەكردنی پیتی(ه)ی بەكارهاتو بۆ مێینە، ئایە ئیمالەكردنەكەی لە سەرخۆی و پێش خۆیەتی یان تەنها ئیمالەی خۆی دەكرێت جگە لە پێش خۆی؟

خاوەنی پەرتووكی(البدور الزاهر) دەفەرموێت: هەندێ لە زانایان بوچونیان وایە كە پیتی(ه)ی بەكارهاتو بۆ مێینە خۆی وپیتەكەی پێشی بەیەكەوە ئیمالە دەكرێن، ئەوانەی كە ئەم بۆچونەشیان هەیە دانی و شاطبين، وجمهوری زانایان بۆچونیان وایە كە تەنها ئیمالەی خۆی دەكرێت و پێشەكەی لەگەڵ نیە، ئیبو لجەزەری دەفەرموێت: ئەم

---

[1] جیاوازیان هەیە لەسەر وشەی(فطرت) لە ئایەتی(ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ)(ڕووم:30) كەسائی بە پیتی(ه) لەسەری دەوەستێت لەبەر بنچینەی خۆی، دواتریش باسی دەكەین لە وێنەی ڕەنوسی، هۆكاری جیاوازیەكەش ئەوەیە كە زەنە پیتی ئیستیعلاو ئیطباقە.
[2] وەهروها كۆبویتەوە لە كۆمەڵەی(خص ضغط قظ حع).
[3] ئەلیف شوێنكەوتەی برگەی ژمارە 3 دەكرێت.

جیاوازیه ته‌نها له گوتن ده‌رده‌كه‌وێت، وناكرێت بگوترێت جیاوازی هه‌یه له‌نێوان دوو گروپدا خۆی ئیماله‌ی تێدایه‌و نزیك بوونی فه‌تحه‌یه له كه‌سره‌و ئه‌لیفیش له پیتی(ی)، وناكرێت پیتی(ه) نزیك بێت له پیتی(ی)و فه‌تحه‌ش له كه‌سره نزیك نابێت.

ئه‌وه‌ی باسكرا دانی و هاوبۆچونه‌كانی جیاوازیان تێدا نیه، له‌م ڕووه‌وه كه پێش پیتی(ه) ئه‌گه‌ر ئیماله بكرێت ئه‌وه پێویست ده‌بێت كه لاوازیه‌كی شاراوه‌ی بۆ دروست بێت كه پێچه‌وانه‌ی باری خۆی بێت ئه‌گه‌ر پێش خۆی ئیماله نه‌كرێت، وئه‌گه‌ر له ڕه‌گه‌زی نزیكبونه‌وه‌ش نه‌بێت له پیتی(ی) ئه‌و كاته ئه‌ندازه‌كه‌ی پێی ده‌گوترێت ئیماله، ئه‌وه‌یان جمهوری زانایان جیاوازیان له‌سه‌ری نیه[1]. ئه‌وه‌ی كاری پیێ ده‌كرێت له‌م بابه‌ته بریتیه له ئیماله كردنی پیتی(ه)ی به‌كارهاتو بۆ مێینه‌و پێش خۆی.



[1] قاضی، عه‌بدولفه‌تاح: په‌رتووكی بدور زاهره له قیرائاتی عه‌شره‌ی موته‌واتیره، له‌ڕێگه‌ی شاطبی و دوره(قاهیره، نوسینگه‌ی سه‌لام بۆ چاپ و بلاْوكردنه‌وه ب1429 ك، لا53.

بابەتی شێوەی ڕێنووس

❖ **یەكەم**: **پیتی(ـت)ی كراوەی بەكارهاتوو بۆ (مێ)** (المبسوطة).

ئەگەر (ـت)ی (مێ)ی بە كار هاتوو بۆ تاك بنوسرێت لەسەر شێوەی كراوە، لای بەصری پێویست دەبێت وەستان لەسەری بە پیتی (ه) – واتا بە پیتی (ه) دەخوێندرێتەوە – ئەوەش لە سێزدە وشەدا هاتووە، دابەش دەبێت بۆ سەر چل و یەك شوێن بەم شێوەیە[1]**:**
(فِطْرَتَ، سُنَّتُ، ٱمۡرَأَتُ، لَّعۡنَتَ، رَحۡمَتَ).

تێبینی1:
بە پاشكۆی پیتی(ت)ی بەكارهاتو بۆ مێینە دادەندرێت و كیسائیش لەسەریان دەوەستێت ئەم پێنج وشەی خوارەوە:

- ﴿مَرۡضَاتِ﴾(ﷺ)**(بەقەرە:270) لە هەر شوێنێك بێت**[3]**.**
- ﴿ذَاتَ بَهۡجَةٍ﴾[4]**(نەمل:60).**

---

[1]**بۆ سود بینین لەم بابەتە، سەیری پاشكۆی ژمارە**2 **بكە لە كۆتایی ئەم بەشەدا.**
[2]**كەسائی ئیمالەی ئەم وشە دەكات.**
[3]**لە ئایەتی**207 **تا**265 **لە سورەتی بەقەرە، وئایەتی**114**ی سورەتی** نیساء**، وئایەتی**1**ی سورەتی تەحریم، وەستان لەسەری بە خوێندنەوەی پیتی(ت) ئەوە شێوەزارێكە لە ناو عەرەبەكاندا، دەڵێن:**(هذا طلحت بالتاء) **بەلاّم ئەوانی تر كە لەسەری دەوستن بەم شێوە دەوەستن لە كاتی خوێندنەوەی** (مرضاه) **پیتی(ت) دەكەنە پیتی(ه) لە كاتی وەستان دا، بەڵگەیان ئەوەیە دەیانەوێت جیاكاری بكەن لە نێوان پیتی(ت)ی لكاو بە ناوێك لەگەڵ پیتی(ت)ی لكاو بە فیعل (كار)**(قامت و ذهبت)**(القماش) لە تەفسیری ئایەتی**207**ی سورەتی بەقەرە، بە دەستكاریەكی كەم،**(وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ رَءُوفٌ بِالْعِبَادِ)**(بەقەرە:**207**) بە دەستكاریەكی كەم.**
[4]**جگە لەم شوێنە هاتووە وەك**(ذات لهب) **كەسائی لەسەری دەوەستێت بە پیتی(ت).**

- ﴿وَّلَاتَ حِينَ﴾(ص:3).
- ﴿هَيۡهَاتَ﴾(موئمینون:36).
- ﴿ٱللَّٰتَ﴾(نەجم:19).

دەربارەی وشەی﴿يَـٰٓأَبَتِ﴾[1].(موئمینون:36) **لە هەر شوێنێك بێت، ئەوە كیسائی بە پیتی(ت) لەسەری دەوەستێت**[2].

ئەلمولا قارئ[3]. **لە شەرحەكەیدا لەسەر پێشەكی(جەزەریەی شەش ئەلفاظەكەی) ڕابردوو هونراوەیەكی داناوە بەم شێوەیە:**

واللاتَ مع لات كذا مرضات   ويا أبت وذات مع هيهات

---

[1] **(یا أبت) بنچینەكەی(یا** أبي**)یە پیتی(ی) لابراوە، شوێنی پڕكراوتەوە بە پیتی(ت)ی مێ كەسەردار كراوە تا كەسرەكە ببێتە بەڵگە لەسەر(ی) لابراوەكە لەكاتی وەستان دەكرێت بە(ت)، نوەیری لە شەڕحی(**طيبة النشر**) بەرگی**2 **لاپەڕە**63 **دا دەفەرمووێت: زانراوە پیتی(ه) لە(یا أبت) بۆ ئەوكەسانەی باسكراوە هەندێكیان گەڕاندویانەتەوە بۆ سەر پیتی(ه) نەك لە وشەكە چونكە نانوسرێت.**

[2] **بنچینەی(**یا أبت**)(یا أبی)یە پیتی(ی) لابردراوە، قەرەبوكراوتەوە بە پیتی(ت)ی بەكارهاتو بۆ مێ، وكەسرەداركراوە تاوەكو ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی كە لابردراوە پیتی یائەو بە پیتی(ت) لەسەری دەوەستێت، نوەیری لە پەرتووكی شەڕحی** طیبەت **نەشر، ب**2**، لا**63**دا دەفەرموێت: زاندراوە كە پیتی(ه) لە(**یا أبت**) بۆ ئەوانەی كە باسی دەكەن عەتفی دەكەن بۆ سەر پیتی(ه) نەك وشەكە بەهۆی نەنوسینی، شێوەی جیاوازی كەسائیش بنچینەكەی ئەوەیە بە قەرەبو دەچێت لەم ڕوەشەوە نەكراوتە پیتی ئیعڕاب.**

[3] **مەلا عەلی قارییئ، پەرتووكی (المنح الفكريه لە شەرحی جەزەریە)،(دیمەشق، دار غوسانی بۆ خوێندنی قورئانی ب**2، 2012**ز)، لا**307.

تێبینی2:

كیسائی پیتی(ه)ی بەكارهاتو بۆ مێ و ئەو پیتەی دەكەوێتە پێشی ئیماله دەكات، بەپێی باسكردنی له باسی مەزهەبی كیسائی لەسەر ئیمالەی پیتی(ه)ی بەكارهاتو بۆ مێ.

❖ **دووەم: له دوای پیتی(ه)كیسائی به ئەلیف دەوەستێت لەسەر وشەی[أَيُّه] له هەر سێ شوێنیدا**{أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ }(**نور**:31)،{يَـٰٓأَيُّهَ ٱلسَّاحِرُ}(**زوخڕوف**:49)،{أَيُّهَ ٱلثَّقَلَانِ}(**ڕەحمان**:31) ، **هەر وەك له گشت وشەكانی تر وایه(أيها).**

❖ **سێیەم: كیسائی دەوەستێت به ناچاری یان به تاقیكردنەوە لەسەر پیتی(ی) له هەردوو وشەی**(ويكأن، ويكأنه) **له ئایەتی**{وَأَصۡبَحَ ٱلَّذِينَ تَمَنَّوۡاْ مَكَانَهُۥ بِٱلۡأَمۡسِ يَقُولُونَ وَيۡكَأَنَّ ٱللَّهَ يَبۡسُطُ ٱلرِّزۡقَ لِمَن يَشَآءُ مِنۡ عِبَادِهِۦ وَيَقۡدِرُۖ لَوۡلَآ أَن مَّنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡنَا لَخَسَفَ بِنَاۖ وَيۡكَأَنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ}(**قەصەص**82) **بەم شێوەیە**(وِيْ)، **وله كاتی دەستپێكردن بەوان خوێنەر به تەواوی دەست بەو دەكات بەم شێوەیە**(ويكأن، ويكأنه).

❖ **چوارەم: كیسائی پیتی(ل) به لابردنی شەددە دەخوێنێتەوە له وشەی**(ألّا يسجدوا) **له ئایەتی**{أَلَّا يَسۡجُدُواْ لِلَّهِ ٱلَّذِي يُخۡرِجُ ٱلۡخَبۡءَ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ}(**نەمل**:25)، **بەم شێوەیە(ألا يا آسجدوا)، وەستانیشی بۆ هەیه له باری وەستاندا به ئیختیبار لەسەر** (ألا يا) **بەیەكەوە، ودەست پێدەكرێت بە**(آسجدوا) **لەگەڵ ضەممەداركردنی هەمزەی لكاو، وبۆی هەیه لەباری وەستاندا ئیختیبار لەسەر(ألا) دواتر بە(یا) دواتر دەستپێكردن بە**(آسجدوا) **لەگەڵ ضەممەداركردنی هەمزەی لكاو،**

به‌ڵام له‌باری وه‌ستانی ئاره‌زومه‌ندانه‌(الاختيار) ئه‌وه‌ دروست نیه‌ وه‌ستان له‌سه‌ر (ألا) ونابێ وه‌ستن له‌سه‌ر(یا) به‌ڵكو ده‌بێت له‌گه‌ڵ(اسجدوا) بخوێندرێته‌وه‌ له‌گه‌ڵ ئاگاداربون له‌ لابردنی ئه‌لیف له‌ (یا) له‌كاتی لكاندنی به‌ وشه‌ی(آسجدوا) به‌هۆی گه‌یشتنه‌ دوو زه‌نه به‌یه‌كه‌وه‌[1].



[1] بۆ زیاتر سود بینین سه‌یری پاشكۆی ژماره5 بكه‌ له‌ كۆتایی به‌شی ئوصول.

بابەتی
شێوەی ڕێنووسی هائی سەکت

هائی سەکت هائێکی زەنەدارە دەچێتە کۆتایی وشە، بەکاردێت بە مەبەستی دەرخستنی پیتی کۆتایی یان دەرخستنی جوولەی کۆتایی لەم وشەی کە پیتە هائەکەی چۆتە سەر، ئەمەش بۆ گرنگی یان زێدەڕەوی کردنە، زەننەدار دەکرێت لە باری وەستان و نەوەستاندا، عەرەب بەمەبەستی گەیاندنی واتاو تێگەشتنی کەسی بەرانبەر بەکاری دەهێنن، بۆ نمونە لە سورەتی حاقە کاتێك پەروەردگار ویستی بۆ بێبڕواکان ڕونبکاتەوە کە پەشیمان دەبنەوە لە ڕۆژی دوایی، ئەو کاتە پیتی(ه)ی سەکتی بەکارهینا لە(مالیه، سلطانیه)[1].

مەنهەجی پێشەوا کیسائی بریتیە لەوەی کە لەباری وەستاندا پیتی هائی سەکتە بخوێندرێتەوە، ولەباری نەوەستاندا هائەکە لادەبردرێت، ئەوەش لە دوو وشەدا[2]:

1- وشەی[يتسنه] لە ئایەتی{فَٱنظُرۡ إِلَىٰ طَعَامِكَ وَشَرَابِكَ لَمۡ يَتَسَنَّهۡۖ وَٱنظُرۡ إِلَىٰ حِمَارِكَ}،(بەقەڕە:259) لەباری نەوەستاندا بەم شێوەیە دەخوێنێتەوە{لَمۡ يَتَسَنَّۖ وَٱنظُرۡ}.

---

(1) بۆ زیاتر سود بینین سەیری پاشکۆی ژمارە(5) بکە لە کۆتایی بەشی ئوصولْ.

(2) پیتی(ه)ی سەکت لەقورئانی پیرۆز لە حەوت وشە هاتووە لە نۆ شوێندا، دوانیان لەسەرەوە باسکران، زیاد لەسەر ئەمەش وشەی(کتابیه) لە ئایەتی(19)و (25) لە سورەتی حاقە، لەگەڵ وشەی(حسابیه) لە ئایەتی20و 26ی سورەتی حاقە، ووشەی(مالیه) ئایەتی28ی سورەتی حاقە، وهەروها وشەی(سلطانیه) بەهەمان شێوە ئایەتی29 هەر لە سورەتی حاقە، ووشەی(ماهیه) ئایەتی10ی سورەتی قاریعە.

2- **وشهی**[اقتده[1]] **له ئایهتی**{فَبِهُدَىٰهُمُ ٱقۡتَدِهۡۗ قُل لَّآ أَسۡـَٔلُكُمۡ}،(**ئهنعام**:90)، **لهباری نهوهستاندا بهم شێوهیه دهخوێنێتهوه**{ٱقۡتَدِ قُل}.



[1] **بۆچوونی جیاواز ههیه لهسهر وشهی(اقتده)، ئهمهیان پیتی(ه)ی سهكته لهسهر بۆچونی بههێز.**

بابه‌تی یائه‌كانی دانه‌پاڵ

یائی دانه‌پاڵ(ئیضافه): ئه‌و پیته‌ یائه‌یه‌ عه‌ره‌ب به‌كاری دێنن بۆ ده‌ربڕینی كه‌سی قسه‌كه‌ری تاك وه‌ك(بِكِتَابِي)، پیتی یائی دانه‌پاڵ(له‌ بنچینه‌ی وشه‌كه‌دا نیه‌، به‌ڵام بۆی زیاد كراوه‌).

به‌ وشه‌ی (زیاده‌) ئه‌و پیته‌ یائه‌ ناگرێته‌وه‌ كه‌ زیاده‌ نیه‌و بنچینه‌ی خۆیه‌تی وه‌ك(يهدي، ساوي**).**

به‌ وشه‌ی(تاك) ئه‌و پیته‌ یائه‌ ده‌رچوو كه‌ بۆ تاك به‌كار نه‌هاتووه‌ وه‌ك(حَاضِرِي**)، چونكه‌ پیتی(ی) له‌م وشه‌دا بۆ جه‌معی موذه‌كه‌ری سالم به‌ كار هاتووه‌ نه‌ك بۆ تاك(مفرد).**

به‌ وشه‌ی(قسه‌كه‌ر) ئه‌و پیته‌ یائه‌ ناگرێته‌وه‌ كه‌ بۆ كه‌سی دووه‌م(مخاطب**)ی به‌كار هاتوو بۆ مێ، وه‌ك(**فكلي واشربي**).**

یائی دانه‌پاڵ: ده‌چێته‌ سه‌ر ناو(اسم**) وكار(فعل) وپیت(حرف) وه‌ك(**سَبِيلِي، ذَرُونِي، فَإِنِّي**).**

ئه‌گه‌ر(ی)ی دانه‌پاڵ چووه‌ سه‌ر فیعل ده‌بێته‌ به‌ركار(مفعول به)، وه‌ك(أَوْزِعْنِي**)،[نه‌مل:19]، وئه‌گه‌ر(ی)ی دانه‌پاڵ له‌گه‌ڵ ناو بوو ده‌بێته‌ مه‌جروری شوێنی(مجرور محلاً) وه‌ك(**ذِكْرِي**)،(طه‌:14).**

یائی دانه‌پاڵ له‌گه‌ڵ پیت ده‌بێته‌ مه‌جروری شوێنی(مجرور محلاً)، به‌ڵام ده‌بێته‌ مه‌نصوبی شوێنی(منصوب محلاً) ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ(إنَّ)و خوشكه‌كانی هات(إنَّ واخواتها).

نمونه‌ی پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ ی لكاو به‌ پیت له‌گه‌ڵ(إنَّ)و خوشكه‌كانی، نه‌صبه‌ی وه‌رگرتبێت، وه‌ك:(إِنِّيٓ أَخَافُ)،(**ئه‌نعام**:15).
نمونه‌ی پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ ی لكاو به‌ پیت، جه‌ڕه‌ی وه‌رگرتبێت، وه‌ك(وَلِيَ دِينِ)،(**كافرون**:6).

نیشانه‌ی یائی دانه‌پاڵ ئه‌وه‌یه‌ بتواندرێت پیتی(ك) یان پیتی(ه) بخرێته‌ شوێنی، وه‌ك(فَطَرَنِي) **ده‌بێته‌**(فطرك) **و**(فطره).

عه‌ڕه‌ب یائی دانه‌پاڵ زه‌نه‌دار ده‌كه‌ن وهه‌ندێك جار فه‌تحه‌داری ده‌كه‌ن.

گوتراوه‌ زه‌نه‌داركردنی پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ بنچینه‌یه‌، چونكه‌ خۆی مه‌بنیه‌(نه‌گۆڕه‌ له‌ جووڵه‌دا) بنچینه‌ی مه‌بنیش زه‌نه‌داریه‌، هه‌ر وه‌ك چۆن یائی دانه‌پاڵ له‌ زۆربه‌ی شوێندا له‌ قورئانی پیرۆز به‌ زه‌نه‌داری هاتووه‌.

هه‌ندێك ده‌ڵێن فه‌تحه‌داركردنی یائی دانه‌پاڵ بنچینه‌ی دووه‌مه‌، واتا فه‌تحه‌داری بنچینه‌یه‌و زه‌نه‌داریشی به‌هه‌مان شێوه‌ بنچینه‌یه‌، چونكه‌ یائه‌كه‌ ناوه‌، ئه‌و ناوه‌ی كه‌ ده‌بێته‌ پیت ڕه‌فعه‌ وه‌رناگرێت به‌هێز ده‌بێت به‌ جووڵه‌، فه‌تحه‌داركردن بۆ ئاسانكردنه‌، به‌ڵام بۆچوونی یه‌كه‌م به‌هێزتره‌.


له‌ قورئانی پیرۆز پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ876 **جاره‌ هاتووه‌، دابه‌ش ده‌بێت به‌سه‌ر سێ به‌ش، به‌م شێوه‌ی خواره‌وه‌:**

أ- قوڕائه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ كه‌ زه‌نه‌دار ده‌كرێت، ئه‌وه‌شیان زۆر ترینه‌، وه‌ك(إِنِّي جَاعِلٌ)،(**به‌قه‌ره‌**:30)، **كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه‌ ده‌گاته‌**566 یاء.

ب- قوڕائه‌كان یه‌ك ده‌نگن له‌سه‌ر پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ كه‌ فه‌تحه‌دار ده‌كرێت، وه‌ك(بَلَغَنِيَ ٱلۡكِبَرُ)،(**ئالی عیمڕان**:40). **كۆی گشتی(ی)ی دانه‌پاڵ به‌م شێوه‌ ده‌گاته‌**98 **پیتی(ی).**

ت- قورائەکان بۆچوونی جیایان هەیە لەسەر پیتی(ی)ی دانەپاڵ، ئایە فەتحەدار دەکرێت یان زەنندار، کۆی گشتی(ی)ی دانەپاڵ بەم شێوە دەگاتە212 پیتی یاء، ئەوەش لەسەر شەش بەش دەبێت بۆ ئەوەی لە دواى خۆی دێت.

جۆرەکانی یائی دانەپاڵ



مه‌زهه‌بی
كه‌سائی له‌سه‌ر یائی دانه‌پاڵ

كه‌سائی له هه‌ندێك شوێندا پیتی یائێكی دانه‌پاڵ فه‌تحه‌دار ده‌كات و له هه‌ندێك شوێن دا زه‌نه‌داری ده‌كات.

كه‌سائی جیاوازی هه‌یه له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص له هه‌ندێك شوێندا به‌م شێوه‌یه:

- **فه‌تحه:** كه‌سائی پیتی(ی) فه‌تحه‌دار ده‌كات له وشه‌ی(عهدی) له ئایه‌تی{قَالَ لَا يَنَالُ عَهۡدِي ٱلظَّٰلِمِينَ}(به‌قه‌ره:124).

- زه‌نه: كه‌سائی ئه‌م وشانه زه‌نه‌دارده‌كات[1]:

1- وشه‌ی(بیتی) له هه‌ر سێ شوێن، به‌م شێوه‌یه (به‌قه‌ره:125) (حه‌ج:26) (نوح:28) {رَّبِّ ٱغۡفِرۡ لِي وَلِوَٰلِدَيَّ وَلِمَن دَخَلَ بَيۡتِيَ مُؤۡمِنٗا}.

2- وشه‌ی(وجهي) له هه‌ردوو شوێنیدا، به‌م شێوه‌یه: (ئالی عیمران:20) (ئه‌نعام:79) {إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ}.

[1] له‌گه‌ڵ ئاگاداربون له حوكمی درێژكردنه‌وه‌ی لكاو ئه‌گه‌ر له‌دوای پیتی(ی) هه‌مزه هات.

3- وشه‌ی(يدي) له ئایه‌تی{لَئِنۢ بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقۡتُلَنِي مَآ أَنَا۠ بِبَاسِطٖ يَدِيَ إِلَيۡكَ لِأَقۡتُلَكَۖ}(مائیده:28). به‌لاَم ئه‌وانی تر جگه له‌م شوێنه ئه‌وه یه‌كسانه له‌گه‌ڵ وشه‌كانی پێشه‌وا حه‌فص.

4- وشه‌ی(أمي) له ئایه‌تی{وَإِذۡ قَالَ ٱللَّهُ يَٰعِيسَى ٱبۡنَ مَرۡيَمَ ءَأَنتَ قُلۡتَ لِلنَّاسِ ٱتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَٰهَيۡنِ مِن دُونِ ٱللَّهِۖ}(مائیده:116).

5- وشه‌ی(معي) له هه‌ر یازده شوێنه‌كه‌ی خۆیدا، به‌م شێوه‌یه (ئه‌عراف:105)(ته‌وبه:83)(كه‌هف:67+72+75)(ئه‌نبیاء:24)(شوعه‌را:62+118)(قه‌صه‌ص:34){قُلۡ أَرَءَيۡتُمۡ إِنۡ أَهۡلَكَنِيَ ٱللَّهُ وَمَن مَّعِيَ أَوۡ رَحِمَنَا فَمَن يُجِيرُ ٱلۡكَٰفِرِينَ مِنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ}(مولك:28).

6- وشه‌ی(أجري) له هه‌ر نۆ شوێندا، به‌م شێوه‌یه: (یونس:72)(هود:29+51)(شوعه‌را: 109 + 127 + 145 + 164 + 180) له ئایه‌تی{إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِۖ}(سه‌به‌ء:47).

7- وشه‌ی(لي) له پێنج شوێندا، (ئیبراهیم:22)(طه:18)(ص:23+69) له ئایه‌تی{لَكُمۡ دِينُكُمۡ وَلِيَ دِينِ}(كافرون:6)، جگه له‌م وشه كه له‌م شوێنانه‌دا هاتووه، هه‌موویان یه‌كسانه له‌گه‌ڵ بۆچونی پێشه‌وا حه‌فص.

8- پیتی(ی)ی دانه‌پاڵ ئه‌وه‌ی هه‌مزه‌ی لكاوی له‌دواداهاتبێت له (أل)ی ناسراو كه ئه‌وه‌شیان له سێ شوێندا هاتووه، ئه‌وانیش(ئیبراهیم:31)(عه‌نكه‌بوت:56) له

ئایه‌تی{قُلۡ يَٰعِبَادِيَ ٱلَّذِينَ أَسۡرَفُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمۡ لَا تَقۡنَطُواْ مِن رَّحۡمَةِ ٱللَّهِۚ}(زومه‌ڕ:53) **له‌گه‌ڵ بونی تێبینی ئه‌وه‌ی كه‌ له‌باری نه‌وه‌ستاندا لاده‌بردرێت چونكه‌ پاش خۆی زه‌نه‌یه‌، به‌ڵام جگه‌ له‌م وشه‌ له‌ شوێنی ترو ئه‌وانی تر هاوڕایه‌ له‌گه‌ڵ پێشه‌وا حه‌فص.**



بابەتی یائەکانی زیادە

یائی زیادە: هەموو یائێك دەگرێتەوە کە دەکەوێتە کۆتایی وشە، دەخوێندرێتەوەو زیادە لە ڕێنووسی قورئانی پیرۆزدا.

یائی زیادە یان دەبێت(لام)و الفیعل بێت، یان دەبێت یائی قسەکاربێت(يـاء المتكلم).

یائی زیادە دەچێتە سەر ناو(اسم) ودەچێتە سەر کار(فعل) بەڵام ناچێتە سەر پیت(حرف) وەك(أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي).

یائی زیادە بە پیتێکی زێدە ئەژمار دەکرێت لای ئەوانەی کە جێگیریان کردووە(واتا دەیخوێننەوە)، بەڵام ئەوانەی جێگیری ناکەن(واتا نایخوێننەوە) بە زیادی دانانێن.

پێشەوا شاطبی ئاماژەی بە(ی)ی زیادە کردووە لەم هونراوە:

وَدُونَكَ يَاءَاتٍ تُسَمّى زَوَائِدَا　　　لأَنْ كُنَّ عَنْ خَطِّ المَصَاحِفِ مَعْزِلاَ

(ی)ی زیادە دەکەوێتە کۆتایی وشە بەڵام نانوسرێت، بەڵکو دەکەوێتە کۆتایی وشە بەڵام پێوە نالکێندرێت.

به‌شه‌كانی یائی زیاده

یائی زیاده دوو جۆری سه‌ره‌كی هه‌یه:

1- **ئه‌و پیته یائه‌ی زیاده له‌سه‌ر وشه، واته: له بنچینه‌ی وشه‌كه نیه، وه‌ك:** (نكيري، وعيدي، أكرمني)

2- **ئه‌و پیته یائه‌ی بنچینه‌ی وشه‌كه‌یه، وه‌ك:** (المنادي، يسري).



مهزههبی
پێشهوا كهسائی لهسهر یائهكانی زیاده

پێشهوا كهسائی پێچهوانهی پێشهوا حهفصی كردووه له یائهكانی زیاده

- ✓ **كهسائی پیتی(ی)ی زیاده لا دهبات له وشهی**(آتان) **له باری وهستان و نهوهستاندا، له ئایهتی**{فَمَآ ءَاتَىٰنِ ٱللَّهُ خَيۡرٞ}،(**نهمل**:36).

- ✓ **كهسائی وشهی**(يأت) **به پیتی(ی)ی زیاده دهخوێنێتهوه له باری نهوهستانداو به لابردن دهیخوێنێتهوه لهبارای وهستاندا له ئایهتی**{يَوۡمَ يَأۡتِ لَا تَكَلَّمُ نَفۡسٌ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ فَمِنۡهُمۡ شَقِيّٞ وَسَعِيدٞ}(**هود**:105).

- ✓ **كهسائی وشهی(نبغ) به پیتی(ی)ی زیاده دهخوێنێتهوه له ئایهتی**{قَالَ ذَٰلِكَ مَا كُنَّا نَبۡغِۚ فَٱرۡتَدَّا عَلَىٰٓ ءَاثَارِهِمَا قَصَصٗا}(**كههف**:64) **له باری نهوهستانداو لابردن دهكات له باری وهستاندا.**

- ✓ **كهسائی وشهی(واد) به پیتی(ی)ی زیاده دهخوێنێتهوه له ئایهتی**{حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ}(**نهمل**:18). **لهگهڵ لابردنی پیتی(ی) له باری نهوهستاندا بههۆی گهیشتنه دوو زهنه بهیهكهوه.**

✓ کەسائی وشەی(بهادِ) بە پیتی(ی)ی زیادە دەخوێنێتەوە لە ئایەتی{ وَمَآ أَنتَ بِهَـٰدِ ٱلۡعُمۡیِ عَن ضَلَـٰلَتِهِمۡۖ }(ڕووم:53)، لەگەڵ لابردنی پیتی(ی) لەباری نەوەستاندا بەهۆی گەیشتنە دوو زەنەدار بەیەکەوە.

هۆکاری خوێندنەوەی پیتی(ی)ی زیادە لەباری نەوەستاندا ئەمانەن:

أ- شوێن کەوتنی ئەوەی لە قارێئەکان هاتووە بە سەنەد لە پێغەمبەری خواوە(ﷺ) کە ئەویش بریتیە لە خوێندنەوەی پیتی(ی)ی زیادە.

ب- شوێن کەوتنی بنچینەی خۆی، چونکەی بنچینەی ئەم پیتە یائانە خوێندنەوەیە، بەڵام کە لابردراوە بەهۆی ئاسانکردن یان دامەزراندنیەتی.



جیاوازیەكانی
نێوان یائی زیادەو یائی دانەپاڵ
(الفروق بتن یاءات الزوائد ویاءات الاضافة)

دەتواندرێت جیاوازیەكان دیاری بكەین لە نێوان پیتی(ی)ی زیادەو پیتی(ی)ی دانەپاڵ لەم خاڵانەی خوارەوە:-

أ- پیتی(ی)ی زیادە تەنها دەچێتە سەر ناو(اسم) ودەچێتە سەر كار(فعل) بەڵام پیتی(ی)ی دانەپاڵ دەچێتە سەر ناو(اسم)و كار فعل)و پیت(حرف).

ب- پیتی(ی)ی زیادە لابردراوە لە نوسینی قورئانی پیرۆز، بەڵام پیتی(ی)ی دانەپاڵ نوسراوە لە قورئانی پیرۆز.

ت- پیتی(ی)ی زیادە دەبێتە بنچینەو دەبێتە زیادە، ودێتە شوێنی لام الفیعل، بەڵام پیتی(ی)ی دانەپال دەبێتە زیادە لەسەر وشە، بەڵام نابێتە بنچینە بۆی، بەڵكو وەك پیتی(ه)و پیتی(ك)ی ڕاناوی لكاوو پیتی(ك)ی ئەوە.

ث- بۆچوونی جیاواز لەسەر پیتی(ی)ی زیادە لەسەر لابردن و جێگیركردن هەیە، بەڵام بۆچوونی جیاواز لەسەر پیتی(ی)ی دانەپاڵ لەسەر فەتحەداركردن و زەننەداركردنە.

ئه‌و وشانه‌ی جیاكراونه‌ته‌وه
پێشه‌وا كیسائی جیاوازی هه‌یه تیایدا له‌گه‌ڵ حه‌فص
(كلمات مطردة خالف فيها الامام الكسائي حفصا)

1- وشه‌ی(رؤوف) له هه‌ر شوێنێك هات، به‌لابردنی پیتی(و) بێ درێژكردنه‌وه، به‌م شێوه‌یه{رؤف}.

2- وشه‌ی(يحسَب) له هه‌ر شوێنێك هات، به كه‌سره‌داركردنی پیتی(س) به‌م شێوه‌یه{يحسِب}.

3- وشه‌ی(بُيوت) له هه‌ر شوێنێك هات، جیاوازیشی نیه ناسراوبێت یان نه‌ناسراو، به كه‌سره‌ی پیتی(ب)، به‌م شێوه‌یه{بِيوت}.

4- وشه‌ی(محصنات) له هه‌ر شوێنێك هات، جیاوازیشی نیه ناسراوبێت یان نه‌ناسراو، به كه‌سره‌ی پیتی(ص) ده‌خوێنێته‌وه به‌م شێوه‌یه{محصِنات} ته‌نها له ئایه‌تی24ی سوره‌تی نیساء نه‌بێت وه‌ك حه‌فص ده‌خوێنێته‌وه.

5- وشه‌ی(عُيون) له هه‌ر شوێنێك هات، جیاوازیشی نیه ناسراوبێت یان نه‌ناسراو، به كه‌سره‌ی پیتی(ع)، به‌م شێوه‌یه{عِيون}.

6- وشه‌ی(شُيوخاً) له هه‌ر شوێنێك هات، به كه‌سره‌ی پیتی(ش)، به‌م شێوه‌یه{شِيوخاً}.

7- وشه‌ی(جُيوبهن)،(نور:31)، به كه‌سره‌ی پیتی(ج)، به‌م شێوه‌یه{جِيوبهن}.

8- وشه‌ی(يا بُنيَّ) به كه‌سره‌ی پیتی(ی) له هه‌ر شوێنێك هات، به‌م شێوه‌یه{يا بُنيِّ}.

9- وشەی(يَبۡصُۜطُ) له ئایەتی(بەقەرە:245) ووشەی(بَصۜۜطَةٗ)(ئەعراف:69) لەگەڵ وشەی(ٱلۡمُصَيۡطِرُونَ)،(طور:37) كەسائی هەر سێ شوێن تەنها بە پیتی(ص) دەخوێنێتەوە، وهەروها وشەی(بِمُصَيۡطِرٍ)(غاشیە:22) بەهەمان شێوەیە بە پیتی(ص) دەخوێنێتەوە.

10- وشەی(يطمِثهن) له ئایەتی(56)و (74)ی سورەتی ڕەحمان به پێچەوانە دەخوێنێتەوە، بەڵام بەیەك له خوێندنەوەكانی كەسائی بە سێ مەزهەب خوێندراوتەوە(1) بەم شێوەی خوارەوە:

- ✓ **مەزهەبی یەكەم:** ضـەممەداركردنی پیتی(م) له وشەی یەكەم و كەسرەداركردنی له وشەی دووەم لای دووری، وهەروها كەسرەداركردنی پیتی(م) له وشەی یەكەم و ضـەممەداركردنی له وشەی دووەم لای ئەبی حارث، ئەوەیان ئیبنو موجاهید لەوەوە وەری گرتووە له ڕێگەی موحەممەدی كوڕی یەحیا له پەرتووكەكانی(الكامل و التذكرة و التبصرة) ودەفەرمویت: ئەوەیان هەڵبژێردراوە، له پەرتووكی(كافی) هاتووە: ئەوەیان بەكارهاتووە، وله پەرتووكی(هیدایە) دەفەرمویت: دانی ئەم وشەی بەم شێوە خوێندۆتەوە بەسەر شێخی خۆی تاهیری كوڕی غەلبون.

- ✓ **مەزهەبی دووەم:** ضـەممەداركردنی وشەی یەكەم و كەسرەداركردنی وشەی دووەم لای هەر یەك له ئەبی حارث و دووری، ئەوەش هاتووە له پەرتووكەكانی(عنوان، تجريد، غاية ئەبي عەلاء) دانی لەسەر ئەم مەزهەبە دەخوێنێتەوە بەسەر شێخی خۆی ئەبی فەتح فارس.

---

(1) ئیبنولجەزەری، موحەممەد: شەرحی پەرتووكی (طيبة النشر) له تەحقیقكردنی/ عەلی ضـەباع(قاهیرە، ب6، 1320ك)لا33، لەگەڵ ئیبنو موجاهید: له پەرتووكی(السبعة في القراءات) له تەحقیقی/ شەوقی ضـەیف(قاهیرە، نوسینگەی: مەعاریفی میسری، ب2 ، 1400ك) لا621.

✓ **مه‌زهه‌بی سێیه‌م:** سه‌رپشكبوون بۆ هه‌ر یه‌ك له‌ ڕاویه‌كان له‌ ضـه‌ممه‌داركردنی یه‌كێكیان، به‌ مه‌رجێك ئه‌گه‌ر وشه‌ی یه‌كه‌م ضـه‌ممه‌داركرا ده‌بێت وشه‌ی دووه‌م كه‌سره‌داربكرێت، وبه‌پێچه‌وانه‌وه‌ش ئه‌گه‌ر وشه‌ی یه‌كه‌م كه‌سره‌داركرا ده‌بێت وشه‌ی دووه‌م ضـه‌ممه‌داربكرێت، ئه‌وه‌یان هه‌ڵبژێردراوو كارپێكراوه‌.

پوخته‌ی بابه‌ته‌كه‌: دروست نیه‌ لای ئه‌بی لحارث و دووری ضـه‌ممه‌داركردنی هه‌ردوو وشه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ له‌ یه‌ك كاتدا، وهه‌روها نابێت هه‌ردوو وشه‌ به‌یه‌كه‌وه‌ كه‌سره‌داربكرێت له‌یه‌ك كاتدا، به‌ڵكو ئه‌وه‌ی دروسته‌ له‌ لای ئه‌بولحارپ و دووری ئه‌وه‌یه‌ كه‌ جووله‌كان به‌ پێچه‌وانه‌ی یه‌كتربن له‌ ضـه‌ممه‌داركردن و كه‌سره‌دا.

هه‌ربۆیه‌ له‌كاتی كۆبونه‌وه‌یان به‌یه‌كه‌وه‌ لای هه‌ردوو ڕاویه‌كان یه‌كه‌میان به‌ ضـه‌ممه‌داركردنی پیتی(م) ده‌خوێندرێته‌وه‌ كه‌ ئه‌وه‌شیان به‌پێش ده‌كه‌وێت دواتر كه‌سره‌دار ده‌كرێت، وه‌دووه‌میشیان كه‌سره‌دارده‌كرێت و دواتر ضـه‌ممه‌ وه‌رده‌گرێت، به‌شێوه‌یه‌ك ئه‌گه‌ر یه‌كه‌میان ضـه‌ممه‌داركرا ئه‌وه‌ ده‌بێت دووه‌میان كه‌سره‌داربكرێت، واته‌: ئایه‌تی74 و به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه‌.

پاشکۆی ژمارە(1)

✓ **یەکەم:** شیکردنەوەی بیرۆکەی نوسینی پیت:

بیرۆکەی وێناکردنی پیتەکان و ڕوونکردنەوەیان، ئاسانکردنی زانیاریەکانە، وپێویستە هەموو لایەك ئەوە بزانن کە ئەم بیرۆکەیە بابەتێکی گرنگە لە زانستی تەجوید و قیرائاتدا.

هەرکاتێك ویستمان پەیوەندی نێوان هەر دوو پیتێك بزانین، لە ڕێگەی ئەم بیرۆکەیەوە زۆر بە ئاسانی پەیوەندیەکە دەدۆزینەوە، تەنها بە سەیرکردنی ئەو خانەیەی کە هێڵەکە لەلای ئەو دەپچرێت بە گەیشتنی نێوان دوو پیتەکە.

بۆ نمونە ئەگەر بمانەوێت پەیوەندی نێوان پیتی(ق)و پیتی(ش) بزانین، سەیری پیتی(ق) دەکەین لە ڕوونکراوەی وێنەی پیتەکان، جیاوازیشی نیە ئایە پیتی(ق) لە هێڵی ستوونیە یان لە هێڵی ئاسۆییە دەتوانین لە هەردوولا بیدۆزینەوە، پاشان سەیری پیتی(ش) دەکەین بە پێچەوانەی ئەو ستونەی هەلمان بژاردووە.


کەواتا ئەگەر ئێمە پیتی(ق)مان هەڵبژاردبێت لە هێڵی ستوونی، ئەوە پیتی(ش) لە هێڵی ئاسۆیی هەڵدەبژێرین بە پێچەوانەی پیتی(ق) ودتوانین پێچەوانەشی بکەینەوە(واتا پیتی(ق) لە ئاسۆیی و پیتی(ش) لە ستوونی.

دوای هەلبژاردنی پیتەکان و دیاری کردنی ستوونەکان سەیری خاڵی بەیەك گەیشتنیان دەکەین، ئەگەر هاتوو خاڵی بەیەك گەیشتنیان کەوتە چوارگۆشەی ڕەنگی ڕەش ئەوە دەردەکەوێت کە هەردو پیت هاووینەی یەکترن، (بەلاْم سەیر دەکەین بۆ ئەم دوو پیتە ئەمە ڕوی نەداوە کەواتا هاووێنەی یەکتر نین).

ئەگەر شێوەی چوارگۆشەکە لە کاتی بەیەك گەیشتنیان خوارو ڕەنگی گول بوو، ئەوە وا دەردەخات کە ئەم دوو پیتە یەك ڕەگەزن، لێرەدا ئەمەش ڕووی نەداوە.

ئەگەر خاڵی پێك گەیشتنیان کەوتە چوار گۆشەی ڕەنگی سپی، ئەوە دەریدەخات کە ئەم دوو پیتە لەیەکتر دورن، بەلاْم ئەمە ڕوی نەداوە بۆ ئەم دوو پیتە.


ئەگەر ڕەنگی چوار گۆشەی بەیەك گەیشتنیان شین بو، ئەوە دەریدەخات كە ئەم دوو پیتە لەیەكتر نزیكن، ئەمەیان ڕوی داوە لە نێوان ئەم دوو پیتەی باسمان كرد، سەیری وێنەی خوارەوە بكە:



تێبینی:

ئەگەر وێنە ڕوونكراوەكە دابەش بكەین بە هێلی هاوڕەسمی كە بە ڕەنگی ڕەش دەكەوێتە ناوەڕاستی خشتەكە (ئەوەی بە هێلی یەكتر بر ناوبرا لە ڕابردو) بۆمان دەردەكەوێت كە بەشێكی وێنە ڕوونكراوەكە یەكسان دەبێت لەگەڵ هەموو پیتەكان و چوارگۆشەكان.

✓ **دووه‌م :وێنه‌ی ڕوونكردنه‌وه:**



كلیلی شكلی ڕوونكردنه‌وه:

■ **هاووێنه** ▨ **هاووڕه‌گه‌ز** □ **لێكنزیك** □ **لێكدوو.**

پاشكۆی ژمارە(2)

لێرەدا سێ جۆر ڕەسمی ئەلیف هەیە:

➢ **جۆری یەكەم:**

ئەوەی بە ڕەسمی ئەلیف نوسراوە بە یەك دەنگ، لەڕابردو باسمانكرد.

➢ **جۆری دووەم:**

ئەوەی جیاوازی بۆچونی زانایانی ڕەسمی لەسەرە، لای هەندێكیان بە ئەلیف دەنوسرێت، لای هەندێكی تریان بە پیتی(ی) دەنوسرێت، وهەندێكیان ناینوسن(واتە: بێ ڕەسمی ئەلیف) كە ئەوانەن:
1-(تقاتە)،(ئالی عیمران:102)، 2-(نخشى أن)،(مائیدە:52)، 3-(تراني) لە دوو شوێندا، (ئەعراف:143)، 4-(أربى[1])،(نەحل:92)، 5-(اجتباە)،(نەحل:121)، 6-(واتان)، (مەریەم:30)، 7-(اجتباكم)،(حەج:78)، 8-(أرى)،(نەمل:20)، 9-(نادانا)،(صافات:75)، 10-(وجنى الجنتين)، (ڕەحمان:54)، 11-(وسقياها)،(شەمس:13)، 12-(عقباها)، (شەمس:15)، 13-(خطايا) لە پێنج شوێندا هاتووە، 14-(سيماهم[2]) لە شەش شوێندا هاتووە.

تێبینی:

هەردوو یائێك بەیەك بگەن ئەوە پیتە یائەی بە ئەلیف دەخوێندرێتەوەو لە بنچینەیی دەبێت بە پیتی(ی) بنوسرێت، وپیتی(ی) بە ئەلیف دەنوسرێت[3]، ئەوانەش لەم وشەدا دێتە دی: 1-الدنيا، 2-هداي، 3-خطايا، 4-العليا، 5-فأحيا، 6-أحياكم، 7-رءياك، 8-رؤياي، 9-الرءيا، 10-محياي، 11-مثواي.

[1] واصل دەفەرموێت: ئەوەیان بە ئەلیف و پیتی(ی) دەنوسریت، بەم شێوەیە(أربا، أربى).
[2] شوێنی سورەتی فەتح جیاكراوتەوە، چونكە یەك دەنگی لەسەرە كە بە ئەلیف بنوسرێت.
[3] تەنها لە وشەی(يحيى) نەبێت لە فیعل و ئیسمدا بە پیتی(ی) دەنوسرێت.

➢ **جۆری سێیەم:**

ئەلیفێك نە بەئەلیف نە بەپیتی(ى) دەنوسرێت، ئەمەشیان درێژەی تێدایە، دەكرێت بچیتەوە سەری لە سەرچاوەكان كە باسی ئەم بابەتە دەكەن، هەندێك نمونە لەسەر ئەم بابەتە باس دەكەین:

✓**بەشەی یەكەم:**

جۆرە ئەلیفێك نانوسرێت، وەك بەدەل لە وشەی(قرآناً) **لە ئایەتی**{إِنَّآ أَنزَلۡنَـٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ }،(**یوسف**:2)، **ئەلیف لەدوای هەمزەدا هاتووە بەڵام بە ڕەسم نانوسرێت، چاپخانەكان لە شێوەی ئەلیفێكی بچوك دەینوسن لە دوای هەمزە وەك وشەی**(ورضوان) **لە ئایەتی**{وَأَزۡوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَرِضۡوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِۗ}،(**ئالی عیمران**:15)، **بە شێوەی ئەلیفێك لە دوای**(و) **هەیە، بەڵام بە ڕەسم نانوسرێت، وئەوەی دەینوسێت بە ئەلیفێكی زۆر بچووك لە دوای**(و) **دەنوسرێت، وەك وشەكانی**{الله، اللهم}، **ئەلیف لە پێش پیتی**(ه)**دا هاتووە بەڵام بە ڕەسم نانوسرێت -چاپخانەكانیش ناینوسن-.**

ئەگەر هەمزە ئەلیفی لە پێش هات و تەنوینی نەصبەی بەدوادااهات، ئێمەش لەسەر تەنوینی نەصبەكە وەستاین ئەوە ئەلیف دەخوێندرێتەوە بەڵام نانوسرێت، وەك وشەی(ونساءً) **لە ئایەتی**{وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَآءًۚ}،(**نیساء**:1)، **لێرەدا ئەلیف دەخوێندرێتەوە ئەو كاتەی وشەكەمان لكاند بە دوای خۆیەوە.**

✓ **به‌شه‌ی دووه‌م:**

ئه‌لیف ده‌نوسرێت به‌لاٌم نه له‌سه‌ر شێوه‌ی ئه‌لیفی ته‌واوه نه له‌سه‌ر شكلی پیتی یائه، به‌كۆ پیتی واوه، چاپخانه‌كانیش به ئه‌لیفێكی بچوك ده‌نوسن له‌سه‌ر پیتی(و) نمونه‌ش له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته زۆره، وه‌ك{وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ}،{بَلۡ تُؤۡثِرُونَ ٱلۡحَيَوٰةَ ٱلدُّنۡيَا}،{كَمِشۡكَوٰةٖ فِيهَا مِصۡبَاحٌۖ}، **له‌م نمونانه‌ی ڕابردو پیتی(و) ناگوترێت به‌لكو به ئه‌لیف ده‌رده‌بڕدرێت له‌كاتی وتندا.**



پاشكۆی ژماره(3)

پیتی(ه)ی بهكارهاتوو بۆ مێینه به ئیسم و فیعل وهدهلكێت.

هائی مێینه له فیعلدا

پیتی(ه)ی بهكارهاتوو بۆ مێینه له فیعلدا به پیتی(ت)ی فهتحهدار دهنوسرێت، بهكۆ دهنگی زانایان، وهك(همت، حملت).

هائی مێینه له ئیسمدا

پیتی(ه)ی بهكارهاتوو بۆ مێینه له ئیسمدا زۆربهی جار به پیتی(ت)ی لكاو دهنوسرێت، جیاوازیشی نیه له نوسینی ڕهنوسیدابێت یان ڕهسمی موصحهفی عوسمانی، تهنها ئهوه نهبێت له ههندێك شوێندا له موصحهفی عوسمانیدا به پیتی(ت)ی فهتحهدار دهنوسرێت، قاریئهكان بۆچونی جیاوازیان ههیه لهباری وهستاندا دهكرێت به پیتی(ه)، ههندێكیان كه لهسهری دهوستن دهیكهن به پیتی(ه) وههندێكی تریان كاتێك لهسهری دهوهستن دهیكهن به پیتی(ت)، ئهوهش وهك(كلمت) حوكمی پیتی(ه)ی مێینه له زمانی عهرهبیدا بهم شێوهی خوارهوهیه[1]:

1-ئهگهر پیتی(ه)ی مێینه له ئیسمدابوو ئهوه ئێمه لهسهری دهوستین به گۆڕینی به(ه) وهك(جاءت طالبه).

2-له زمانی عهرهبیدا دروسته لهسهری بوهستیت به پیتی(ت) بهلاَم دهبێت له پێشیدا جوولهدار یان زهنندارێكی موعتهل ههبێت، وهك(شجرت، ثمرت، صلات، حیات).

3-ههركاتێك پیتی(ت) له كۆتایی ئیسمێك هات ئهو ئیسمهش پیتی صهحیحی زهننهداری لهپێشدا ههبو ، ئهوه به پیتی(ت) لهسهری دهوهستین، وهك(أخت، بنت).

---

[1] **عهبده ڕاجح: پهرتووكی(التطبيق الصرفي)(ڕیاز، نوسینگهی مهعاریف بۆ بلاَوكردنهوهو دابهش كردن، ساڵی1999ی زاینی)، لا162. بهدهستكاریهكی كهم.**

4-له جەمعی موئەنەسی سالمدا بە پیتی(ت) لەسەری دەوەستین، وەك(جاءت الطالبات) **له زماندا هاتووه كه دروسته وەستان لەسەری بە پیتی(ه).**

5- ئەگەر کەوتە کۆتایی فیعل، ئەوە لەسەری دەوەستین بە پیتی(ت)، وەك(الطالبة جاءت).



پاشكۆی ژماره(4)

پیتی تائی كراوه‌ی فه‌تحه‌دار بۆ مێ له‌13 وشه‌دا به‌كارهاتووه، دابه‌ش ده‌بێت به‌سه‌ر41 شوێندا، باس كردنیشی به‌م شێوه‌یه:

1- وشه‌ی(كلمت) **ته‌نها له یه‌ك شوێن هاتووه،** ﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ ٱلۡحُسۡنَىٰ﴾(**ئه‌عراف**:137).

2- وشه‌ی(بقيت) **ته‌نها له یه‌ك شوێن هاتووه،** ﴿بَقِيَّتُ ٱللَّهِ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُم مُّؤۡمِنِينَۚ﴾(**هود**:86).

3- وشه‌ی(قرت) **ته‌نها له یه‌ك شوێن هاتووه،**﴿قُرَّتُ عَيۡنٖ لِّي وَلَكَۖ﴾(**قه‌صه‌ص**:9)

4- وشه‌ی(فطرت) **ته‌نها له یه‌ك شوێن هاتووه،**﴿فِطۡرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَاۚ﴾(**ڕوم**:30).

5- وشه‌ی(شجرت) ته‌نها له یه‌ك شوێن هاتووه،﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ﴾ (**دوخان**:30).

6- وشه‌ی(جنت) ته‌نها له یه‌ك شوێن هاتووه،﴿فَرَوۡحٞ وَرَيۡحَانٞ وَجَنَّتُ نَعِيمٖ﴾(**واقیعه**:89).

7- وشه‌ی(ابنت) ته‌نها له یه‌ك شوێن هاتووه،﴿وَمَرۡيَمَ ٱبۡنَتَ عِمۡرَٰنَ﴾(**ته‌حریم**:12).

8- وشه‌ی(لعنت) له دوو شوێن هاتووه،﴿ثُمَّ نَبۡتَهِلۡ فَنَجۡعَل لَّعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَى ٱلۡكَٰذِبِينَ﴾(**ئالی عیمران**:61)، ﴿وَٱلۡخَٰمِسَةُ أَنَّ لَعۡنَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡهِ إِن كَانَ مِنَ ٱلۡكَٰذِبِينَ﴾(**نور**:7).

9- وشهی(معصيت) له دوو شوێن هاتووه،﴿وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ﴾﴿وَمَعۡصِيَتِ ٱلرَّسُولِ﴾(**موجادهله**:8و9).

10- وشهی(سنت) له پێنج شوێندا هاتووه،﴿فَقَدۡ مَضَتۡ سُنَّتُ ٱلۡأَوَّلِينَ﴾(**ئهنفال**:38)، ﴿فَهَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّا سُنَّتَ ٱلۡأَوَّلِينَۚ فَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَبۡدِيلٗاۖ وَلَن تَجِدَ لِسُنَّتِ ٱللَّهِ تَحۡوِيلًا﴾(فاطير:43)،﴿سُنَّتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِي قَدۡ خَلَتۡ فِي عِبَادِهِۦۖ﴾(**غافير**:85).

11- وشهی(رحمت) له حهوت شوێندا هاتووه،﴿أُوْلَٰٓئِكَ يَرۡجُونَ رَحۡمَتَ ٱللَّهِۚ﴾(**بهقهره**:218)،﴿إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ﴾(**ئهعراف**:56)،﴿رَحۡمَتُ ٱللَّهِ وَبَرَكَٰتُهُۥ عَلَيۡكُمۡ أَهۡلَ ٱلۡبَيۡتِۚ﴾(**هود**:73)،﴿ذِكۡرُ رَحۡمَتِ رَبِّكَ عَبۡدَهُۥ زَكَرِيَّآ﴾(**مهریهم**:2)،﴿فَٱنظُرۡ إِلَىٰٓ ءَاثَٰرِ رَحۡمَتِ ٱللَّهِ﴾،(**روم**:50)،﴿وَرَحۡمَتُ رَبِّكَ خَيۡرٞ مِّمَّا يَجۡمَعُونَ﴾(**زوخرووف**:32)،﴿أَهُمۡ يَقۡسِمُونَ رَحۡمَتَ رَبِّكَۚ﴾(**زوخرووف**:32)،

12- وشهی(امرأت) له حهوت شوێندا هاتووه،﴿إِذۡ قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ عِمۡرَٰنَ﴾(**ئالی عیمران**:35)، ﴿ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ تُرَٰوِدُ فَتَىٰهَا﴾(**یوسف**:30)،﴿قَالَتِ ٱمۡرَأَتُ ٱلۡعَزِيزِ﴾(**یوسف**:51)،﴿وَقَالَتِ ٱمۡرَأَتُ فِرۡعَوۡنَ﴾(**قهصهص**:9)،﴿ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ كَفَرُواْ ٱمۡرَأَتَ نُوحٖ وَٱمۡرَأَتَ لُوطٖۖ﴾(**تهحریم**:10)،﴿وَضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱمۡرَأَتَ فِرۡعَوۡنَ﴾(**تهحریم**:11)،

13- وشهی(نعمت) له یازده شوێندا هاتووه،﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ﴾(**بهقهره**:231)، ﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ﴾(**ئالی عیمران**:103)،﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ ﴾(**مائیده**:11)،﴿بَدَّلُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ كُفۡرٗا﴾(**ئیبراهیم**:28)،﴿وَإِن تَعُدُّواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ لَا تُحۡصُوهَآۗ﴾(**ئیبراهیم**:34)،﴿وَبِنِعۡمَتِ

ٱللَّهِ هُمۡ يَكۡفُرُونَ﴾(نەحل:72)، ﴿يَعۡرِفُونَ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ ثُمَّ يُنكِرُونَهَا﴾(نەحل:83)،﴿وَٱشۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ إِن كُنتُمۡ إِيَّاهُ تَعۡبُدُونَ﴾ (نەحل:114)، ﴿تَجۡرِى فِى ٱلۡبَحۡرِ بِنِعۡمَتِ ٱللَّهِ﴾(لوقمان:31)،﴿ٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ﴾ (فاطير:3)، ﴿فَذَكِّرۡ فَمَآ أَنتَ بِنِعۡمَتِ رَبِّكَ بِكَاهِنٍ وَلَا مَجۡنُونٍ﴾(طور:29).

تێبینی:

لێرەدا هەندێك پیتی(تائی) تر هەیە لە شێوەدا بە فەتحە نوسراوە بە هۆی بە كارهێنانی بۆ كۆ لە هەندێك خوێندنەوەدا وبۆ تاك لە هەندێ خوێندنەوەی تردا، ئەم جۆرە تائە لە حەوت وشەدا هاتووە، دابەش دەبێت بۆ سەر دوازدە شوێندا، روونكردنەوەی بەم شێوەیە:

أ- **وشەی(الغرفات) لە یەك شوێندا هاتووە،**﴿وَهُمۡ فِى ٱلۡغُرُفَٰتِ ءَامِنُونَ﴾(**سەبەء**:37)، **وەك لە خوێندنەوەی حەمزەی زیات بە**(الغرفة) **دەخوێندرێتەوە.**

ب- **وشەی(بینت) لە یەك شوێندا هاتووە،**﴿فَهُمۡ عَلَىٰ بَيِّنَتٍ مِّنۡهُۚ﴾(فاطير:40)، **وەك لە خوێندنەوەی نافع و ئیبن عامرو كیسائیو كەسائی وباوكی جەعفەڕ و یەعقوب دا بەم شێوەیە(بینات).**

ت- **وشەی**(ثمرات) **لە یەك شوێندا هاتووە،**﴿وَمَا تَخۡرُجُ مِن ثَمَرَٰتٍ مِّنۡ أَكۡمَامِهَا﴾(**فوصیلەت**:47)، **وەك لە خوێندنەوەی ئیبن كەثیر و باوكی عەمرو كیسائیو حەمزەو كەسائی و یەعقوب خەڵەف العاشردا بەم شێوەیە**(ثمرة).

ث- **وشەی**(جمالت) **لە یەك شوێندا هاتووە،**﴿كَأَنَّهُۥ جِمَٰلَتٌ صُفۡرٞ﴾(**مورسەلات**:33)، **وەك لە خوێندنەوەی نافع ئیبن كەثیر و باوكی عەمرو ئیبن عامرو كیسائیو باوكی جەعفەر و یەعقوب بەم شێوەیە**(جمالات).

ج- وشەی(آيات) **لە دوو شوێندا هاتووە،**﴿فِي يُوسُفَ وَإِخْوَتِهِۦٓ ءَايَٰتٞ لِّلسَّآئِلِينَ﴾ (**یوسف**:7)، **وەك: لە خوێندنەوەی ئیبن كەثیر بە**(آية) **دخوێندرێتەوە، ولە ئایەتی**﴿وَقَالُواْ لَوۡلَآ أُنزِلَ عَلَيۡهِ ءَايَٰتٞ مِّن رَّبِّهِۦۖ﴾(**عەنكەبوت**:55)، **وەك لە خوێندنەوەی كیسائیو حەمزەو كەسائی و خەڵەف العاشر بە**(آية) **دەخوێندرێتەوە.**

ح- وشەی(غيابت) **لە دوو شوێندا هاتووە،**﴿وَأَلۡقُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّ﴾ (**یوسف**:10)، ﴿يَجۡعَلُوهُ فِي غَيَٰبَتِ ٱلۡجُبِّۚ﴾(**یوسف**:15)، **لە خوێندنەوەی نافع و ئەبی جەعفەر بە**(غيابات) **دەخوێندرێتەوە.**

خ- وشەی(كلمت) **لە چوار شوێندا هاتووە،**﴿وَتَمَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ﴾(**ئەنعام**:115)، **وەك لە خوێندنەوەی نافع و ئیبن كەثیرو ئەبی عەمڕو ئیبن عامڕو ئەبی جەعفەڕ بە**(كلمات) **دەخوێندرێتەوە، ولە سوڕەتی یونس ئایەتی**33، **وەك**﴿كَذَٰلِكَ حَقَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ فَسَقُوٓاْ﴾**و سوڕەتی یونس ئایەتی**96، **وەك**﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ حَقَّتۡ عَلَيۡهِمۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ لَا يُؤۡمِنُونَ﴾ **وسوڕەتی غافیر ئایەتی**6، **وەك**﴿وَكَذَٰلِكَ حَقَّتۡ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾ **لەم سێ شوێنەی كۆتایی لە خوێندنەوەی نافع و ئیبن عامڕو ئەبی جەعفەڕ بە**(كلمات) **خوێندراوتەوە.**

پاشكۆی ژماره(5)

له ڕابردو ئاماژهمان بهوه كرد كه كهسائی به ئاسانكردنی پیتی(ل) له وشهی(ألّا يسجدوا) دهخوێنێتهوه له ئایهتی{أَلَّا يَسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي يُخْرِجُ الْخَبْءَ فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ}(نهمل:25)، بهم شێوهیه(ألا يا آسجدوا)، وشهی(ألا) بۆ كردنهوهیه(استفتاح) دواتر دهگوترێت(یا) پیتی ئاگاداركردنهوهیه(تنبیه) دواتر كۆكراوتهوه لهگهڵ(ألا) بۆ دڵنیابون(تاكید)، گوتراوه بانگكردن(النداء) و بانگكراو(منادا) لابردراوه واتا(يا هؤلاء) یان (يا قوم) یهكهمیان ڕاجح تره چونكه لابردنی تێدا نیه، وكهسائی و وریس و ئهبو جهعفهر دهوستن له باری دهستپێكردن بهو له(ألا يا) بهیهكهوه، وبهدهستپێكردن له وشهی(اسجدوا) به ههمزهی ضـهممهدار له فیعلی ئهمر، ههمزهی لكاو لابردراوه له نوسیندا بهمهبهستی لكاو، ههر بۆیه لابردراوه له وشهی(يبنؤم) له سورهتی طـه، ههروهك دانی باسی كردووه له پهرتووكی نهشر كه بینیویهتی له موصحهفی ئیمام و موصحهفی شامدا بهجێگیركردنی یهك ئهلیف دواتر پۆزشی بۆ هێناوتهوه چونكه ئهو ڕهنگه به لابردراوی بینیبێتی له ههندێ موصحهفدا، وكهسائی و ڕویس و ئهبی جهعفهر دهوهستن لهسهری به ئیختیبار لهسهر(ألا) بهتهنها، ولهسهر(یا) بهتهنها چونكه ئهوه دوو پیتی لهیهكتر جودان، بیستراوه له پهخشان، واته له قسهی عهرهب،(ألا يا ارحمونا)،(ألا يا أصدقوا علينا)، له شیعریش زۆر هاتووه، وهك(فقالت ألا يا اسمع أعظك بخطبة)، بهڵگهی ئهوانهی كه شهددهداری دهكهن وهك حهفص(ألّا) بنچینهی ئهم وشه لای ئهو(أن لا) پیتی(ن) تێكههڵكێشاكراوه له پیتی(ل) وشهی(أن) ئهداتی ناصیبهیه ۆ فیعل، وشهی(یسجدوا) پیتی(ن) لابردراوه بههۆی نهصبهوه، فیعلهكه موعرهبه لهو خوێندنهوهدا، ومهبنیه له خوێندنهوهی یهكهم، وشهی(أن) له(ألّا) له شوێنی نهصب دایه له چوار شوێندا:

- **یهكهم**: دهبێت له شوێنی نهصبهدابێت لهسهر بهدهل له وشهی(أعمالهم)، بهم شێوهی لێدێت(وزين لهم الشيطان)(ألّا يسجدوا).

- **دووەم:** دەبێت وشەی(أن) مەفعول بێت له وشەی(يهتدون) واته(فهم لا يهتدون أن يسجدوا) لێرەدا (لا) لەسەر ئەم وتەیە دەبێتە زائیدە، واتایەکەی بەم شێوەی لێدێت:(فهم لا يهتدون إلى السجود)، کاتێك پیتی جەڕ لادەبردرێت دەبێتە فیعلی تێپەڕ مەنصوب دەبێت، پیتی جەڕ لابردراوە لەگەڵ(أن) له قورئانی پیرۆزو ئاخاوتندا زۆر، لێرەدا دروستە (أن) ببێتە مەجروری شوێنی بەهۆی بەگەرخستنی پیتی جەڕ، ئەوەش بەهۆی زۆری لابردراوە، ئەوەش گێڕدراوەتەوە له خەلیل و کەسائی.

- **سێیەم:** دەبێت وشەی(أن) مەنصوب بێت لەسەر ئەوەی کە پیتی(ل) لادەچێت، بەم شێوەیەی لێدێت(وصدّهم عن السبيل لئلا يسجدوا)، یان بەم شێوەیەی لێدێت(وزين لهم الشيطان أعمالهم لئلا يسجدوا)، وەدروستە(أن) مەجرور بکرێت لەسەر بەدەل له وشەی(السبيل) بەم شێوەی لێدێت(وصدهم عن ألا يسجدوا)، و(لا) زیادە، بەم شێوەش دەخوێندرێتەوە(وصدهم عن السجود)، چونکە(أن)و فیعلەکەی چاوگە، و(لا) زیادەیە، لەم خوێندنەوانەدا گونجاونیە وەستانبکرێت لەسەر پێش وشەی(ألّا) و(لا)ی سەرەتایی بە(ألّا) چونکە جیاوازی دروست دەبێت له نێوان عامل و مەعمول، ئەوەی ئەم خوێندنەوە بەهێز دەکات ئەوەیە کە پیتی(ی) له هەمو موصحەفەکان بە فیعل وەلکاوە، ئەوەیان هەڵبژێردراوە بەهۆی دروستی ماناکەی، وچونکە بۆچونی گشتی لەسەرە[1].

---

[1] عومەر نەشار: پەرتوکی(البدور الزاهرة في القراءات العشر المتواترة)(قەتەر، وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ب3، 1429ك)لا115.

پاشکۆی ژماره(6)

له زمانی عەرەبیدا پیتی(ه)ی سەکت لەباری وەستاندا چەن بارێکی تایبەتی هەیە بەم شێوەیە(1):

1- فیعلی موعتەل کە پیتی(ل)ی تێدا لابردراوە، واتە: لەهەردوو باری جەزم و بینا، وەك(لم يَسْعَ، لم يَدْعُ، لم يَرْمِ)،(اسْعَ، ادْعُ، ارْمِ)، **دروستە پیتی(ه)ی سەکتی بدرێتە پالْ لەهەمو ئەوانەی باسکران، دەگوترێت**(لم يَسْعَهْ، لم يَدْعُهْ، لم يَرْمِهْ)،(اسْعَهْ، ادْعُهْ، ارْمِهْ)، **ئەگەر فیعلەکە لەسەر یەك پیت مایەوە ئەوە پیتە هائەکە واجب دەبێت وەك**(وقى) **فیعلێکی مازیە و ئەمرەکەی دەگوترێت**(قِهْ)، **بەم شێوەیە**(عِهْ، فهْ)، **له فیعلی ئەمر لە وشەی(وعی، ووفی)، نمونە لە قورئانی پیرۆز**(لم يتسنه، اقتده).

2- (ما)**ی پرسیاری مەجرور، چونکە تۆ دەزانیت ئەلیف لابردنی پێویستە، دەگوترێت**(بِمَ، لِمَ، عَمَّ)، **لەباری وەستاندا پیتی(ه)ی سەکتی پێوە لکاو دەکرێت، دەگوترێت**(بِمَهْ، لِمَهْ، عَمَّهْ).

3- هەر مەبنیەکی هەمیشەیی لەسەر جوولەیەك بینا دەکرێت بە موعەڕەب ناچێت(2) وەك(پیتی(ی) قسەکەر، (هو، هي)، لەکاتی فەتحەدا لەهەمویان، وەك(كتابَيه، هُوَهْ، هِيَهْ).

---

(1)**عەبدە ڕاجح: پەرتووکی**(التطبيق الصرفي)،(**ڕیاز، نوسینگەی مەعاریف بۆ بلاْوکردنەوەو دابەش کردن، ساڵی**1999**ی زاینی)، لا**162. **بەدەستکاریەکی کەم.**

(2)**عەبدوالله ی کوڕی هیشام**(أوضح المسالك) **لەسەر ئەلفیەی کوڕی مالیك**(**بەیروت، داری فیکر بۆ چاپ و دابەش کردن، ب**1**، د.ت) لا**122.

بەشی دووەم

وشەکانی فەرِش و بنچینە

	عربي	كوردی
1	حركة	جوڵە
2	ابدال	گۆڕین
3	بدل	لەبری
4	سكون	زەنەدار
5	شدة	شەدەدار
6	ضمة	ضەمەدار
7	فتحة	فەتحەدار
8	كسرة	كەسرەدار
9	لفظي	گوتراو
10	اضافة	دانەپاڵ
11	وقف	وەستان
12	وصل	نەوەستان
13	قصر	كورت كردن
14	تحقيق	خوێندنەوە
15	مد	درێژكردنەوە
16	التكبير	گوتنی(الله اكبر)
17	التحميد	گوتنی(الحمدلله)
18	التهليل	گوتنی(لا اله الا الله)
19	قصر	درێژكردنی دوو جوڵە
20	توسط	درێژكردنی چوار جوڵە
21	اشباع	درێژكردنی شەش جوڵە
22	تسهيل	لابردن یان ئاسان خوێندنەوە

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	خوێندنه‌وه‌ی كیسائی: گێڕانه‌وه‌ی ئه‌بولحارث	خوێندنه‌وه‌ی كیسائی: گێڕانه‌وه‌ی دووری	ڕوونكردنه‌وه

(1) سوره‌تی فاتیحه

خوێندنه‌وه‌ی جیاوازی تێدانیه

(2) سوره‌تی به‌قه‌ره

ژماره‌ی ئایه‌ت	گێڕانه‌وه‌ی حه‌فص له عاصمی كوفی	گێڕانه‌وه‌ی ئه‌بولحارث	گێڕانه‌وه‌ی دووری	ڕوونكردنه‌وه
2	هُدىً	هُدِى		له‌باری وه‌ستان:به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
4	بِمَآ أُنزِلَ	بِمَآ أُنزِلَ		له‌هه‌موو قورئان كیسائی درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاوه(مد المنفصل)به‌چوارجوله ده‌خوێنێته‌وه.
4	وَبِٱلْآخِرَةِ	وَبِٱلْآخرَةِ		له‌باری وه‌ستان:(ت)به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
5	أُوْلَـٰٓئِكَ	أُوْلَـٰٓئِكَ		له‌هه‌موو قورئان كیسائی درێژكردنه‌وه‌ی نه‌لكاوه (مد المنفصل)به‌چوارجوله ده‌خوێنێته‌وه.
5	هُدىً	هُدِى		له‌باری وه‌ستان:به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
7	أَبْصَـٰرِهِمْ	أَبْصَـٰرِهِمْ	أَبْصِـرِهِمْ	دووری: به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
7	غِشَـٰوَةٌ	غشَـوَة		له‌باری وه‌ستان:ته‌نهابه‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
11	قِيلَ	قُيلَ		به‌ئیشمام ده‌خوێنێته‌وه
13	قِيلَ	قُيلَ		به‌ئیشمام ده‌خوێنێته‌وه
15	طُغْيَـٰنِهِمْ	طُغْيَـٰنِهِمْ	طُغْيِـنِهِمْ	دووری: به‌ئیماله ده‌یخوێنێته‌وه
16	ٱلضَّلَـٰلَةَ	ٱلضَّلَـٰلَةِ		له‌وه‌ستان:ته‌نهابه‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
16	بِٱلْهُدَىٰ	بِٱلْهُدِىٰ		به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
19	ءَاذَانِهِم	ءَاذَانِهِم	ءَاذِانِهِم	دووری: به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
19	بِٱلْكَـٰفِرِينَ	بِٱلْكَـٰفِرِينَ	بِٱلْكِـفِرِينَ	دووری: به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
20	وَأَبْصَـٰرِهِمْ	وَأَبْصَـٰرِهِمْ	وَأَبْصِـرِهِمْ	دووری: به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
23	بِسورِه‌تى	بسوره‌تى		له‌وه‌ستان:(ت)بێ ئیماله و به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
24	وَٱلْحِجَارَةُ	وَٱلْحِجَارَةِ		له‌وه‌ستان:(ت)بێ ئیماله و به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
24	لِلْكَـٰفِرِينَ	لِلْكَـٰفِرِينَ	لِلْكِـفِرِينَ	دووری: به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه
25	ثَمَرَةٍ ؛ مُطَهَّرَةٌ	ثَمَرَةِ ؛ مُطَهَّرَةِ		له‌وه‌ستان:(ت)بێ ئیماله و به‌ئیماله ده‌خوێنێته‌وه

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی کوفی	خوێندنەوەی کیسائی: گێڕانەوەی ئەبولحارث	خوێندنەوەی کیسائی: گێڕانەوەی دووری	ڕوونکردنەوە
26	بَعُوضَةً	بَعُوضَةِ	بَعُوضَةِ	لەوەستان:(ت)بێ ئیمالە و بەئیمالە دەخوێنێتەوە
28	فَأَحْيَٰكُمْ	فَأَحْيِكُمْ	فَأَحْيِكُمْ	بەئیمالە دەخوێنێتەوە
29	ٱسْتَوَىٰٓ ؛ فَسَوَّىٰهُنَّ	ٱسْتَوِىٰ ؛ فَسَوِّىٰهُنَّ	ٱسْتَوِىٰ ؛ فَسَوِّىٰهُنَّ	بەئیمالە دەخوێنێتەوە
29	وَهُوَ	وَهْوَ	وَهْوَ	زەنەدارکردنی پیتی(هـ)
30	لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ؛ خَلِيفَةً	لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ؛ خَلِيفَةِ	لِلْمَلَٰٓئِكَةِ ؛ خَلِيفَةِ	لەوەستان:تەنهابەئیمالە دەخوێنێتەوە
31	الْمَلَٰٓئِكَةِ	الْمَلَٰٓئِكَةِ	الْمَلَٰٓئِكَةِ	لەوەستان:تەنهابەئیمالە دەخوێنێتەوە
34	لِلْمَلَٰٓئِكَةِ	لِلْمَلَٰٓئِكَةِ	لِلْمَلَٰٓئِكَةِ	لەوەستان:تەنهابەئیمالە دەخوێنێتەوە
34	أَبَىٰ	أَبِى	أَبِى	کیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
34	ٱلْكَٰفِرِينَ	ٱلْكَٰفِرِينَ	ٱلْكِٰفِرِينَ	دووری: بەئیمالە دەخوێنێتەوە
35	ٱلْجَنَّةَ	ٱلْجَنَّةِ	ٱلْجَنَّةِ	لەوەستان:تەنها(ت)بەئیمالەدەخوێنێتەوە
35	ٱلشَّجَرَةَ	ٱلشَّجَرَةِ	ٱلشَّجَرَةِ	لەوەستان:تەنها(ت) بەئیمالە دەخوێنێتەوە
37	فَتَلَقَّىٰٓ	فَتَلَقِّى	فَتَلَقِّى	کیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
38	هُدىً	هُدِى	هُدِى	لەوەستان: کیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
38	هُدَايَ	هُدَايَ	هُدِايَ	دووری: بەئیمالە دەخوێنێتەوە
39	ٱلنَّارِ	ٱلنَّارِ	ٱلنِّارِ	دووری: بەئیمالە دەخوێنێتەوە
45	لَكَبِيرَةٌ	لَكَبِيرَةِ	لَكَبِيرَةِ	لەوەستان:تەنهابەئیمالە(ت)دەخوێنێتەوە
48	شَفَٰعَةٌ	شَفَٰعَةِ	شَفَٰعَةِ	لەوەستان:تەنهابەئیمالە(ت)دەخوێنێتەوە
51	مُوسَىٰٓ	مُوسِىٰ	مُوسِىٰ	کیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
51	لَيْلَةً	لَيْلَةِ	لَيْلَةِ	لەوەستان:تەنها(ت)بەئیمالە دەخوێنێتەوە
51	ٱتَّخَذْتُمُ	ٱتَّخَذتُّمُ	ٱتَّخَذتُّمُ	بەتێکهەڵکێشانی پیتی(ذ)لە(ت)دەخوێنێتەوە
53	مُوسَى ٱلْكِتَابَ	مُوسِى ٱلْكِتَٰبَ	مُوسِى ٱلْكِتَٰبَ	لەوەستان: کیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
54	مُوسَىٰ	مُوسِىٰ	مُوسِىٰ	کیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
54	بَارِئِكُمْ (هەردووکیان)	بَارِئِكُمْ (هەردووکیان)	بِارِئِكُمْ (هەردووکیان)	دووری: بەئیمالە دەخوێنێتەوە
55	يَٰمُوسَىٰ	يَٰمُوسِىٰ	يَٰمُوسِىٰ	کیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە

ژمارەی ئایەت	گێڕانەوەی حەفص لە عاصمی كوفی	خوێندنەوەی كیسائی: گێڕانەوەی ئەبولحارث	خوێندنەوەی كیسائی: گێڕانەوەی دووری	ڕوونكردنەوە
55	نَرَى ٱللَّهَ	نَرِى ٱللَّهَ		لەوەستان: كیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
55	جَهْرَةً ؛ ٱلصَّـٰعِقَةُ	جهرَة ؛ ٱلصَّـٰعقَة		لەوەستان:بێ ئیمالە و بەئیمالە دەخوێنێتەوە
57	وَٱلسَّلْوَىٰ	وَٱلسَّلْوِىٰ		كیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
58	ٱلْقَرْيَةَ	ٱلْقَرْيَة		لەوەستان:تەنها(ت)بەئیمالە دەخوێنێتەوە
58	حِطَّةٌ	حطَّة		لەوەستان:تەنها(ت)بەئیمالە دەخوێنێتەوە
58	خَطَـٰيَـٰكُمْ	خَطَـٰيِكُمْ		كیسائی بەئیمالە ئەلیف دوای (ی)دەخوێنێتەوە
59	قِيلَ	قُيلَ		بەئیشمام دەخوێنێتەوە
60	ٱسْتَسْقَىٰ ؛ مُوسَىٰ	ٱسْتَسْقِىٰ ؛ مُوسِىٰ		كیسائی بەئیمالە دەخوێنێتەوە
60	بعصاك	بعصاك		بەئیمالە ناخوێنێتەوە چونكەبنچینەكەی واویە
60	ٱثْنَتَا عَشْرَةَ	ٱثْنَتَا عَشْرَة		لەوەستان:(ت)بێ ئیمالە و بەئیمالە دەخوێنێتەوە
